# کوردو دەوڵەت

هەواڵنامەی کتێب




ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی ٢٠٢٠

بەڕێوەبەری دەزگا: سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید

**ناوی کتێب: کوردو دەوڵەت**

**ناوی نووسەر: بەرزان ئەحمەد کوردە**

**دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد**

**دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی**

**تایپ: بەختیار مستەفا**

**زنجیرە: (     )**

**نۆبەی چاپ: ٢٠٢٠**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**نرخ:        دینار**

**چاپ: چاپخانەی تاران**

**لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەسپاردنی (٢٢١٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ پێ دراوە**



Tel: 0533202936 07701549509

email: jamalerfan99@gmail.com

jamal erfan cultural foundation

www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، بەرامبەر ماکسی مۆڵ



مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، هیچ کەسێک مافی لەبەرگرتنەوەی نییە، جا گەر بە شێوەی ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، یان هەر شێوازێکی تر بێت.

# کوردو دەوڵەت

بەرزان ئەحمەد کوردە

٢٠٢٠

هەواڵنامەی کتێب

هوالنامه کتیب

# پێڕست


پێشەکی........................................................................................ ٧
بەشی یەکەم: ئاماژەیەک بە مێژووی کورد.................................... ١١
باسی یەکەم:..................................................................................... ١٣
باسی دووەم: نەتەوە......................................................................... ٢١
باسی سێیەم:چەمکو بنەماکانی................................................... ٢٧
بەشی دووەم: کوردو ئەزموونی دەوڵەتداریی........................... ٣٩
باسی یەکەم:.................................................................................... ٤١
باسی دووەم: کوردستان و رەگەزەکانی دروستبوونی................... ٤٥
یەکەم: گەلی کورد.............................................................................٤٥
دووەم: هەرێمی کوردستان................................................................٤٩
سێیەم: سنووری کوردستان.................................................................٥٣
چوارەم: گرنگی کوردستان.................................................................٦٠
باسی سێیەم: کوردو ئەزموونی دەسەڵاتداریی.......................................٦٣
رووپەڕی یەکەم...................................................................................٦٧
رووپەڕی دووەم..................................................................................٦٧
بەشی سێیەم: هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی...................... ٧١
یەکەم: هۆکاری ئایدیۆلۆژی و کولتووری و.........................................٧٣
دووەم: هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و..........................................٨٢
سێیەم: ململانێی ناوخۆ.........................................................................٩٣
چوارەم: سەرکردایەتی کردن..............................................................١٠١
پێنجەم: ناپاکی (خیانەت)..................................................................١٠٥
باسی دووەم: هۆکارە بابەتییەکان........................................................ ١١٧
یەکەم: هەڵکەوتەی جوگرافیای سروشتی کوردستان.............................١١٧
سنووری کوردستان...............................................................................١١٨
جوگرافیاو هەلومەرجی مێژوویی..........................................................١٢٢

قۆناغی یەکەم: شەڕی چاڵدێران........................................................ ١٣٥
هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەی چاڵدێران................................... ١٣٩
ڕووداني شەڕەکە............................................................................... ١٤٠
قۆناغی دووەم...................................................................................... ١٤٦
قۆناغی سێیەم...................................................................................... ١٤٧
ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ................................................................ ١٤٨
پەیمانی سیڤەر ................................................................................... ١٥٠
پەیمانی لۆزان ................................................................................... ١٥٦
قۆناغی چوارەم.................................................................................... ١٦٣
قۆناغی پێنجەم.................................................................................... ١٦٣
قۆناغی شەشەم.................................................................................... ١٦٤
باسی سێیەم: کاریگەری دەوڵەتان................................................... ١٦٥
یەکەم: تورکیا...................................................................................... ١٦٥
دووەم: ئێران: .................................................................................... ١٧٣
سێیەم: بریتانیا..................................................................................... ١٧٧
چوارەم: روسیا...................................................................................... ١٩٠
پێنجەم: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا............................................. ٢٠٣
هەندێک ڕووداوی گرنگی مێژوویی.................................................... ٢١٥
ئەنجام ................................................................................................. ٢٣١
فەرهەنگۆک........................................................................................ .٢٣٣
سەرچاوەکان........................................................................................ ٢٣٥
هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێین بابەتی سەرەکی فەلسەفەی ئەفلاتون‌و هیگڵ کە دوو فەیلەسوفی بەناوبانگن، بریتییە لە فەلسەفەی دەوڵەت، هیگڵ پایەی دەوڵەتی گەیاندە باڵاترین ئاستی کۆمەڵگە مرۆییەکان‌و بە(ڕۆحی ڕەها)ی کۆمەڵگە ناوی برد. بوونی دەوڵەتی بەمەرجی چوونە ناو مێژووەوە دانا. واتە ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان هەیە لە ناو مێژوودان، بەڵام ئەوانەی نەیانتوانیوە دەوڵەت دروستبکەن، ئەوا لەدەرەوەی مێژوون. پێدەچێت ئەم بۆچوونەی هیگڵ لەو ڕۆڵە گەورەیەی دەوڵەتەوە سەرچاوەی گرتبێت، کەلە ژیان‌و مێژووی میللەتاندا دەیگێڕێت. ئەگەر لەم ڕوانگەوە بڕوانینە (کوردو مێژوو)، ئایا: دەتوانین بڵێین کورد لەبەر ئەوەی هێشتا نەگەیشتووە بەدروستکردنی دەوڵەتی خۆی، کەواتە لە دەرەوەی مێژووە؟ ئایا: تا چەند بڕیارێکی لەو شێوەیە بۆ نەتەوەیەکی زیاتر لە (چل) ملیۆن کەسی‌و دێرین لە نیشتمانەکەیداو خەباتێکی چەند سەدەیی بۆ سەربەخۆیی‌و ئازادی‌و قوربانیدانێکی بێشومار لەو پێناوەدا ڕەوایە؟ ئێمە لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیەمان بۆ پرس‌و هۆکارەکانی درووستنەبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی تەرخانکردووە، چونکە (هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی) یەکێکە لەو پرسیارانەی کەمێشکی هەموو تاکێکی دڵسۆزو خەمخۆری ئەم نەتەوەیەی داگیرکردووە. بۆیە بە پێویستمانزانی پرسێکی گرنگی لەو شێوەیە لەم توێژینەوەیەدا تاووتوێ بکەین.

ئەم توێژینەوەی ئێمە هەوڵدەدات لەو پرسیارەوە دەستپێبکات بۆچی کورد بەدرێژایی مێژوو نەیتوانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، ئایا: تاکی کوردی خەمی دروستکردنی دەوڵەتی نەبوو– یاخود کۆمەڵگەکەمان ژێرخانێکی ئابووری پتەوی نەبووە– یان بونیادی کۆمەڵایەتیمان دواکەوتووەو لەو ئاستەدا نەبووە– یان سەرکردەکانمان لەئاستی بەرپرسیارێتیو تێگەیشتنی هاوکێشە سیاسییەکاندا نەبوون؟ ئایا: دەکرێت وەڵامی پرسێکی گەورەی لەو شێوەیە لەناوکۆی لاپەڕەکانی مێژوودا بدۆزینەوە؟ دەکرێت مێژوو پێمان بڵێت بۆچی کوردستان نەبۆتە وڵاتی دانیشتوانەکەی، هەڵبەتە هەوڵدان بۆ دەرخستنی ئەم راستیانەش پێویستی بە هەڵوەستەکردنێکی زۆرە، بۆیە لە ئێستاوە دەتوانین ئەوە بڵێین ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین کە توانیومانە بەتەواوی نهێنی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی ئاشکرا بکەین! بۆیە باسەکانمان خاڵی نین لە کەمو کوڕیو بگرە تەنها توانیومانە کەلێنێکی ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە، دەخوازین هەوڵی بەبەهاتر لەمەی ئێمە لەلایەن توێژەرانی بواری مێژووەوە بدرێت، تا بگەینە راستییە مێژووییەکان، هەرچەندە لەگەڵ وردبوونەوەو خوێندنەوەی توێژینەوەکە، خوێنەر دەگاتە ئەو راستییەی هەوڵمانداوە بەسەر زۆربەی رووداو و زەمەنەکاندا گوزەر بکەینو شیکاری بابەتییو روونکردنەوەی هەتا ئەندازەیەك تەواومان لەسەر باسەکان تیادا

خستۆته روو.

بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی کە باسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، هەمیشە بیرۆکەیەك بووە هزری هەموو تاکێکی کوردی داگیرکردوە، خاکی کوردستان کەبەلانکەی مرۆڤایەتی ناسراوە، ئەو خاکەی لەزۆربەی رووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا رۆڵی سەرەکی هەبووە. گوندی چەرمۆو سەرگوزشتەی سوتاندنی ئیبراهیم پێغەمبەرو لەنگەرگرتنی کەشتی نوحو....هتد، سەرەڕای ئەوەی کورد لە جەنگەکانیشدا هەمیشە بۆتە کاراکتەر، بگرە زۆر جار بۆتە دەستکەوتێکی بەبەهای جەنگو سەرەنجام دابەشکراوە بەسەر براوەکاندا، لەجەنگی چاڵدێراندا لە نێوان فارسە سەفەویەکانو تورکەکاندا کوردستان بووە قوربانی کۆتایی جەنگو هەریەکەیان بۆ رازیبونی ئەوی دیان پارچەیەکی کوردستانی دەبەخشییە ئەوی دی، لە کۆنگرەی شومی لۆزانیشدا کوردستان هەوێنی ئاشتەوایی گشت لایەنەکان بوو، ئەو کوردستانەی بە کەرت کەرت کردنی خاکەکەی لەنێوان دۆڕاو و براوەو زەوتکەراندا، ئیدی ئاگری جەنگی لە ناوچەکەدا خامۆش کرد.

بۆیە دەبێت هەر تاکێکی کورد کە پرسیار دەکات بۆچی نەبووینەتە خاوەن کوردستانێکی سەربەخۆ؟ دەبێت ژیرانەش هەوڵبدات لە شکۆو نسکۆی مێژووی گەلەکەی بەئاگابێت، ئەوانەی مێژوو دەنووسنەوە، لەهەمووان زیاترو زوتر دەگەنە ئەو

دەرەنجامەی بەر لە هەموو کەس ئەوە خۆمانین بەرامبەر بە خۆمان تاوانبارین، چونکە نە خۆمان توانیومانە مێژوویی نەتەوەکەمان بنووسینەوە، نە ڕێگەشمان گرتووە لەوەی کە نەیارەکانمان بیشێوێنن، لە ئێستاشدا نەوەی نوێ نەمێژوو دەخوێننەوەو نە پەند لەهەڵەکانیشی وەردەگرن، لەهەر کاتێکیشدا پێویستمان بە مێژووی خۆمان بوبێت، ئەوساتە گوتومانە: ئێمە لەرووی مێژوویی نەتەوایەتیمانەوە زۆر لاوازین.

بەگشتی، ئەم توێژینەوەی ئێمە هەوڵدەدات هێندێك پرسیار بوروژێنن، کە ئاوەزی کوردستان نشینەکانی گرتووە، ئێمە هەوڵمانداوە لەوە بدوێین کە فاکتەری بنەڕەتیو لاوەکی چی بوون کە ئێمەش وەك دەوڵەتانی کۆسۆڤۆو سودانی باشوورو ئەوانی تریش تا هەنوکە نەمانتوانیوە بەئازادانەو بێ سڵەمینەوە بڵێین ئێمە کوردینو کوردستانین.

لەکۆتاییدا ئەوەماوە بڵێین: لەچاپی دووەمی ئەم کتێبەی بەردەستی بەڕێزت، کەمێ دەستکاری و بابەتی بۆ زیادکراوە. بەئومێدی ئەوەی توانیبێتمان خزمەت بەبواری ڕۆشنبیری و مێژووی گەلەکەمان کردبێت.

هەولاتی ... کتێب

# بەشی یەکەم:

# ئامازەیەك بە مێژووی کورد

هەواڵنامەی کتێب

هوالنامه‌ی کیتُب

# باسی یەکەم

شوناسی کورد وەك نەتەوەیەكی دێرین، بەشێك- یان ئەندامێكی دیارە لەخێزانی مێژووی مرۆڤایەتی.

لەناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زاین، بەشەكانی خۆرئاوای كیشوەری ئاسیا سەرەتای هاتنی شەپۆلی مرۆیی تێدا دەركەوت، كەلەدەشتەكانی ناوەوەی ئاسیاوە هاتبوون. ئەم گەلانە بەناوی جیاجیا ناسراون، وەك: هیندو ئەورووپی- یان هیندو ئاری- یان ئاریو ئێرانی، بەڵام ڕایەكی دیكە هەیە ئەو نەتەوانە بەقەفقازی دادەنێن و دەڵێن یەكەمجار لەدەوری گۆلاوی ورمێ جێگیربوون و ئینجا لەوێوە بڵاوبوونەوە. دەركەوتنی ئەو خێڵانەش مادو فارسن.[1]

هەندێك مێژوونووس پێیانوایە مێژووی گەلی كورد لەقەوقازو گۆمی ئورمێ دەگەڕێتەوە بۆئەو ڕۆژگارەی كەهەرلەقۆناغی یەكەمی پەیدابوونی خێڵ لەسەر شانۆی مێژووی مرۆڤایەتی بووە. واتا: ئەوانەی بنەچەی كوردن و لەهەزارەی سێیەمی پێش زاین بەناوەكانی لۆلۆییو گوتیو كوردۆك، لەوێدا ژیاون. دواتر ئەم هۆزانە كۆچیانكردووەو هاتوون لەنێوان ڕووبارەكانی دیجلەو فوراتو

---

١- چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی دێرینی ئاری نەژادو پاشماوەی شوێنەوارەكانیانو ئاینزایان لەكوردستاندا. بەرگی دووەم. نووسینی كۆمەلێك نووسەر. وەرگێڕانی: كەمال نوری مەعروف. خانەی موكریانی بۆچاپو بڵاوكردنەوە. چاپی یەكەم، ساڵی ٢٠١١ لاپەڕە (٥٧)

چیای زاگرۆسدا نیشتەجێبوون، ئەوخاکەی کەکۆنترین شارستانیەتی دنیـــای تێـــدا هـــەبووە. لەکوردســـتانی ســـوریاش شـــوێنەواری شارسـتانیەت دۆزراوەتـەوە کەمێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ هەشـت هـەزار سـاڵ لەمەوبـەرو (٦٠٠) سـاڵی خایانـدووە. هـەروەها کـورد خاوەنی ئەو شارستانیەتە بـووە کەبـەناوی گودیەکانەوەیـەو (٤٠٠٠) هەزار ساڵ پێش زاین بووەو هـەزار سـاڵی خایانـدووە. ئێمـە لێـرەدا باس لەداستانو ئەفسانە ناکەین، بەڵکو بـاس لـەو مێـژووە دەکـەین کەکـەمتر گرنگـی پێـدراوە- یـان پشـتگوێ خـراوە. پاشمـاوەو دەرهاویشـــتەی ئـــەو مێژووانـــە مادەکـــانو بـــاوەڕی مەزهـــەبیو ئەفسانەناسیو هێزمان دەخەنە بەرچاو، تەنانەت تائێستاش هەندێك ناو و شوێنو ناوی خێڵەکانی کورد- هـەمان نـاوی ئـەو ڕۆژگارەیـان هەڵگرتووە. هەروەها لـەخاکی ئێسـتای ئێرانـدا یەکـەمجار مادەکـان حکومـــەتیان دامەزرانـــدووە- واتـــا پـــێش فارســـەکان. بـــەکورتی کوردەکـان مێژووەکـەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ هەشـت هـەزار سـاڵو لـەڕێڕەوی مێـژووی مرۆڤایەتیـدا کـۆنترینو تائێسـتاش ماونـەوە، هەرچـەندە هـیچ نەتەوەیـەکی دیکـە لەمێـژوودا ئەوەنـدەی کـورد لەشکرکێشـیو داگیرکـاریو کوشـتو بـڕو دەربـەدەریان بەسـەردا نـــەهاتووە، ئەمـــەش هۆکـــاربووە بۆئـــەوەی کـــورد نـــەتوانێت یـەکگرتووبێت و بەرەوپێشچـوونی ئـابووری سیاسـیو کۆمەڵایـەتی بەخۆیەوە بگرێت.

هەنـدێك مێـژوونووس پێیانوایـە مەملەکـەتی کـوردی بـەناوی (کوردۆخ) کەلەلایـەن ئیمپراتۆریـەتی ڕۆمیـەوە لەسـاڵی (٦٦) پـێش زایـین، داگیرکـراوە، یەکـەم قـەوارەی دەوڵـەتی کـوردی بـووە. ئـەو مەملەکەتە بۆماوەی (٩٠) ساڵ سەربەخۆ بووە. چەند مێژوونووسـی دیکە وای بۆدەچـن: یەکـەم دەوڵـەتی کـوردی لەسـاڵی (٩٥) زایـین، لەسەروی ئازەربایجانو خۆرئـاوای قـەوقاز دامـەزراوە. مێژوونووسـی گەورەی یۆنانی (هیرودۆتس) دەڵێت: هەرێمی سێزدەی ئیپراتۆریەتی ئەرخەمینی فارسی ناوچەیەك بووە بـەناوی بـاتیوکی (واتـا: بۆتـانی ئەمڕۆ) لەسەروی ئـەو ناوچـەیەوە وڵاتـی کـادرۆس ـ یـان کـاردۆفوی بووە (کاردۆخی)

بەڵام بەپێی بۆچوونی (د. ژیار) کەلەکتێبەکەیدا لەژێر ناونیشانی (شۆڕشـێك لەپێکـەوە ژیـان) بڵاویکردۆتـەوە. دەڵێـت: لەسـاڵی (١٥٩٩)ی پـێش زایـین، دوو خێڵـی گـەورەی سـەرەکی ئـاری نـەژاد لـەڕووباری فولگـای سـەرووی دەریـای قـەزوین پەڕیونـەوەو لەسـەر خاکی ئێستای ئێران نیشتەجێبوون. ئـەو دوو هـۆزەش فارسـەکانو میدیـەکان بـوون. لـەڕووی زانسـتی ئەنسـروپۆلیژییش کوردەکـان لەڕەچەڵەکی ئارامییەکانن.

بەدڵنیاییەوە کورد لەهەموو نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی میانە زیاتر- بەبارتـەقای فارسـەکان بەشـداریان لەشارسـتانیەتی مرۆڤایەتیـدا کردووە. بۆنموونە: لەتەوڕاتدا لەتۆماری پەرتوکی (دروستبوون) (٨:

٣– ١٥) ئاماژە بەوەدەكات تۆفانی نوح نیشتەوە، كەشتی نوح لەسەر چیای ئارارات لەنگەری گرت. قورئانی پیرۆزیش لەئایەتی (٤٤) سورەتی هوددا دەڵێت (وعیچ الماو وقچی الٲمر واستوت علی الجودی)[1]

هەر سەبارەت بەرەچەڵەكی كورد، هنری فیلد: پێیوایە كوردەكان كۆمەڵێك نەتەوەی ئەتنیكین‌و پێكهاتوون لە: ئەرمەنی‌و بلّقانی‌و هەندێك لەدانیشتوانی كۆنی سەردەریای سپی ناوەڕاست‌و ئەنادۆڵ و نیشتەجێبوانی چیای ئەلّب، ئەمانە لەیەك بنەچەی بێگەردی رەسەنەوە نەهاتوون. ئەمە بۆچوونەو مەرج نییە بنەمایەكی دروستی هەبێت، دەشێ تەنها ئەندێشەو بۆچوونی كەسی بێت.

مارك سایكس: لەكتێبەكەی خۆیدا لەژێر ناونیشانی (ئەرمێنیا) دەڵێت: فارسەكانی ئێستاو كوردو ئەرمەن‌و تەنانەت هەندێك ئازەریش پاشماوەی ئەو گەلە كۆنانەی مەملەكەتە دێرینەكانن. دیارە ڕاو بۆچوونی ئەوكەسانەی لێكۆڵینەوە لەمێژووی هەر نەتەوەیەك دەكەن، ناكۆكی و دژە بۆچوونیان هەیەو تەنها بە بەدواداچوون و توێژینەوەی زانستیانە راستییەكان ساغدەبنەوە. بۆنموونە: چەندین بۆچوون لەسەر بنەچەی ئینگلیزەكان هەیە، لەمانەش: هەندێك مێژوونووس پێیانوایە ساكسۆنیین. هەندێكی دیكە دەڵێن: نۆرمانین– یان بەئەسڵ هیندین و...هتد.

---

١ – الجودی: واتا: گودی.

مینۆرسـکی، دەڵێـت: کوردەکـان هاوشـێوەی فارسـەکان لەڕەچـەڵەکی هنـدو ئـەورووپین و لەسـەدەی حەڤـدەی پـێش زایـین کۆچیانکردووە بۆ دەوروبەری دەریاچەی ورمـێ. بـەڵام مێـژوونووس (ب. لـیرخ) پێیوایـە: کوردەکـان لەهـەزارەی سـێیەمی پـێش زایـن هاتونەتە پێدەشتەکانی هەردووك ڕووباری دیجلەو فوراتو ئەو خێڵـە سـامیانەی لـەو ناوچـەیە نیشـتەجێبوون کەوتونەتـە ژێـر ڕکێـفو دەسەڵاتداریەتیان. (لەسەردەمی بابلیەکاندا) بـەڵام (فـۆن لۆسـتان) دەڵێت: کوردە سەرەتاییەکان ڕەنگیان سورو سپی بووەو لەسـەروی ئەورووپاوە چوون بۆ ئاسیای ناوەڕاست. ئەگەری ئـەوە هەیـە ئەوانـە زمـانی کوردیـان نـەبوبێتو بـەهۆی تێکـەڵاوبوونیان لەگـەڵ گـەلانی ئێرانیـدا فێـری ئـەو زمانـە بـووبن، چـونکە ئەمانـە کەوتوونەتـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی ئەوانـەوە. ئێمـە لێـرەدا دەمانـەوێت لـەڕێگای توێژینـەوەو بەدواداچـوون بـەڕای مێژوونووسـان، زیـاتر بەرچـاومان روونبێت و بگەینە ئەو بەرئەنجامەی– یان ئەو سەرەداوەی کە زیاتر جێگای متمانە پێکردن بێت.

(ئـای. ئـام. ئارانسـکی) زمانناسـی ڕووسـی، لەکتێبەکـەی بەناونیشانی: ڕێسای زمانەکانی ئێرانی، نووسیویەتی: ئەرمەنییەکان بەکوردەکانیان گوتووە کردۆڵ، سریانیەکانیش پێیـانگوتوون قـردۆ. لەنووسراوەکانی (توکۆلتی نینورا) پاشای ئاشووریەکان زۆرجار ناوی ئەو نەتەوەیە (کورد) بـەگوتی هـاتووە– هەنـدێك جـاریش بـەکورتی هاتووە.

مێژوونووسی یۆنانی زینفۆن (٤٢٧– ٣٥٥)پ.ز. لەنووسینەکانیدا ناوی گەلی کـاردوخی بـەئازاو دلێـر بـردووە، ئەوانـە لەسـاڵی (٤٠٠)ی

پێش زایین هێرشیان کردۆتەسەر سوپای یۆنانی. ئەو ناوچەیەش دەکەوێتە خوارووی دەریاچەی وانی خۆرهەڵاتی تورکیا.

بەڵام لەکتێبی چیرۆکی پێغەمبەراندا نووسراوە: کوردەکان بەرەچەڵەك ئارینو ئاریەکانیش کوڕی پێغەمبەر نوحن (س– خ)

مادەکان لەساڵی (٧٠١) پ. ز. دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دروستکردووەو پانتایی دەسەڵاتداریێتیان لەخۆر هەڵاتی هەمەدانەوە بۆ قریلو ئیرقی سەردەریای قەزوینو لەخوارویشەوە گەیشتۆتە سەر کەنداوی عەرەبی، بەڵام لەساڵی (٥٥٠)ی پ– ز. شا کۆرشی فارس ئەو دەوڵەتەی لەناوبردووەو خستویەتیە ژێر ڕکێفی خۆی.[١]

دامەزرێنەری دەوڵەتی میدیەکان کەسێکبووە بەناوی (daika– دیاکۆ) کەهەمان ئەو پاشایەیە کەمێژوو نووسی گریکی (هیرودۆتس) بە (دیوکس– dioces) ناوی بردووە.[٢]

چەندەها سەرچاوە سەبارەت بەگەلی کورد هەن، سەدان ڕاو بۆچوون لەسەر بنەچەی کورد هەن، ئێمە نامانەوێت زیادەڕەوی بکەین و ڕەچەڵەکی خۆمان بەباشترین و نایابترین نەتەوە نیشانبدەین، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە ئێمە نەتەوەیەکین

---

١ ـ الأكراد– تاريخ شعب و قضية وطن. تأليف: احمد تاج الدين. الناشر: الدار الثقافية للنشر قاهرة. الطبعة الأولى٢٠٠١ ص٢٤

٢ ـ مقدمة فى تأريخ الحضارات القديمة. تأليف: طه باقر. بغداد مطبعة الحوادث. الطبعة الأولى ١٩٧٣ص٤٧٢

مێــژوو و شارســـتانیەتەکەمان ئەوەنــدە دێرینـــە رەگ و ریشـــەی لەقوولآیی مێژووی مۆرڤایەتیدایە.

هــەروەها زانــای روســی (کونیــك). بــە پشتبەســتن بەبەڵگــە مێژوویــیەکان ئــەوەی ســەلماندووە پەیوەنــدی پتــەو لــەنێوان ئــەو نەتــەوە کۆنــە شارســـتانیانەدا هـــەبووە کەلــە ئاســیای کۆنــدا نیشتەجێبوون– لەگەڵ گەلی کوردا، بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەش پشتی بەبوونی پەیوەندی لەنێوان زمانی کوردیو ئێرانی بەستووە، دواجار گەیشــتۆتە ئــەو ســەرئەنجامەی هــەموو ئــەو نەتەوانــەی لەئاســیای بچوکدا نیشتەجێبوون، لەبنەڕەتو ڕەچەڵەکیانەوە کوردبوون.) [1]

چەندین راو بۆچوون هەیە دەربــارەی مێــژوویی کــورد، تەنانــەت هەندێك مێژوونووس پێیانوایە بنەچەی کــورد لەئاشــووریو کلــدانیو ئەرمـــەنیو جۆرجیەکانـــەوە نـــەهاتوون، بـــەڵکو لەئەفغانســـتانو ئێرانەوەیە.

ئەگەر کەسێك بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەمێژووی ئــەو نەتەوەیــە بکۆڵێتەوە، ئەوکاتە دەزانێت چەند مێژوو و کلتورەکەی ڕووبــەڕووی ســاختەکردنو بــەتاڵانبردن بــراوە، بــۆ تێگەیشــتن لەمێــژووی کــورد پێویســـتە چـــاو بەمێـــژووی هـــەموو خۆرهـــەڵاتی ناوەڕاســـتدا بخشـــــێندرێتەوە– هەرلەســــــەردەمی گریکـــــیو ڕۆمـــــانیو

---

١ ـ تـاريخ الأكـراد (٦٣٧– ٢٠١٥ م) تـأليف: د. محمـد سـهيل طقـوش. الناشـر: دار النفائس للطباعة والنشر والتوزيع– الطبعة الأولى. بيروت، لبنان٢٠١٥ص٢١

ئاشووریو...هتد، هەتا دەگاتە مێژووی هاوچەرخ. پێویستە ئەوکەسەی لەمێژووی کورد دەکۆڵێتەوە ئاگاداربێتو خۆی لەو نووسینە مێژووییانە بپارێزێت کە کەسانی شۆڤێنیو بێئاگا لەمێژووی کورد نووسیویانەتەوە– یان ئەوکەسانەی بەمەبەست مێژووی کوردیان شێواندووە، هەروەها ئاگاداری ئەو مێژووەش بێت کەکەسانی کورد بەشێوەی دەمارگیری نەتەوەیی نووسیویانە. دەمانەوێت بڵێین: نووسینی مێژوویی دەبێ پشت بەواقیعی بەڵگەدارو لێکدانەوەی وردو بنەمای زانستی و ویژدانی دادپەروەری ببەستێت. بەڵێ مێژووی گەلی کورد هاوکات مێژووی مەسەلەی کوردیشە. مەبەست لەم گوتەیە ئەوەیە هەرکاتێك هەڵگیرسانی شۆڕشێکی کوردی سەریهەڵداوە، دۆزی کوردو مێژووی کوردیش هاوتای بووە. بۆیەش هەر لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد هەمیشە پەیوەندیدارە بەمێژووی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، نابێ ئەوەشمان بیر بچێت مێژووی کورد بەشێکی گرنگی مێژووی خۆرئاوای ئاسیاو ئاسیای ناوەڕاستیشە.

مێژووی (٣٠٠٠) هەزار ساڵەی کورد نیشاندەری ئەو ڕاستیانەن کەلە لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا بەهەمە جۆری نووسراونەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێستاش زۆر لایەنی گرنگی بەشاراوەو نادیار ماوەنەوەو پێویستە بەشێوەی ئەکادیمیانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێتو بەدیکۆمێنت بکرێن.

# باسی دووەم

## نـــەتـــەوە

بیرۆکـــەی دەوڵـــەتی نەتـــەوەیی تائێســـتاش پەیوەندیـــدارە بەســـەرهەڵدانی سیســـتمی هاوچـــەرخی دەوڵـــەتانو زۆرجـــار پێـــی دەگوترێت سیستمی (وستفالی) لەڕاستیدا ئەمە دەوڵـەتی نەتـەوەیی دروسـت نـەکردن، بـەڵکو رەوتـی دەوڵـەتی قـەومی هاوتـابوو- یـان تـەبابوو لەگـەڵ پێودانگـەکانی. ئـەدگاری سـەرهەڵدانی دەوڵـەتی نەتەوەیی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بـۆ سـەدەی چـواردە، بـەجۆرێك پاشاکانی فەرەنساو ئیسپانیا توانیان کەنیسەو فیودیاڵـەکان بخەنـە ژێر دەسەڵاتدارێتی خۆیـان. پاشـاکان رۆڵێکـی سـەرەکیان گێـڕا بـۆ دیارکـەوتنی دەوڵـەتی نەتـەوەیی. بـوونی ئـەم دەوڵەتانـەی ئـەمڕۆ بەئەزموونی مێژوویی دوورو درێژدا تێپەڕیون، واتا لەڕووی فکریەوە. بۆنموونـە: فەیلەسـوفەکانی وەك: ئیمـانویل کانـت، فیختـە، هـیگڵ: لەبرۆکەکانیانـدا ڕوو بـەڕووی ئـەو بۆچـوونانە بوونـەوە کـەدژی عەقلگـەرایی بـوون. ئـەم بیرۆکانـەش بوونـە بناغـە بـۆ ڕۆژگـاری ڕێنیسـانسو گـۆڕانی ئـەورووپا بـۆ بـاوەڕبوون بەچـەمکەکانی وەك: سـەروەری، ئـازادی، دیمـوکراتی، ئـازادی تاکەکـەسو...تاد، دەوڵـەتیش وەك دیاردەیـەکی ڕەوڕەوەی مێـژوویی بووەهـۆی بەرەوپێشچوونی سـەرمایەداری. هـەروەها بـەهۆی کاریگـەری بڕیار

لەناوەنـدی دەسـەڵاتەوە وردەوردە ئـەو ناوەنـدە ئیداریانـە بـوون بەدەوڵەتی هاوچەرخو لەدەرەوەی ئەورووپاش بڵاوبوونەو ئەمـە بـووە ڕەوشێکی باو لەسیستمی سیاسی نێودەوڵەتیدا.

گەشـەکردنی ناسیۆنالیسـتی لـەماوەی سـەدەی نـۆزدەو بیسـتدا وابەستە بەگۆڕانکاریە نێودەوڵەتیەکانـە، لەمانـەش: بـەرفراوانبوونی بازاڕەکانی جیهانی، لەلایەن کۆلۆنیالی ئەورووپیەوە. شـەڕی یەکـەمو دووەمـــی جیهـــانی. ســـەرهەڵدانی بزوتنـــەوەو شۆڕشـــەکانی دژی داگیرکـــارانی ئـــەورووپایی. هـــەروەها بڵاوبوونـــەوەی بنـــەماکانی دیموکراسیو بەرەوپێشچوونی تەکنۆلۆژیا. لێرەدا دەمانەوێت بڵێین: پەیوەندی لەنێوان سیستمی نێودەوڵەتی هاوچـەرخ و ناسـیۆنالیزمدا هەیـە. بـەجۆرێك بـەرفراوانبوونو کاریگـەری ناسـیۆنالیزم بۆتـە فـەرمانڕەوای سیسـتمی نێودەوڵـەتی لـەمڕۆدا. ئـەوەی ڕەوایـەتی بەدەوڵەتان دادەدات ئەوەیـە دەبـێ دەوڵـەتان نوێنـەری نەتەوەکـەی خۆیـانبن، هـەموو نەتەوەیـەك مـافی ئـەوەی هەیـە چارەنووسـی لەدەست خۆیدا بێت، چونکە هەموو نەتەوەیەك تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە.

بەڵام هەتا ئەمڕۆش چەندین دەوڵەت هەن کەمینەی تێدا دەژین و مافەکانیان پێشێل دەکرێن و بەوپەڕی دڕندانـە دەچەوسـێندرێنەوەو ڕێگا نادەن لەدەسەڵاتدا بەشداربن.[١]

---

١– کەمینە بریتیە لـەگروپێك کەلـە دەسـەڵاتدا بەشـدارنین و لـەرووی ژمـارەوە

نەتــەوە کۆمــەڵێك کەســن زمــانو بنەچــەو ئــایینو مێــژوو، کلتورەکـەیان یەکێکـەو تاکەکەسـەکان هەسـتو سـۆزیان بۆیـەکتری هەیــەو یــەکێتی کۆمەڵایــەتی، سیاســی، ئــابووری و مێــژوویی پێکـدەهێنن. واتــا: پەیوەندەیـەکانیان سروشـتیو دیـاریکراوە. [1]

بەپێچەوانەی پەیوەندی نێوان گـەلو دەوڵـەت کەپەیوەندیەکـەیان زیاتر سیاسیو قانونیەو دەوڵـەت بەسـەر تاکەکانیـدا دەسـەپێنێت و داوای پابەنـدبوون بەقانونـەکانیان لێـدەکات. نەتــەوە لـەتێڕوانینی مارکسییەوە بریتییـە لـە: لەکۆمـەڵێك مـرۆڤو مێـژوویێکیان هەیـەو لەسەر ئەم بنەمایـە یـەك زمـانو یـەك هـەرێمو یـەك شـێوازی ژیـانی ئابووریو یەك دابو نەریتو حاڵەتی سایکۆلۆژی لێك نزیکیان هەیە– کەلەفەرهەنگێکی هاوبەشدا بەرجەستە دەبێت.

ماکس ڤیبر پێوایە: مرۆڤ گیرۆدەی تۆڕی ئـەو ماناداریانـە بـووە، کەبۆخۆی چنیونی– فەرهەنگیش ئەو تۆڕەیـە، چـونکە لێکدانـەوەی زانستێکی ئەزموونی نییە هـەتا بـەدوای ڕێسـایەکدا بگـەڕێت، بـەڵکو لێکدانەوەیەکە بەدوای مانادا دەگەڕێت.

---

لەدانیشتوانی ولآت کەمترن، لەهەمان کاتیشدا ئەندامەکانیان سەر بـەو ولآتـەن، تایبەتمەندی و جیاوازی قەومی و مەزهەبی و زمانیان هەیەو خاوەنی هەستێکی هاوبەشن– سەبارەت بەپاراستنی فەرهەنگ و داب و نەریت و مەزهەب و خاوەن زمانێکی خۆیانن.

١ ـ گەل: بـەمانای کۆمـەڵێك نەتـەوەو ئـەتنیك کەلـەژێر سـایەی یـەك دەوڵەتـدا دەژینو فرە ئایینو نەتەوەو مێژوو....هتد، بۆنموونە: عێراقو تورکیـاو ئێـران، چەندین نەتەوەو ئەتنیکیان تێدان.



هەولاتەی کتێب

ئایـا: بزوتنــەوەی نەتــەوەیی تــەنها شـێوازێکە لەشـێوازەکانی وشـیاری نیشـتیمانی؟ مارکسیسـتە کلاسـکییەکان لـەوەدا بەهەڵـەدا چـوبوون کـەپێیانوابوو مەسـەلەی چـینایەتی گـرنگترە لەمێـژوو و جیاوازییــە نیشــتیمانییەکان، پێیــانوابوو بەرژەوەنــدی ئــابووری بــەهێزترین بنەمایــە بــۆ یــەکگرتوویی نەتــەوەیی. مێژوونووســی مارکسیسـتی (هـوبز بـاوم) پێییوایـە: میللـەتو نەتـەوە بەرهـەمی (ئەندازەیی کۆمەڵایەتییە) بەومانایەی ڕێـڕەوی کۆمـەڵگاکان لەسـەر ڕەوشی بەرەوپێشچوونی خۆی نەبووەو ڕاستییەکان لەچوارچێوەی سـەنتراڵیەوە گـۆڕدراون بۆگۆڕانکـاری مێـژوویی. نەتەوەچـیەتی لەبنەڕەتەوە بیروباوەڕێکی فەرهەنگی سیاسییەو پەیوەنـدی پتـەوی لەنێوان دەسەڵاتو فەرهەنگادا هەیـە- بـەو بـاوەڕەی دەبـێ هـەموو فەرهەنگێك دەوڵەتی خۆی هەبێت، بۆئـەوەی خـۆی لەئـەوانی دیکـە بپارێزێت.

کەمینــەکان بەشــێوەیەکی سروشــتی دەگۆڕدرێــت بۆنەتــەوە، لەوێســتگەیەدا شــێوە زاراوەی زمــانی لۆکــاڵی لەبــەکارهێنانی زارەکیەوە دەگۆڕدرێت بۆ نووسین، هەتا ئەو ئاستەی دەگاتە ئەوەی بەرهـەمی ئـەدەبی پـێ بنووسـنەوە. لێـرەوە ئـیرادەی نەتەوەیـەك دەگۆڕدرێـت بـۆ ئایدیۆلۆژیایـەکی گشـتی- یـان بەمانایـەکی دیکـە: مەسەلەی نەتەوەیی دەبێتە ئامانجو ویستی ئەوانەی یەك فەرهەنگو زمانیان هەیە.

هەرلــە ســـەدەی هــەژدەوە کەمەســـەلەی نەتــەوەیی بــەگوڕ سەریهەڵدا، زۆر بیرمەند لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیووە. لەمانـەش: کانت، ڕۆسۆ، فیختـە، مـارکس، ئـەنگلز، هـیگڵ، دۆرکمـایم، مـاکس ڤیبرو...هتــد، ناسیۆنالیســتی بــووە مــاددەیکی ئــەکادیمی بــۆ لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی.

مێژوونووسە ئەوروپیـەکان زۆرینـەیان لـەو بڕوایـەدان مەسـەلەی ناسیۆنالســتی لــەدوای شۆڕشــی فەرەنســییەوە (١٧٨٩) گەشــەی کردووەو کاریگەری زۆریشی کردۆتەسەر ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو بریتانیـا، تەنانەت لەسەدەی نۆزدە گەیشـتە ئـەوەی دەوڵـەت لەسـەر بنـەمای شوناسی نەتەوەیی دابمـەزرێن. یەکـەم کـەس بەشـێوەی ئـەکادیمی باسـی لەمەسـەلەی ناسیۆنالیسـتی کـرد (ئێرنێسـت ڕێنـان) بـوو کـەگوتارێکی بـەناوبانگی لـەزانکۆی سـۆربۆن سـاڵی (١٨٨٢) لـەژێر ناونیشانی (نەتەوە چیە؟) پێشکەشکرد، کورتەی باسـەکەی نـاوبراو دەڵێــت: بناغــەی دروســتبوونی نەتــەوە بریتییــە لــەبوونی یــەك فەرهــەنگو مێـژوو و ئـەو گەلـە دەیـەوێت بەهاوبەشـی یەکێتیـەکی ئابووریو سیاسی دروستبکەن و هاوبەشانە پێکەوە بژین.

ناســیۆنالیزم دیاردەیــەکی مێژوویيــەو لەچوارچــێوەی یــەك ئایـدیۆلۆژیاو تایبەتمەنـدی یـەك نەتەوەیـەو ڕەوشـێکی نێودەوڵـەتی بــەخۆوە گرتــووە. ڕاســتە لــەماوەی ســەدەی بیســتدا ئاراســتەی دروستبوونی دەوڵەتی تازەو دامەزراندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی

وەك: كۆمەڵی نەتەوەكانو نەتەوە یەكگرتووەكانو...هتد، زیاتر گەشەیان كردووەو گرنگی زۆرتری پێدەدراوە، بەڵام مەسەلەی ناسیۆنالستی ئەوەی سەلماند ئەوبۆچوونە هەڵەیە كەپێیوایە پەیوەندی نێوان دەوڵەتانو بوونی دامەزراوەی نێودەوڵەتیو هاوكاری نێوان دەوڵەتان مەسەلەی ناسیۆنالیستی كەم دەكاتەوە، واتا: زاڵبوونی ڕەوشی بەجیهانیبوون بەسەر مەسەلەی نەتەوەچیەتیدا سستر بووە. بەومانایەی سیاسەتی نێوان ئەو دەوڵەتانەی كەكەمینە نەتەوەی تێدا دەژین، ئاراستەی دژەیەكیو ناكۆكی بەخۆیەوە گرتووە. بۆنموونە: سەبارەت بەتەوژمی هەستی نەتەوەییو ناسیۆنالیستی ڕووداوەكانی ساڵانی (١٩٨١– ١٩٩١) نیشاندەری ئەم بۆچوونەمانن كەلەچەندین وڵاتی فرە نەتەوەی كۆمۆنیستی وەك سۆڤیێتو یوكسلافیاو ئەسیوبیاو...هتد، دەوڵەتی قەومی دروستبوونو سەربەخۆییان ڕاگەیاند.

# باسی سێیەم:
## چەمك و بنەماكانی دروستبوونی دەوڵەت

زاراوەی دەوڵـــەت لەوشـــەی (status)ی لاتینیـــەوە هــاتووەو بەواتای دۆخ. (دەوڵەت) ناوەرۆکەکەی حکومەتی دەستوری قـانونی دەگەیەنێت، ڕەوشی سیاسی دەوڵەت پارێزەری حکومەتە.

چـــەند تێڕوانینێکــی جیــاواز ســەبارەت بەڕێچــکەی فکــری و ئایدیۆلۆژی دەوڵەت هەن:

بــەتێڕوانینی لیبراڵــی: دەوڵــەت بریتییــە لەکۆمــەڵێك کــەس کەدانیشـــتوی خـــاکێکی دیـــاریکراون و پـــەیڕەوی سیســـتمێکی کۆمەڵایــەتی و سیاســی و قــانونی دەکــەن– ئەمــەش بــەئامانجی پاراســتنی بەرژەوەنــدی گشــتی و پشتبەســتن بــەو دەســەڵاتەی فەرمانڕەوایەتیان دەکات.

بیرۆکـەی سۆسیالسـتی: دەوڵـەت لـەتێڕوانینی مارکسیسـتیەوە، واتــا: بەرهــەمی ئــەو ململانــێ چینایەتیەیە کەچــینی سەردەســتەی سەرمایەدار دەیەوێت هەژموونی لەسەر چینی ژێر دەستەدا هەبێت– ئەمــەش هۆکــارو ئــامڕازە بۆمانــەوەی دەســەڵاتدارێتی چــینی سەرمایەدارو بەو ڕێگایەش زاڵی خۆیان بەسەر دەوڵەتدا دەهێڵنەوە.

ئەستەمە بتوانین پێناسـەیەکی دیـاریکراو بـۆ چـەمکی دەوڵـەت پێشــکەش بکــەین! چــونکە زاناکــان زیــاتر لــە (١٥٠) پێناســەی

جیاوازیـان بـۆ ئـەو چـەمکە خسـتووەتە ڕوو.[1] ئـەو جیاوازییانـەش دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازیی تێڕوانینەکان لەمەڕ دروستبوونی دەوڵەت.
هەندێك زانای سۆسیۆلۆژی پێیانوایە: دەوڵەت بریتییە لە ڕێکخراوێك کـە بـۆ دەسـەبەرکردنی چـەند ئامـانجێکی دیـاریکراو بـەدیهێنانی بەرژەوەندیی کۆمەڵ تێدەکۆشێت.[2]

هەندێك پێیانوایە دەوڵـەت بریتییـە لـە کۆمـەڵێکی سـەربەخۆ لـە تاکـەکان، کـە بەشـێوەیەکی بـەردەوام لەسـەر خـاکێکی دیـاریکراو دەژینو هەردوو چینی فەرمانڕەواو ژێر دەستەی تێدایە.

هـەروەها (بونـار) پێناسـەی دەوڵـەت دەکـات بـەوەی: دەوڵـەت بریتییـە لـە یەکەیـەکی یاسـایی هەمیشـەیی، بـوونی دەزگایـەکی کۆمەڵایەتی کە مافی ئەنجامدانی دەسەڵاتە یاساییە دیاریکراوەکـانی لە خۆگرتووە، لە ڕووی نەتەوەیەکی نیشتەجێبوو لەسەر هـەرێمێکی دیـاریکراو، دەوڵـەت مـافی دەسـەڵاتی بەسـەریدا هەیـە، لـە ڕێگـای بەکارهێنانی ئەو هێزە مادییەی هەیەتی.

لەسەر بنەمای ئەو پێناسانەی پێشەوە، دەتـوانین بـەم شـێوەیە پێناسـەی دەوڵـەت بکـەین: بریتییـە لـە کۆمـەڵێك مـرۆڤ کەلەسـەر خـاکێکی دیـاریکراوو لـەژێر سیسـتمێکی قـانونی و رامیاریـدا ژیـان

١- حميد الساعدي: مبادئ القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق. وزارة التعليم العالي والبحث العلمي (جامعة الموصل- العراق)١٩٩٠ص٢٩
٢- هەمان سەرچاوە. ل٢٩

بەسەر دەبەن، چەندین بنەماو رێساو دابو نەریتی تایبەت بەخۆیان هەیە، بوونی ئایینو زمانو کولتور– بنەمای سەرەکیانن.

تیـۆری ئێرسـۆکراتی: دەوڵـەت لـەرۆژگارانی کۆنـدا کاریگـەری ئەفسانەکانی لەسـەربووەو پێـی وابـووە فـەرمانڕەوایان خواوەنـدنو پێویستە بپەرسترێن. ئەمەش بەو مانایـەی فـەرمانڕەوایان خواوەنـد هەڵبـژاردوونو پێویسـتە ملکەچـیان بـن. (بۆنموونـە: دوای ئـەوەی ئیمپراتۆریـەتی قوسـتەنتینی هاتەسـەر ئـاینی مەسـیحی) ئیـدی فەرمانڕەواو بەڕێوەبردنی دەوڵەت، بەویستی خواوەند بووە.

تیۆری بۆ ماوەیی: (سروشتی) دەوڵـەت لەسایەی فیودیاڵیـەوە دروستبووە، فیودیاڵی پێیوابووە مافی خاوەنـدارێتی زەوی مـافێکی سروشتییەو خاوەن موڵك مـافی ئـەوەی هەیـە فەرمانڕەوایـەتی ئـەو کەسانەش بکات کەلەسەر ئەو زەویـەدا دەژیـن. بۆیـە پـەنا بـردراوە بۆدارشـتنی یاسـاو ڕێسـاو دیـاریکردنی سـنوور، واتـا هاوشـێوەی دەوڵەتی هاوچەرخ کۆمەڵێك فەرمانڕەوانو کۆمەڵێکیش فەرمانکێش، لەبەر ئەم هۆیانە– یان ئەمانە هۆکاربوون بۆ دروستبوونی دەوڵەت.

تیـــۆری بەرەوپێشچـــوونی مێـــژوویی: دەوڵـــەت بـــەهۆی بەرەوپێشچوونی خێزان– یان ئایینی، دروست نەبووە. دروستبوونی دەوڵـەت ناتوانرێـت بۆیـەك هۆکـار بگەڕێندرێتـەوە، بـەڵام هۆکـارە گرنگـەکانی بـریتین لـە: هێـزو توانـا، دانـایی، دەسـەڵات، ئـایین، سـەرمایە، هەسـتکردن بـەبوونی بەرژەوەنـدی هاوبـەش لـەنێوان

تاکەکاندا. بەپێی ئەو بۆچوونە: دەوڵەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو بەهۆی پاڵنەری پێداویستی تاکەکان بووە، هاوشێوەی هەردیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە، ئەمە نزیکە لەتیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی کەلەسەدەی شازدە لەلایەن: هۆبزو لۆکو رۆسۆ وە، سەریهەڵدا.

لەزانستی سیاسەتدا زیاتر لەسەدو چل پێناسە بۆ دەوڵەت هەیە. کەچی لەمێژووی کۆنی ئەوروپا[1] شتێك نەبووە بەناوی دەوڵەت، لەدوای نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمەوە ئەو زاراوەیە بۆ ئەو قەوارانە بەکارهاتووە کەئیدارەی سەربەخۆیان هەبووە. بۆیەکەمجار مایکاڤێللی لەکتێبەکەی (میر) باسی دەوڵەتی کردووەو بەسەر سێ بنەما دابەشیکردووە (میللەت، حکومەت، هەرێم)[2] زانایانی بواری قانون لەگەڵ زانایانی سۆسیۆلۆژی سەبارەت بەدروستبوونی دەوڵەت ناکۆکن– ئەمانەی دوایی پێیانوایە دەوڵەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییە کۆنەکانو بەهۆی بەرەوپێشچوونیەوە تێکەڵاوی بوارەکانی سیاسیو ئابووری بووە، بەڵام زانایانی قانونی پێیانوایە بنەمای دروستبوونی دەوڵەت یاساو ڕێساو نەریتە پەیڕەوکراوەکانی بوون.

---

١ ـ مێژووی کۆن، واتا: هەتا ساڵی (١٢٠٠)

١ ـ الامير، تأليف: نيكولاى مايكيافلى. الناشر: معهد البحرين للتنمية السياسية. ترجمة: محمد عبدالرضا التميمي٢٠١٤ص١٤٠

هەرچەندە پێناسەکردنی دەوڵەت ئاسان دێتەبەرچاو، بەڵام دیاریکردنی بنەڕەتی دروستبوونی دەوڵەت ناکۆکی لەسەرە، دەوڵەت هەقیقەتێکی سیاسییە، چونکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبنەڕەتدا لەیەکەی سیاسی پێکهاتووەو هەریەکەشیان ناوی دەوڵەتی لێنراوە. لێرەدا دەمانەوێت بڵێین: ئیعتیباراتی سیاسی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت سەبارەت بە نەمانو دروستبوونی دەوڵەتان. لەماوەی سەدەی بیستەمدا سێجار نەخشەی سیاسی دنیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆنمونە: لەهەردووك جەنگی یەکەمو دووەمی جیهانیدا دەوڵەت هەبوون لەئەوروپا لەناوچوونو دەوڵەتی تازەش دروستبوون، هەروەها لەسەردەمی ئەو شۆڕشانەی دژی کۆلۆنیاڵی ئەوروپی لەئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین کران، چەندەها دەوڵەتی تازە دروستبوونو بۆیەکەمجار لەمەیدانی سیاسی نێودەوڵەتیدا دیارکەوتن.

سەبارەت بەپایە سەرەکییەکانی دەوڵەت، زۆر ڕاو بۆچوون هەیە، بەڵام زۆربەیان جەخت لەسەر چوار بنەمای سەرەکی دەکەنەوە. ئەوانیش:

**١- نەتەوە.**

**٢- هەرێم.**

**٣- زمان.**

**٤- دەسەڵاتدارێتی سیاسی.**

بوونی دەوڵەت لەڕووی دان پێدانانەوە زۆر پەیوەندی بەژمارەی دانیشتوانو پانتایی خاکەکەیەوە نییە. بۆنموونە: دەوڵەتانی وەك: ئەندۆراس، مۆناکۆ و قەتەرو ...هیتد، پانتایی خاكو ژمارەی دانیشتوانیان کەمە، بەڵام هاوتای وڵاتانی وەك چین‌و هندو ئەمریکاو ڕوسیا، بەدەوڵەت هەژمار دەکرێن[1]

دەوڵەت قەوارەیەکی سیاسی جیۆپۆلیتیکیە، بەڵام دەوڵەتی نەتەوەیی قەوارەیەکی فەرهەنگی ئەتنیکیە. دەشێ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لەهەرکاتو شوێنێکی ئەم دنیایەدا دروستببێت.

فۆلتێر. دەڵێت: (خراپترین پێناسەی دەوڵەت، بریتییە لەهەندێك گرنگی پێدانی گشتی. دیموکراتیەتیش پارێزگاری لەخاڵە سەرەکیەکانی دەکات، بۆیە دەوڵەت بەشێوەیەکی تایبەتی کۆمەڵێك بیرۆکەو هەڵچوونی دەستەجەمعیە کەبەبێ بچڕان درێژە دەکێشێت.[2] (دەوڵەتی مۆدێرن لەکۆمەڵگای ئەمڕۆدا بەوەجیادەکرێتەوە خاوەنی سەربەخۆیی بێتو سەروەری پارێزراو بێتو دانی پێدا نرابێت، چونکە سەروەری دەوڵەتان بنەمایەکی

---

١ ـ هەرچەندە زۆری ڕێژەی دانیشتوانو بەرفراوانی خاك، فاکتەری گەورەن بۆ بەهێزی ئابووری‌و دەسەڵاتدارێتی سیاسی‌و سەربازی‌و...، واتا: هەتا دەوڵەتی بچوکتربن لەسەر ئاستی جیهانی قورساییان کەمترە.

٨– القانون الدولی العام. الطبعة الأولی. دار النهضة ١٩٨١ص٣٨٠– ٣٨١

٢ ـ الدولة. تألیف: جاك دوندیو دوفابر: ترجمة: د. سموحی فوق الغادة، مکتبة الفکر الجامعی. منشورات عویدات. بیروت. الطبعة الأولی١٩٧٠ص١٥

سەرەکییە لەقانونی نێودەوڵتیدا.)[1] خاوەنی سەربخۆیی تەواوبێت لەهەڵسوکەوتی لەبەڕێوبەردنی کاروبارەکانی ناوخۆییو دەرەکیدا.

بەپێی چەمکی (مارسیلۆ) دەوڵەت بوونەوەرێکی زیندوویە. دەبێ ئەندامەکانی بەکارو ئەرکە پێویستەکان هەڵسن بۆ مانەوەی. ئەگەر یەکێ لەئۆرگانەکانی کەموکورتی تێبکەوێت، ئەوا توشی مەترسی دەبێتەوە.)[2]

بەڕای (بارتلی) فەرەنسی: (دەوڵەت دامەزراوەیەکی سیاسییەو تاکەکان پەیوەست بەیەکتری دەکاتەوە، ئەمەش لەڕێگای ئۆرگانو سیستمی پێشکەوتووەوە.) دەوڵەت ئەو بازنە پارێزراوەیە کەشەرعیەتی نێودەوڵەتی هەیەو خاوەن سەروەریەو قەوارەکەی پارێزاوەو مافی نێودەوڵەتی هەیەو مەترسی کەمتری لەسەرە بۆ پەلاماردانی سەری لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە.

(کاری دی مالبیرج) بەمجۆرە پێناسەی دەوڵەت دەکات: (کۆمەڵێك خەڵکن لەپانتایی خاکێکی دیاریکراو و لەژێر سایەی ڕێسایەکی تایبەتدا دەژین، کۆمەڵێك کەسی دیاریکراو فەرمانڕوایەتیان دەکەن و چاوساغیانن.)

ناسیۆنالستەکان پێیانوایە: (دەوڵەتی نەتەوەیی وەك یەکەیەکی

---

١ ـ امبراطورية العولمة الجديدة. تألیف: مایكل هاردتو ئانتونیو نیغری. تعریب: فاضل جتكر. مراجعة: رضوان السید. الطبعة الأولي. العبیكان٢٠٠٢ ص٣٥٧

٢ ـ تطور الفكر السیاسی. جزء الثانی. تألیف: جورج ساباین. ترجمة: جلال العروسی. دار المعارف بمصر. الطبعة الثانیة. ١٩٨٤ص٤٠٩

سیاسی موڵکی ئەو کۆمەڵە ئەتنیکیەیە، ئەو کۆمەڵە دەسەڵاتدارە بەرپرسیارە لەپاراستن‌و سەپاندنی داب‌و نەریتەکان.)[1] ئەو تێڕوانینە لەناسیۆنالیستی کلاسیکیدا بەرجەستە دەبێت– کەلەسەدەی نۆزدە لەئەوروپاو ئەمریکای لاتینیدا گەشەی سەندو دواتر بەدنیادا بڵاوبۆوەو ئێستاش شوێنەواری ماوەو ژمارەیەك دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ پەیڕەوی دەکەن.

یەکێك لەبنەما سەرەکیە گرنگەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی پەیوەندیدارە بە فەرهەنگەوە، ئەمەش لەڕێگای داهێنانی هونەری‌و پەروەردەو ئاراستەی بەرەوپێشچوونی فەرهەنگی هاوبەشەوەیە.

(میشال فۆکۆ) پێیوایە: (دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەرچاوەیەکی نادیارەوە دروست نەبووە، ڕووداوێکی مێژوویی نەبوەوە– یان داهێنانێکی سیاسی، بەڵکو بەهۆی ئەو دۆزینەوە فکریانەوە بووە کەلەسەدەی پازدەدا لەبواری ئابووری‌و سیاسی‌و سەرمایەداری بازرگانی‌و جوگرافیای سیاسی‌و بەرەوپێشچوونی نەخشەیی جوگرافیاییەوە سەریانهەڵداوە.) بیرۆکەی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژی کاریگەری گەورەی لەسەر هەبووە. زۆر لەتیۆرستەکان پێیانوایە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی دیاردەیەکی ئەوروپیەو لەسەدەی هەژدەو نۆزدەدا گەشەیکردووە. ئەو هۆکارانەی بوونەتە یاریدەدەریش بۆ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بریتین لە: بەروپێشچوونی

---

١– القومیة. الناشر: موسوعة ستانفورد للفلسفة. ترجمة: منادی عبدالباسط. حکمة 2010 ص٥

پەروەردەو فێرکردن، ڕاگەیاندن، شوناس، بەرەوپێشچوونی زانستو تەکنەلۆژیا، بەڵام (ئەریك هۆبسباوم) پێیوایە دەوڵەت پێش گەلی فەرەنسا کەوتووە. ئەو دەڵێت: لەماوەی شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩) تەنها نیوەی گەلی فەرنسا بەزمانی فەرەنسی دواون (هەستکردن بەشوناسی هاوبەش لەسەرەتای جوڵانەوەی فەرهەنگی ـ وەك لەبزوتنەوەی فەرهەنگی (فۆلکیش)دا دەبینین– لەو وڵاتانەی کەبەزمانی ئەڵمانی دواون هەستی نەتەوەییو بوون بەیەك دەوڵەوتی ئەڵمانی کاری بۆکراوە. [(١)]

لەڕووی پێکهاتەوە دەوڵەت بریتییە لەکۆمەڵێك هاوڵاتی کەبەشێوەیەکی هەمیشەیی لەهەرێمێکدا دەژینو کاروبارە گشتییەکانیان لەڕێگای حکومەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریو یاساو دەستورەوە بەڕێوەدەبەن.

(شۆڕشی لیبراڵی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا وەك پێویستییەکی مێژوویی هاتە ئاراوەو لەڕەوشی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگادا هاوتاو گونجاوتر بوو. ئەو ڕۆژگارەش بەسەردەمی ڕێنیسانسی یاسای بنچینەیی ناسراوە. ئامانجیش لەمە دیاریکردنی سنووری دەسەلاتداریێتی دەوڵەت بوو.)[٢]

---

١ ـ مەبەست لەسەردەمی حکومەتەکانی پرۆسە.

٢– بەجیهانیبوون و کورد. نووسینی: عومەر ڕەسوڵ شینکی. لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری– بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە. چاپی یەکەم. ساڵی٢٠٠٦ل١١

لەڕێکەوتنامەی (مونتیفیدیو)ی ساڵی (١٩٣٣)دا سەبارەت بەماف و ئەرکەکانی دەوڵەت هاتووە: ( پانتاییەکە لەخاك کەدانیشتوانی هەمیشەیی خاوەننی، هەرێمێکی دیاریکراو و بوونی حکومەتێك بتوانرێت پارێزگاری بکاتو زاڵو چالاکبێت بەسەر ئەو خاکەدا. هەروەها پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بەباشی بەڕێوە بەرێت.)

بۆنموونە: سەبارەت بەمافی دامەزراندنی دەوڵەت بەپێی بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان. (لەڕەشنووسی دووەمی کارنامەی مافی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوا لەهەموو وڵاتان دەکات وەك پێشینەیەك بۆ شوناسی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی، پەیڕەوی میکانیزمی یەکسانی و دەستەبەرکردنی ئاسایشی راستەقینەو ماف بۆ هەموو کەمینەو نەتەوەو نەژادو ئەتنیکەکان بکەن. لەکۆتایی بڕگەی دووەمی ماددەی دووی ئەو کۆنڤانیسیۆنە، کەدەربارەی میللەتی کوردە، هاتووە: (لەعێراق بەفەرمی دان بە نەتەوەی کورددا نراوە- لەو شوێنانەی کەزۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن. بۆیە بەپێی ویستی ئەوان و بنەماکانی کۆنڤانسیۆنی ناوبراو، دەتوانرێت ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی وەربگرن. ئەم جارنامەیە لە (١٩٦٣/٩/٢٠) لەئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر ناوی: بڕیارنامەی (١٨)ی ساڵی (١٩٠٤)ی هەمان دۆسێی پێشتری کۆمەڵی نەتەوەکان- دەنگی بۆدرایەوە.)[١]

---

١- مافی نێودەوڵەتی و مافی نەتەوەکان. نووسینی: پاتریك تورنبری. وەرگێڕانی: عومەر رەسوڵ شینکی. لەبڵاوکراوەکانی: موکریانی. چاپی یەکەم.

جیاوازی نێـوان حکومـەتو دەوڵـەت لەوەدایـە چـەمکی دەوڵـەت فـراوانترە لەحکومـەت. دەوڵـەت هـەموو دامـەزراوەو پانتـایی خـاکو سەروەریو کۆمەڵگا دەگرێتە خۆی. ئەمەش بەو مانایەیە حکومـەت تـەنها بەشـێکە لەدەوڵـەت. واتـا: حکومـەت ئامرازێکـە دەوڵـەت دەسـەڵاتەکانی خـۆی تێـدا پیـادە دەکـات. دەوڵـەت قەوارەیـەکی هەمیشـە ماوەوەیـە– پێچـەوانەی حکومەتـەکان کـەدەگۆڕدرێن. حکومـەت تـەنها عـەقڵی دەوڵەتـە. دەوڵـەت کۆمـەڵێك دامـەزراوەیی فـەرمانڕەوایینو خـاوەن سـەروەرین لەسـەر خـاکێکی دیـاریکراو و دانیشتوانێکی دیاریکراو.

تایبەتمەندیـە قانونیـەکانی دەوڵـەت بریتییـە لەحکومـەت، حکومەتیش بەمشێوەی خوارەوە بنەماکانی دابەش دەبن:

**سەروەری**: مافی سیاسـی بـۆ چـەمکی سـەروەری: ئـەو هەقەیـە کەفـەرمانڕەوایان پشـتی پێدەبەسـتنو ڕەوایـەتی دەسـەڵاتدارێتی خۆیان بەسەر هاوڵاتیاندا دەسەپێنن. واتـا دەسـەڵاتدارێتی سیاسـی لەسـەر دەوڵـەتو دامـەزراوەکانی. بەواتایـەکی دیکـە: ئـەوەی جیاکەرەوەیە لەنێوان حکومەتو دەوڵەت ئەوەیە: حکومەت لەڕووی نـاوخۆییو دەرەکیـەوە نوێنەرایـەتی ئـەو هاوڵاتیانـە دەکـات کەلـە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دانپێدانراودا دەژین.

**دەسەڵاتدارێتی قانونی**: ئەمـە لەسـەر بنـەمای قـانونو دەوڵـەت

---

هەولێر ٢٠١١ل٦٥

پابەندە بەو بنەمایانەی کەلەچوارچێوەی سیاسیدا داڕێژراون. واتا بنەما دەستوریەکان.

ئەوانەی لایەنگیری دیاردەی بەجیهانیبوون دەکەن، پێیانوایە مەسەلەی دەوڵەتی نەتەوەیی وردەوردە بەسەر دەچێت. بەهۆکاری ئەوەی ئابووریو زمانو سیاسەتی نێودەوڵەتیو...هتد، بوونەتە جیهانیو سنوورەکان کاڵبوونەوە. ئەم بۆچوونە بەتێڕوانینی گشتی نزیکە لەبۆچوونی مارکسیستی کەئەمیان پێیوایە سیستمی سەرمایەداری سیستمێکی جیهان شمولیە. بۆیە پێویستە چینی پرۆلیتاریا وەك چینێکی جیهانی– واتا دنیا نیشتیمانی تێبکۆشێت بۆئەوەی لەڕێگای ئەو ململانێ چینایەتیەوە سیستمی سەرمایەداری لەناوببات، بەڵام ڕاستییەکان لەمرۆدا ئەوە نیشاندەدەن کەئێستاش دەوڵەتی نەتەوەیی توانایان ماوەو دامەزراوەی سیاسی کاریگەرن.

# بەشی دووەم:
# کوردو ئەزموونی دەوڵەتداریی

# باسی یەکەم:

بۆئەوەی بتوانین توێژینەوەیەکی زانستیی لەمەڕ هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی ئەنجام بدەین، ئەوا دەبێت پێشتر هەڵوێستە لەسەر دەوڵەتو بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەت بکەینو لەوێوە بچینە نێو بابەتەکەوەو باس لە دەوڵەتی کوردیو بنەماکانی ئەو دەوڵەتەو هەوڵەکانی بەدیهێنانیو راوەستان لەسەر ئاستەنگو هۆکارەکانی پەکخستن- یاخود وەستانی ئەو پرۆسەیە بکەین، واتا ئایا: کوردستان بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەتی تێدا بووە- یان نا؟

ئەگەر تێیدا بووە، ئەو هەولاّنە چی بوون کە لەو پێناوەدا دراون؟ ئەگەر هەوڵ درابێت، بۆ تا ئێستا دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی دروست نەبووە؟ لە کاتێکدا هەر هەمان ئەو بنەمایانە بوونەتە هۆکاری دروستبوونی دەوڵەت لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا؟

لێرەوە دەبێت بە وردیی لەو هۆکارانە بکۆڵینەوە، کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم بونیادنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردیدا.

### ٢- بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەت:

لەسەر بنەمای ئەو پێناسانەی پێشوو دەرکەوت کە دەوڵەت لەسەر چوار ڕەگەزی گرنگ بونیاد دەنرێت، ئەوانیش بریتین لە گەل، هەرێم، سیستمی سیاسی و زمان.

**ا- گەل- یاخود دانیشتوان:**

بێگومـان ناتوانرێـت دەوڵـەتێك بهێنرێتـە بەرچـاو بـەبێ بـوونی دانیشتوان، لە کاتێکدا دەوڵـەت ڕێکخستنێکی کۆمەڵایـەتی یـاخود مرۆییـە. لەبـەر ئـەوە بـوونی دەوڵـەت بـەبێ کۆمـەڵ هـیچ واتایـەك ناگەیـەنێت. ئـەو کۆمەڵـەش لـە دەوڵەتـدا بـە چـەند پەیوەندییـەکی بـەهێزو جیـاواز پێکـەوە بەسـتراونەتەوە، وەك پەیوەنـدیی زمـان، مێژوو، ئایین، ڕەگەز، کولتوور، بەرژەوەندیی هاوبەش...هتد.

ژمـارەی دانیشـتوانیش پێویسـتە لـە ئاسـتێکدا بـن، کـە بتـوانن دەوڵەت دابمەزرێنن، دەبێت دەوڵەتیش بۆ بەڕێوەبردنو بـەردەوامی کاروبارەکانی ژیان بتوانێت کارەکـان لـە نێـوان تاکەکانیـدا دابـەش بکات.

**ب- هەرێم- یاخود خاك:**

هەرێم ڕەگەزێکی پێویسـتی تـری دروسـتبوونی دەوڵەتـە. لەبـەر ئـەوەی ڕووبـەرێکی دیـاریکراوە لـە زەوی کـە دانیشـتوان لەسـەری نیشتەجێ دەبنو تێیدا ژیان بەسەر دەبەن.

دەوڵـەت سـەروەریی خـۆی لـە نێـو ئـەو سـنوورە دیـاریکراوەدا دەردەخاتو لەگەڵ کۆتایی ئەو سنوورەدا سەروەریی دەوڵەتێکی تر دەستپێدەکات.

هــەر بۆیــە بــەبێ بــوونی ئــەم ڕەگــەزە ناتوانرێــت دەوڵــەت

دروستبکرێت، تەنانەت ناکرێ پێشبینیی بوونیشی بکرێت. بۆ نموونە: جوولەکە لەگەڵ بوونی چەندین پەیوەندیی بەهێزی وەك ئایینو بەرژەوەندیی هاوبەشو زمانو...هتد. هیچ کەسێك وەك دەوڵەتێك دانی پێدا نەنان، تەنیا لە کاتێکدا توانیان ئەو دانپێدانانە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، کە بەهۆی پشتگیریو یارمەتی زۆر لە دەوڵەتانی جیهان، لەدەست بەسەرداگرتنی خاکی فەلەستین سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

هەروەها ناتوانرێت خێڵە کۆچەرو ڕەوەندەکانیش وەك دەوڵەتێك تەماشا بکرێن، تەنیا لەکاتێکدا نەبێت کە لەسەر هەرێمێکی دیاریکراو نیشتەجێ دەبنو هەنگاو بەرەو شارستانیەت بنێنو دەسەلاتێکی ڕێکخراویی تێدا دابمەزرێنن، لەوێشەوە بتوانێت دەسەلاتی خۆی بەسەر دانیشتوانو هەرێمەکەدا جێگیر بکات، واتە ئەوکاتەی کە ڕەگەزە پێویستەکانی دروستبوونی دەوڵەت ڕەخسان.

**ج- سیستمی سیاسی:**

بوونی کۆمەڵێکی گەورەی مرۆڤەکان، کە لەسەر هەرێمێکی دیاریکراو نیشتەجێبوون، ناتوانێت دەوڵەت پێکبهێنێت، بەڵکو لەگەڵ بوونی هەردوو ڕەگەزی هەرێمو دانیشتوان دەبێت دەسەلاتێکی باڵا- یاخود دەزگایەکی فەرمانڕەوا هەبێت تا بتوانێت کاروباری کۆمەڵەکە بەڕێوەبەرێت، ئەم دەزگایەش بە دەسەلات

ناودێر دەكرێت، ئەمەش بنەڕەتو ناوەڕۆكی هەموو سیستمێكی رامیارییەو ئەم دەزگایە بە هەبوونی هێزێكی ماددی گەورە لە دەوڵەتدا جیادەكرێتەوە، بەشێوەیەك هیچ هێزێك لەناو دەوڵەتدا ناتوانێت ململانێی لەگەڵدا بكات.

هەندێك لە زاناكان پێیانوایە دەسەڵات تەنیا بە هێزە مادیەكەی دەرناكەوێت، بەڵكو پێویستە لەلایەن خەڵكەوە ئەو بڕوایە هەبێت كە دەسەڵاتەو تێكرای پێداویستییە ماددیو دەروونییەكانیانی بۆ پڕ دەكاتەوەو ئاسایشیان بە هەموو شێوەیەك بۆ دابیندەكات. واتە لە پێناو بەردەوامیو بەرەو پێشچوونیدا دەسەڵات بە ڕەزامەندیی كۆمەڵەوە ببەسترێتەوە.

بەڵام هەندێكی تر پێیانوایە گرنگ نییە دەسەڵات بە ڕەزامەندیی یاخود بێ ڕەزامەندیی كۆمەڵ دامەزرابێت. لە كاتێكدا دەتوانێت تێكرای تاكەكان بە فەرمانو قەدەغەكارییەكانیەوە ببەسێتەوە بە بەرژەوەندی كۆمەڵەوە، ئەگەر بە هێزو توندوتیژییش بێت. جا ئەو دەسەڵاتە تاكەكەسێك بێت– یاخود كۆمەڵێكی بچووك یا گەورە، گرنگ نییە.

بەم شێوەیە هەركاتێك ئەم ڕەگەزانە (گەلو هەرێمو سیستمی سیاسی و زمان) ئامادەبوون، ئەوا دەتوانرێت دەوڵەت پێك بهێنرێتو ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

# باسی دووەم:
# کوردستان و ڕەگەزەکانی دروستبوونی دەوڵەت

**یەکەم: گەلی کورد**

کورد ناولێنانێکی نەتەوەییە بۆ ئەو گەلەی لە سەردەمانی کۆنەوە لە وڵاتی چیای نێوان خۆرهەڵاتی تورکیاو خۆرئاوای ئێران و باکووری عێراق و خۆرهەڵاتی باکووری سوریا ژیان بەسەر دەبەن.

لەگەڵ بوونی شێوازی جۆراو جۆر بۆ گوزارشی (کورد) لە مێژوودا، زۆرجار بە واتاو چەمکی جیاواز لەوەی ئێستا، بەکار دەهێنرێت و بەکارهاتووە. بەڵام لە سەرەتای سەردەمی مەسیحیەتەوە تاکو ئەمڕۆ دەربڕینێك هەبووە بۆ خەڵکانێك کە خاوەنی تێکرای جیاکارییە ئەتنیکیەکانی تایبەت بە خۆیان بوونەو بە درێژایی ئەو قۆناغە مێژووییانەی کە پێیدا تێپەڕ بوونە، گەشەیانکردووە. لە هەزاران ساڵەوە کوردستان بووەتە نیشینگە بۆ کۆمەڵە مرۆڤییەکان، کە بەدرێژایی چەندین سەدە پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی و یەکێتی زمانەکەی تیادا زەق بۆتەوە، بە شێوەیەك بووەتە هۆی پێکهێنانی بنەماکانی گەلی کورد، دوای ئەوەی چەند گۆڕانکارییەکی ڕووکەش بەسەر ناوو شێوازەکانی ژیانیاندا هاتووە، لەلایەنی شارستانیشەوە پەیوەست بووە بەو کاریگەریانەی کە لە ژیانی ڕۆشنبیریی و ئایینیی تێکڕای گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیادا

هاتووەتە کایەوە.[1]

مێژوونووسی کورد (جەمال ڕەشید)، دەرکەوتنی کورد وەك کۆمەڵێکی خاوەن خەسڵەتی ئەتنیکی، دەگێڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ پێش زایین، وەك دەڵێت: (هۆی دروستبوون و لەدایکبوونی ئەو ناوە نەتەوەییەی کورد لە هەزارەی دووهەمی پێش زایین لە باکووری میزۆپۆتامیا وەك مەرجێکی بنەڕەتیی بۆ سەرهەڵدانی میللەتی کورد لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ڕەگەزە ئارییەکان و ڕۆشنبیریی و زمانیان لە (هەرێمی خاکی (Kurda))ی خۆریی لە ئارادا بوو). دوای ئەوەی ئەو ناوە تۆبۆگرافیە لە دۆڵی خابوور پەیتا پەیتا مانایەکی ئەتنیکی وەرگرت، تاکو لە سەردەمی ئەم هەرێمەش (سوریا و دەورو پشتی)و هەندێ لەو خەڵکانەش کە بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ دانیشتوانی باکوورو ڕۆژهەلاتی میزۆپۆتامیادا خۆیان گونجاند، پێی ئاشنا بوون.[2]

بەم شێوەیە دەرکەوت کە کورد دانیشتوانێکی یەکانگیرو خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەتنیکیی خۆیەتی کە لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە بۆی ڕەخساوە.

لە وڵاتی سووریا (عەلیاتم)، لەگەڵ گۆتی و لۆلۆییەکان و خورییەکان هەبوون و بە کۆنترین کۆمەڵە مرۆڤێك دەژمێردرێن، کە ئەم وڵاتەیان لە سەرەتای مێژوودا کردۆتە نشینگەی خۆیان، وڵاتی

---

١- تأريخ الكورد القديم. تاليف : د. جمال رشيد احمد– د. فوزي رشيد. اربيل. دارالحكمة للطباعة والنشر١٩٩٠ص٧

٢– گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٣) ل٢١

(کوردا)ش له کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین بەشێکی گرنگی ئەم وڵاتەی پێکهێناوە، کە دەکەوتە بەرزاییەکانی ڕووباری خاپووری باکووری سووریا.[1] لە کۆتایی ئەم ماوەیەشدا ئەم ناوچەیەو سەرچاوە بەرزەکانی هەردوو رووباری دیجلەو فورات کۆمەڵێ هۆزی هیندی – ئاریی لە خۆگرتووە، کە لە ڕووی سیاسییەوە لە ناوەراستی هەزارەی دووەمی پێش زایین دەسەڵاتیان بەسەر خورییەکاندا چەسپاندو لەسەر خاکی ئەوان نیشتمانی (میتانییەکان Mitanni –)یان دامەزراندووە، لە ماوەی نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، لە سەردەمی (ئوراحۆکە) کە بەمەملکەتی بیاینا (مەملکەتی خواوەند خەلدی – Haldi) لە باشووری دەریاچەی وان نێوبانگی دەرکردبوو، پەیتا پەیتا هەندێ خێڵی هیندی– ئاریی لەگەڵ خەلدییەکانی دانیشتوانی ناوچەکە کە نەوەی خورییەکان بوون، دەسەڵاتیان لەسەر خاکو نیشتمانی کورد قایم کردو دەستیان بەسەر ئەو ناوچەیەدا گرت، کە دەکەوێتە نێوان دەریاچەی وانو ورمێو ڕەگیان لەوێ داکوتا.[2]

لەم قۆناغەدا هۆزەکانی (ماد)و (سەکا) ڕوویان لەوێ کردو لە کاتی لەناوچوونی هەردوو دەوڵەتی (ئاشوریی)و (ئۆراتۆ) لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی پێش زایین ئەم ڕووتێکردنە زیاتربوو، لەو ماوەیەشدا ئەمانە توانیان لە ڕووی کۆمەڵایەتیو زمانو شارستانییەتەوە خۆیان بگونجێنن، ئەم بەشەی خاکی کوردان تا

---

١- سەرچاوەی پێشووتر.

٢- سەرچاوەی پێشووتر.

سەدەی پێنجەمی پێش زایین لای هێرۆدۆت بە (وڵاتی ماتینی Matiene) نێوبانگی دەرکردبوو، هەروەکو خۆشی مایەوەو بوو بە یۆنانی (مایتینی)، دواتر ناوچەکانی ناوەراست لای یۆنانییەکانو رۆمانییەکان بە وڵاتی (کوردۆنیا) یا (کوردیا – kordia) دەناسرا، ئەم ناوە لەناوی کلاسیکی کوردا (Kurda)ی کۆن پەرەی سەندووەو لەدەقێکی مێخییدا تۆمارکراوەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆکۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین.

به دروستبوونی ئیمپراتۆرییەتی ئەخمینیش لە سەدەی شەشەمی پێش زایین، ئەو ناوچە کوردیانە بوونە بەشێك لەو شازدە بەشەی ئەم ئیمپراتۆریەتە، بەڵام پاش ئەوە لە بەشەکانی تر دابڕێنراو خرایە سەر وڵاتی کوێستان (کوهستان).

(دارا)ی هەخامەنشی ناوەکەی بەشێوەی (ئەرمینیا – Arminia) تۆمار کرد، لەلایەکی ترەوە وڵاتی (ماداو ئەتروباتینا)، (کوردیا Kordia)ش تا سەردەمی ئیسلامیی، وەك بەشێك لە وڵاتی خەلدیا دەناسرا، هەروەك بە هەمان شێوە لە دەستنووسی جوگرافیای جیهان (تأريخ العالم)دا بەرچاو کەوتووە، ئەو دەستنووسەی کە لە سەدەی دەیەمی زایینی لە وڵاتی ئەفغانەکان دۆزراوەتەوە، دواجار ئەم بەشانە ناویان لە کوردیدا بوو بە (زۆزان– Zozan)کە لەلای وڵاتناسە موسڵمانەکان مانای (الجبال)ی دەگەیاند.

پاش داگیرکردنی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی لەلایەن ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە، نیشتمانی کوردۆینیی لەلایەن پادشاکانی ناوچەکەوە بەڕێوە دەچوو، کە لە ئامێد (دیاربەکری ئەمڕۆ) نیشتەجێ دەبوون.

## دووەم: هەرێمی کوردستان

## چەمکی کوردستان:

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کوردستان وەك زاراوەیەکی جوگرافی بۆ ناولێنان لە هەرێمێك، یەکەمجار لە ناوەڕاستی سەدەی دوانزەی زاینی (١١٥٠ ز) لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا بەکارهێنراوە.

(سەنجەر) کە دوا پاشای سەلجوقیەکان بوو، ناوی کوردستانی بەسەر یەکێك لە هەرێمەکانی ژێردەسەڵاتیدا دابڕی کە پایتەختەکەی قەڵای شاری (بەهار) بوو، لە باکووری ڕۆژئاوای هەمەدانو چەند ویلایەتێکی دەگرتە خۆی کە زنجیرە شاخی زاگرۆسی لە یەکتری دادەبڕی، (هەمەدان)و (دەینەوەر)و (کرماشان)یش لە ڕۆژهەڵاتو شارەزووریش لە ڕۆژئاواوە.[1]

گەڕیدەی بەنێوبانگی ئێتالیایی (مارکۆپۆلۆ– ١٢٥٤– ١٣٢٣) یەکەم کەس بوو نێوی کوردستانی لە کاتی سەردانەکانی بۆ هەرێمەکانی رۆژهەڵات لە ساڵی (١٢٧١ز) تۆمارکردووەو بە (کاردستان)ی ناوبردووە.

هەروەها (شیرازیی کە ١٣٢٨ ز کۆچی دوایی کردووە،) لە کتێبەکەیدا (تجزیە الاعصار وتزجیە العصار (تأریخ وصاف) زاراوەی کوردستانی بەکارهێناوە.

---

١-نەبەز مەجید ئەمین: کوردۆلۆجی، کۆ وانەکانی لەبەشی مێژووی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی (٢٠٠١–٢٠٠٢)

مێژوونووسی فارس (حمدالله مستوفی القزوینی که ١٣٤٩ز کۆچی دوایی کردووه،) لە کتێبەکەیدا (نزهە القلوب) باسی بەشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی ئەمڕۆی کردووەو ناوی کوردستانی هێناوەو دەڵێت: (سەنجەر پاشا ١١١٧ – ١١٥٧ ز) کە دوا پاشای سەلجوقییەکان بوو، بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی شاخاویی (واتە رۆژهەڵاتی کوردستانی ئەمڕۆ)ی دابڕیوەو نێوی ناوە کوردستانو داویەتی بە یەکێك لە سەرکردەکانی کە ناوی (سلیمان ئیوائی) بووە. بەڵام مامۆستا (جمیل ڕۆژبەیانی)و چەند مێژوونووسێکی تر، ئەم بۆچوونە بە هەڵە دەزانن‌و دەڵێن: (سلیمان ئیوائی) نە تورکمان بووەو نە ئیلخانی، بەڵکو سەرکردەیەکی کورد بووە لە سەردەمی ئیلخانەکان دەسەڵاتداری ئەم ناوچەگەلەی کردووە، کە پێی گوتراوە کوردستان.

هەروەها مێژوونووسی مەغۆلیی (رشیدالدین هەمەدانی، کە ١٣١٨ ز کۆچی دوایی کردووه،) لە کتێبەکەیدا (جامع التواریخ) چەند جارێك زاراوەی کوردستانی بەکار هێناوە.

ئەگەر بە وردی سەرنجی بەکارهێنانی زاراوەی کوردستان بدەین لەلایەن ئەم مێژوونووسانەوە بەکار هێنراوەو ئاماژەی پێکراوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە هەموویان ئەم زاراوەیەیان بۆ ناونان لە هەرێمێك بەکار هێناوە، بەتەنیا (هەمەدانیی) لە نووسینەکانیدا وادەریدەخات کوردستان ئەو شوێنەیە کوردی تێدا نیشتەجێ بووە،

واتە زاراوەکە گوزارشت لە نەتەوەی کورد دەکات.

بـەڵام لێـرەدا پێویسـتـە ئـەوە لـەیاد نەکـەین کـە مێژوونووسـی عـەرەب (الغیـاپی البغـدادی کـە ١٤٨٦ ز کۆچـی دوایـی کـردووە،) یەکەمین نووسەری عەرەبە، کە زاراوەی کوردستانی لـە کتێبەکەیـدا (تأریخ الغیاپی) بۆ دەربڕیوین.

هـەروەها کـۆنترین سەرچـاوەی کـوردی کـە تـا ئێسـتا زاراوەی کوردسـتانی بـەکار هێنـابێ (مـەلای جزیری)یـە کـە لـە سـەدەی پازدەیەمی زایینیدا ژیاوەو لەو بارەیەوە دەڵێت:

**نەتەنێ تەبریزو کوردستان لە برد حوکمی تە بن.**
**سەد وەکی شـــاهی خۆراســـانی د فەرواریێ تە بن.**

هەروەها دەڵێت:

**گوڵـی باخــی (ارم)ێ بۆتانم.**
**شەب چراغی شەبی کوردستانم.**

هەرچـۆنێك بێـت، لـە سـەردەمی جەلائیریـەکان (١٣٣٧– ١٤١١ زایینـی) زاراوەی کوردسـتان بـە شـێوەیەکی فـەرمیو بنـەڕەتیی چەسپاوەو جێگای گشـت زاراوە کۆنـەکانی گرتۆتـەوەو لـە سـەدەی حەڤـدەدا بـۆ ماوەیـەك بەشـێکی کوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی

ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی بـە شـێوەیەکی ڕەسمـی بـە ویلایـەتی کوردستان ناویان بردووە.

ئەم راستیانەی لە سەرەوە ئاماژەمـان پێکـردن، ئـەوە ناگەیـەنن بوونی کورد لە کوردستاندا بـۆ ئـەم سـەردەمە دەگەڕێتـەوە، بـەڵکو تەنیا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کوردستان وەك زاراوەیەکی جوگرافی بۆ ناونان لە هەرێمێك بۆ یەکەمین جار لەو کاتەدا بەکار هێنرا.

## سێیەم: سنووری کوردستان

دیــاریی کردنــی ســنووری کوردســتان کــارێکی ئاســان نییــە، لەبەرئەوەی بەدرێژایی چەندین سەدە ژێردەستە بووە، نوێنەرانی پێکهاتە ئەتنیکیەکانی دراوسێکانیشیان، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر سەکۆی دەسەڵاتن، تا بۆیان کرابێ سەرزەمینەکەیان بەرتەسك کردووەتـــەوە. بەرانبـــەر بـــەم رەوشـــە، گەڕیـــدەو مێـــژوونووس‌و جوگرافیناسە کوردەکان زیاتر بەلای زیادەڕۆییدا دەچن لەم بوارەدا.

ئەم بگرەو بەردەیە، کاری شارەزا دەرەکیەکانیشی تا رادەیەك دژوار کردووە، بەڵام ئەوەی مایەی دڵنیاییە ئەوەیە کەوا پشکنەر توشی سەرئێشەیەکی زۆر گەورە نابێ لەم بارەیەوە، چونکە چ کۆن‌و چ نوێ، زانیارییەکی زۆر باشی لەبەردەستدایە کە کارەکە ئاسان دەکەن.

مێژوونووســـی گـــەورەی کـــورد (شـــەرەفخانی بەدلیســـی) لـــە کتێبەکەیدا (شەرەفنامە)، سنووری کوردستانی بەم شێوەیە دیاریکردووە: بەهێڵێکی راست لە کەنداوی فارسەوە تا بڕانەوەی مەڵاتیاو مەراش دەچێ، ئالی باکووری ئەم هێڵە وڵاتانی فارس‌و عێراقی عەجەم‌و ئازەربایجان‌و ئەرمەنستانی گچکەو ئەرمەنستانی گەورەیــە، باشووریشــی عێراقــی عــەرەب‌و ناوچــەکانی مووســڵ‌و دیاربەکرە.)[1]

---

١- مـیر شـەرەفخانی بەدلیسـی: شـەرەفنامە، وەرگێڕانـی: مامۆسـتا هـەژار،

(ئـازاد نەقشـبەندی)یش لەمـەڕ سـنووری کوردسـتان دەڵێـت: کوردستان ناوەراستی ڕۆژئـاوای کیشـوەری ئاسـیا، لـەنێوان خـەتی پـانی (٣٠ تـا٤١) پلـەی بـاکوورو هێڵـی درێـژی (٣٦ تـا ٥١) پلـەی ڕۆژهەڵاتو بەسـەر تورکیـاو ئێـرانو عێـراقو سـوریاو ئەرمەنسـتاندا دابەشکراوەو ئەم شوێنو ناوچەگەلە دەگرێتەوە:

ڕۆژهەڵاتو باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا.

هەموو ڕۆژئاوای ئێران جگە لە خووزستان.

باکوورو باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق.

سووچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتو باکووری ڕۆژئاوای سووریا.

ڕۆژهەڵاتی رووباری ئاچوڕیان لە ئەرمەنستان.[1]

هەروەها جوگرافیاناسی کورد (عەبدوڵڵا غەفور) لەمـەڕ سـنووری کوردسـتان دەڵێـت: کوردسـتان لـە نێـوان هێڵـی پـانی (٣٩ ،٤٠)ی باکوورو (٦١ ،٣٠)ی باکوور واتە (٩,٧٨ هێڵ)و لەنێوان هێڵی درێژی (٥٢,٦١) ڕۆژهـەڵاتو(٣٦,٠٠) ڕۆژهەڵاتـدا (١٦,٦١هێـڵ) راکشـاوە، درێـژایی خـاکی کوردسـتان لـە بـاکوورەوە تـاکو باشـوور، نزیکـەی (١٣٠٠) کیلۆمەترە. پانییەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا. خۆی لە (٥٥٠) کم دەدات، ئەو پانییەی لە هەموولایەکەوە وەکوو یەك نییـە.

---

دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس. چاپی سێیەم، هەولێر ٢٠٠٦ ل٩٣

١- پرۆفیسـۆر ئـازاد نەقشـبەندی. دەربـارەی دەستنیشـانکردنی سـنووری کوردستان. گۆڤاری سیاسەتی دەولی– ژمارە ٢ ساڵی سێیەم ١٩٩٤ ل١١

لەلای باکوورەوە پانییەکەی دەگاتە (٥٧٨)کمو لە ناوەراستدا کەم دەبێتەوە تا دەگاتە (٢٣٢)کم، هەتا بەرەو باشووریش بڕۆی ئەو پانییەی تەسکتر دەبێتەوە، لە بەشی کۆتایی باشووردا لە (١١٢)کم زیاتر نابێ.[1]

بەڵام ئێمە بەهۆی بەهاداریی‌و دانسقەیی توێژینەوەکەی (میهردادی ئێزدی) کە لە کتێبەکەیدا هاتووە: (چەردە باسێك لەبارەی کوردانەوە)، بەباشی نازانین ئەو دەقانە وەکو خۆی‌و بێ قسە لەسەر کردن بگوازینەوە، بۆنموونە، لەمەڕ سنووری کوردستان، (ئێزدی) پێیوایە: سەرزەمینی پانوبەرینی کوردان، لە (٢٠٠) هەزار میلی چوارگۆشە پێکهاتووە. پانابیەکەی بەتەواوی پێکەوە، هاوتای پانایی فەرەنسا یان– ویلایەتەکانی کالیفۆرنیاو نیۆیۆرکە.

کوردستان بەسەر سنوورە شاخاویەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەڵاژاوەو بەوە ئەو سەرزەمینە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو جیادەکاتەوە.

لەکاتێکدا ئەمڕۆ کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە، کە خاکەکەشی بگرێتەبەر، دەتوانین بەو سەرزەمینانە بڵێین کوردستان، کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن، وڵاتی کوردان.[2] هاوسنووری

---

١- عەبدوڵڵا غەفور. جوگرافیای کوردستان. دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی. چاپی پێنجەم– دهۆك ٢٠٠٨ ل١٥

٢– (ئەوەی جێگەی سەرنجە میهرداد (لورەکان)یش وەك لازو ئەرمەن‌و تاد

ستراتیژییە لەگەڵ هەرسێ پێکهاتە ئەتنیکیەکەی خۆرهەڵاتی ناوەراست: عەرەبەکان لە باشوورەوە، فارسەکان لە رۆژهەڵاتەوە، تورکەکان لە ڕۆژئاواوە.[1]

لەپاڵ ئەمانەدا هەندێ کۆمەڵی بچووکی تریش هەن، کە لەگەڵ کورداندا هاوسنوورن، وەکو گورجیەکان (کەلازەکانیش دەگرێتەوە)و ئەرمەنییەکان لە باکوورەوە، ئازەریەکان لە باکووری رۆژهەڵاتەوە، لۆڕەکان لە باشووری رۆژهەڵاتەوە، تورکمانەکان لەباشووری ڕۆژئاواوە.

ڕووبەری ئەو سەرزەمینانەی دانیشتوانی کوردیان لەسەر جێگیر بووە، لەبارەی مێژووییەوە هەمیشە لە گۆڕاندا بووە. ئەم سەرزەمینانە زیاتر شانبەشانی تەنینەوەی کوردان بە دەوروبەردا تەسك بۆتەوە. ئەمە پرسێکە پەیوەندیی بە باری دێموگرافیو مێژوویيو ئابوورییەوە هەبووە.

لە کوردستانی باکووردا، کوردەکان ئێستا لە نزیکەی نیوەی ئەو خاکەدان کە بەوڵاتی ئەرمەنیەکان ناسراوە، واتە ئەو خاکەی کە دەوروبەرو باکووری دەریاچەی وان لە تورکیای ئەم سەردەمەدا

---

تەماشا دەکات، نەك وەك بەشێك لە کورد).

١- میهرداد ئێزدی. چەردە باسێك لەبارەی کوردانەوە، وەرگێڕانی (ئەمین شوان)، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل:٢٣و دواتر.

دەگرێتەوە، نیشتەجێن. لەلایەکی ترەوە هەر لە سەدەی نۆیەمەوە تا سەدەی شانزەهەم، خاکە کوردنشینەکانی لای ڕۆژئاوا، واتا: پۆنتوس، کاپادۆچیا، کۆماجین، سیلیسیا (قلقیلیا)ی ڕۆژهەڵات بەرەبەرە لەدەست کوردان دەرکرانو خرانە سەر قەڵەمڕەوی ڕۆمە بێزەنتیو ئارامییە سووریو دوایی تورکمانەکانو دوابەدواش تورکەکان. ئەگەرچی ئەم بارودۆخەی دوایین وا خەریکە لەم سەردەمەدا بەرەبەرە ئاوەژوو دەبێتەوە.

ڕووبەرێکی زۆری کوردستان لە باشووری زاگرۆس کە لە ناوچەی کرمانشاوە دەست پێدەکات و دەگاتە شیراز (لەوڵاتی فارس)و بەولاوەتریش هەتاهەتایە لە دەست چووە، بەهۆی دەربەدەربوونی کوردەکانو کۆچکردنیان بەرەو باکووری ڕۆژئاواو تێکەڵ بوونو توانەوەی بەربڵاویان لەناو لۆڕەکانو ڕەگەزی تردا.

ئەم پرۆسەیە لەسەدەی نۆیەمەوە بەردەوام بووەو ئێستاش نەبراوەتەوەو ئاسەوارەکانی بەزەقی لەناو لەکەکاندا خۆی دەردەخا، هەرچەندە هێشتاش بەزاراوەی کوردی دەدوێن، بەڵام پەیڕەوی ئایینێکی کوردی دەکەن، کەچی لەگەڵ لۆڕەکاندا یەکگیربوونەو لەوان نزیکترن لەچاو کوردەکانی تر.

جیاکردنەوەی کوردەکان لە پێکهاتە ئەتنیکیەکانی دراوسێیان لەباشووری کوردستان ئاسان نییە، واتا لەو شوێنانەدا کە هاوسنوورن لەگەڵ لوڕەکان، لە ناوچەکانی: هەمەدان، کرماشان و

ئیلامـدا. لەسـەدەی شـانزەهەمەوە کوردسـتان یـەك پارچـەو دوو پارچەی گـەورەی هاتۆتـە سـەر، هەرچـەندە لـەڕووی جوگرافییـەوە بەدەمیـەوە نـین. زۆربـەی دانیشـتوانی ئـەم دووپارچـەیە کـوردی ڕەهەندی سەردەمانی کۆنن.

ئەنەدۆڵی ناوەند بریتییە لە سـەرزەمینی دەوروبـەری شـارەکانی (دیۆنـــاك)و (هایمـــان)و جیهانبـــەیلی خـــواروو و ئەنقـــەرەی پایتەخت...هتد (واتـا کاپادۆچیلی دێـرین). ئـەم پارچـە دەکشـێتە ناوچە شاخاوییەکانی ناوەندی باکووری ئەنادۆڵەوە، (واتا پۆنقۆسـی دێرین)و تا سنووری شارەکانی (توقات، یوزغان، چەرموو و ئەماسیا کە هەتا دەوروبەری رووباری سەوز (یەشیل ئیرمـاق) ناوەسـتێتەوە، ئەم ناوچەیە واتە ناوەندی ژوورووی ئەنەدۆڵ، ئێستا کوردی زۆرتـرە لە پارچـە کۆنەکـەی– ئەنـەدۆڵی ناوەنـد، ئـەو بەشـە زۆر بچـووکەی لێدەرچێ بە زاراوەی (دوملیی dimila) دەدوێن، جێی گومانە ئەم کەوشەنو بانە هیچ لـە کـوردە پۆنتیـە دێرینـەکانی لێمـابێ، کـە تـا سـەردەمی بـەزۆر دەربەدەرکردنـەکانی سـەدەی (٩)ی ڕۆمـە بێزەنتیەکان لەوێ دەژیان، پارچەکەی تر ئەوی باکووری خۆراسانەو دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئێرانەوە، شارەکانی قوچانو بوجنووردی ناوەند دەگرێتەوە، کە لەو دەربـەدەرکردنو بـەزۆر نیشـتەجێکردنەدا هاتـە کایەوەو تا سەدەی (١٦)و سەدەی (١٨)، لە ئێراندا بەردەوام بوو.

لەشەڕی یەکـەمی جیهانـەوە کوردسـتان بەسـەر پێـنج دەوڵـەتی

سەربەخۆدا دابەشکراوە، لەمانە بەشی گەورە بەر تورکیا کەوتوە کە دەکاتە (٤٣٪)، ئینجا ئێران (٣١٪)و ئەوسا عێراق(١٨٪)و سوریا (٦٪) و، یەکێتی سۆڤیەتی جارانیش (٢٪)ی بەرکەوتووە.

ئەم وڵاتانە کوردستانیان لە قۆناغی جیاجیادا بەسەر چەند یەکەو کەرتی بەڕێوەبەرایەتیدا دابەشکردووە. لەم یەکانە، تەنیا لە ڕۆژئاوای ئێران، یەکێکیان ناوە مێژووییەکەی هەڵگرتووە ئەگەرچی بەناتەواویش بێ، ئەویش پارێزگای کوردستانە کە شاری سنە پایتەختەکەیەتی.

یەکێك لە ئاکامە هەرە نارەواو قێزەونەکانی دابەشکردنی کوردستان لە نێوان ئەم دەوڵەتە ناتەباو بلۆکە جیۆپۆلەتیکە بەرژەوەند جیاوازانەدا ئەوەیە کە هۆم وبانیە (مرزوبم)ی چوارکاتەیان هەیە، (ئەگەر خوراسانی تورکمانستانی بخەینە سەر، ئەوە دەبێتە پێنج کاتە). وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش کە چوارجار هێندەی کوردستان پانە هۆم وبانیە (مرزوبوم)ی چوارکاتەیان هەیە. ئەگەر لەباری جوگرافیەوە وەریگرین، کوردستان وڵاتێکی یەك کاتەیە، واتە بەسێ کاتژمێر پێش گرینچ دەکەوێت، ئەو سێ کاتژمێرە ماوەی نێوان (٣٠و ٥٠)ی رۆژهەڵاتی گرینوج دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەشەکانی ڕۆژئاواو رۆژهەڵات دەکەونە سەر هێڵی (٣٦و ٤٩) لە رۆژهەڵاتەوە، ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە وڵاتێکی یەك کاتە.

## چوارەم: گرنگی کوردستان

لــە ڕوانگــەی گفتوگۆکردنمــان لەمــەڕ ســنووری کوردســتان، گەیشتینە ئەو ئاکامەی کوردستان شوێنێکی گرنگی ناوازەی هەیە لە چــاو دەوڵــەتانی تــر. ڕەنگــە بەشــێکی بــەئاکام نەگەیشــتن‌و نەهامەتییــەکانی گــەلی کــورد هــەر بــۆ ئــەو شــوێنە ســتراتیژییە بگەڕێتەوە، بۆیە ئێمـە لێـرەدا بـەکورتی‌و لـە نێـوان چـەند خاڵێکدا ئاماژە بەو گرنگییە دەکەین:

کوردســتان ناوەنــدی بەیەکگەیشــتنی دوو کیشــوەری (ئاســیاو ئەوروپا) بـووە، کـە ئـەم دوو کیشـوەرە مێژوویـەکی دوورو درێـژیان هەیـە، لـە پەیوەنـدیکردن‌و بەریەککـەوتنی سیاسـی‌و شارسـتانێتی، کوردستان ئەو بەستێنەی هەبووە کە تیایـدا کولتـوورە جیاوازەکـان کاریان لەیەکتر کردووەو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

هــەروەها ڕێگــەی ترانزێتــی تــاران، مــاکۆ، ئەســتەمبۆڵ‌و ڕێگــای ئاســنی تــاران‌و قوتــوور، ئەســتەمبوڵ‌و ڕێگــای بەغــداد، زاخــۆ، ئەستەمبوڵیش شاڕێکانی بازرگانی مەڵبەنـدی ڕۆژهـەڵاتی ناوەراسـت بووە– بە درێژایی سەردەمە مێژووییەکان.

کوردستان خاکەکەی لەسەر نەوتـە، ئـەو گوتەیـە کـە ئامـاژە بـە دەوڵەمەنــدیی وڵاتەکــە دەکــات، لــە ڕووی ســامانی نەوتییــەوە، کوردستان کۆمەڵە مەڵبەنـدێکی پـڕ نـەوتی تێدایـەو گـرنگترینی ئـەو مەڵبەندانەش بریتین لە نـەوتی (موسـڵ‌و کـەرکوك‌و خانـەقین)، ئـەم

مەڵبەندانە ڕێگایان بۆ بەریتانیا خۆشکرد کە دەوڵەتێکی ناسیۆنالی عەرەبی لە میزۆپۆتامیا دابمەزرێنێو هەروەها نەوتی (باتمان) لە تورکیاو (ڕمیان) لە رۆژهەلاتی سوریا، یارمەتیدەری ئەو دوو ولاتە بوون لە بووژانەوەو بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریاندا.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باس و خواس لەمەڕ گرنگی ئاو لە ناوەندە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکاندا گەرمتر دەبێت، ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەگەر شەڕێکی دیکەی جیهانیی بێتە گۆڕ، لەسەر ئاو دەبێت!

لەم ڕوانگەیەوە، هیچ ولاتێك لە ئاسیای بچووكو رۆژهەلاتی ناوەراست هێندەی کوردستان خاوەن ئاو نییە، تەنانەت بوونو نەبوونی دوو ولاتی سووریاو عێراق بە رووبارەکانی کوردستانەوە بەستراونەتەوەو رووبارەکانی رۆژهەلاتی کوردستانیش زیاتر لە نیوەی ئاوەکانی عێراق دابین دەکەن.

بوونی هەردوو ڕەگەزی (گەلو هەرێم) بناغەو سەرچاوەن بۆ دروستبوونی دەوڵەت، بەلام ئەم دوو ڕەگەزە پێکەوەو بەبێ بوونی ڕەگەزی سێیەم کە سیستمی سیاسی– یاخود فەرمانڕەواییە، ناتوانن دەوڵەت پێکبهێنن، لەبەر ئەوە سیستمی سیاسی ڕەگەزی یەکلاکەرەوەو بڕیاردەری بوونی دەوڵەتە لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤدا.

هەر گەلێك لە ژیانداو لەسەر هەرپارچە زەوییەك بێت، پێویستی بە ڕێکخستنی ژیانی خۆی هەیەو ناتوانێت بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە لەگەڵ ئەو ژیانە ڕا بێتو بەردەوامی پێببەخشێت.

سیســـتمی بـــەڕێوەبردنی کاروبـــارو ڕێکخســـتنی پەیوەندییـــە جیاوازەکانی مرۆڤ لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیداو لە بچووکترین خانەی کۆمەڵدا بوونی هەبووە. هەر لە یەکەی (خێـزان)و (خێـڵ)دا، باوکێك یاخود (پیاوێکی گـەورە) هـەبووە، کـە ئـەم ئەرکـە گرنگـەی جێبەجێ کردووە.

لە مێژووی کۆنو سەدەکانی ناوەندو نوێو هاوچەرخی کوردیشدا چـەندین شـێوەی سیسـتمی دەسـەڵاتی سیاسـیو فەرمانڕەوایـەتی پەیدا بووە. بەڵام بەهۆی کۆمەڵە فاکتەرێکی خـۆییو بابـەتیی، ئـەو دەسەڵاتانە گۆت بوونە، لەوەدا کە بتوانن قەوارەیەکی یەکگرتوو لـە کوردستاندا پێکبهێنن. بەڵام لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کورددا هەوڵـدانی بـاش هـەبووە بـۆ دامەزرانـدنی سیسـتمی سیاسـیو دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی، جا بەهۆی گـەورەییو فراوانیی ئەو دەسەڵاتانە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسێکی تایبەتمان بۆ تەرخان کردووە.

# باسی سێیەم:
## کوردو ئەزموونی دەسەڵاتداریی

نەتەوەی کورد وەك هەموو نەتەوەکانی تری جیهان لە مێژوویەکی کۆنەوە ویستوویەتی لە ئازادی خۆیدا بژیو لەگەڵ مافە سروشتیەکانی ژیانی خۆیدا ڕا بێت. تەنانەت زیادەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین تێکۆشانەکانی ئەم نەتەوەیە بۆ دامەزراندنی سیستمی سیاسی لە هەموو تێکۆشانێکی هەر نەتەوەیەکی دیکەی جیهان زیاتر بووبێت.

بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕەنگە ئەو بوارەمان نەبێت کە گفتوگۆ لەسەر تانوپۆی ئەو تێکۆشانانە بکەین، بەڵام تێدەکۆشین لە نێوان خستنەڕوویێکی خێرا، وێنەیەکی ئەو هەوڵانە بخەینە ڕوو، هەندێ جاریش لە زمانی مێژوونووسەکانمانەوە ئەو وێنەیە دەخەینە ڕوو.

کوردەکان نەك بەتەنیا (پلوپایان) هەوڵیانداوە بۆ دامەزراندنی سیستمی سیاسی، بەڵکو ویستوویانە خۆیان فەرمانڕەوایی خۆیان بکەنو توانیویانە ئیمپراتۆریەتیش دابمەزرێنن، دیارە ئیمپراتۆریەت فەرمانڕەوایەتی چەندین نەژادی جیاوازی کردووە، گرنگترین نموونەش دەوڵەتی (مادە).

کوردەکان نەوەی مادەکان (میدیاکان)ن.[1] دەوڵەتی مادیش لە مێژووی کورددا بە ئەزموونێکی گەورەی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی گەلی کورد دادەنرێت.

تەنانەت لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە لە چاو سەردەمی خۆیاندا گەلێك پێشکەوتوو بوون. لە مادا، (Kara) یان (خەڵك– لەشکر)، واتە خەڵکی ئازادو چەکدار هەبوو، کە ئەمانەش بەشی هەرە گرنگی کۆمەڵ بوون، گومانی تێدا نییە گەلانی تری وەك (پارس) بە چاولێکەریی گەلێك شتیان لە مادەکانەوە وەرگرتووە، جۆری ڕێکخستنی سەردەمی مادو ئەو ڕێکخستنانەی کە لە دواییدا لە بارەی ئابوورییەوە لە پارسدا پێکهاتوونو بەهی سەدەی شەشەمی پێش زایین زانراوە، لە (شووش) دەست کەوتوونو (هی مادەکان، یان هی سەرەتای پەیدابوونی هەخامەنشینەکان بووە.)

سەرەرای ئەمەش هەروەك (دیاکۆنۆف) دەڵێت: دامەزراندنی دەوڵەتی ماد بەتەواوەتی خۆی نەگرتبوو، تا ڕادەیەك شلكو ناقایم بوو، ئیمپراتۆریەتی ماد یەکێك بوو لە پادشایەتییە کۆنەکان کە ناوی ڕێکخستنە سەربازییو بەڕێوەبەرایەتییەکانی، بەر لە ئیمپراتۆریەتی ئاشوور، بەسترابووەوە بە سەرکەوتنو ژێرکەوتنەکانیەوە.

بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم دەوڵەتە ئەستێرەی سەرکەوتنەکانی

---

١– کوردستانو کورد. عەبدولڕەحمان قاسملو. لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیو ئابووری. وەرگێڕانی: عەبدوڵا حەسەن زادە. بنکەی پێشەوا ١٩٧٣ل٤٠

له درەوشانەوەدا بوو، تا ئەوە بوو ساڵی (٦١٢ پ. ز) نەینەوای پایتەختی دەوڵەتی ئاشوری گرت.

(هێردۆت) بەمجۆرە باس لە ڕێکخستنی ئیمپراتۆریەتی ماد دەکات: لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مادیدا، هۆزێك دەسەڵاتی بەسەر هۆزێکی تردا ئەکردو مادەکانیش دەسەڵاتیان بەسەر هەمووان‌دا ئەکرد، هۆزێك بەسەر ئەو هۆزانەدا کە لێوەی نزیکتربوون، ئەوانیش بەسەر دراوسێکانیانداو دراوسێکانیشیان بەسەر هاوسنوورەکانیاندا.

سنووری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ماد هێندە فراوان بووە، کە وڵاتی شامو تورکیاو ئێرانو ئەرمینیاو ئەفغانستانی ئێستای گرتبووەوەو شارستانییەتێکی ناوازەیان هەبوو.

بەم شێوەیە دەتوانین دەوڵەتی ماد بە یەکەم قەوارەی سیاسی دابنێین، کە لە ماوەیەکی مێژووییدا گوزارشتی لە یەك دەنگیو دەسەڵاتی دەوڵەتدارییەکی یەکگرتووی کوردی کردووە.

بەڵام ئەو قەوارەیە لە ساڵی (٥٥٠ پ. ز) بەدەستی کۆرشی گەورە ڕووخا، واتە نزیکەی (١٠٠٠) ساڵ پێش هاتنی ئیسلامو (٢٦٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا، جا بە ئاوابوونی ئەم قەوارە سیاسییە کوردییە، تاکو ئێستاش کورد بە دەست پارچەپارچەبوونەوە دەناڵێنێ.

بەڵام ئەمە تاکە ئەزموونو دوا ئەزموونی کورد نەبووە لەو

بـوارەدا، بـەڵكو چـەندین ئـەزموونی پرشـنگداری ترمـان هەیـە، کـە هەنـدێ جـار لـە شـێوەی دەوڵـەتی سـەربەخۆو هەنـدێ جـاریش لـە شێوەی دامەزراندنی ڕێکخراوی کارا بۆ هێنانەکایەی ئـەو سیسـتمەو بەدیهێنانی سەربەخۆیی نەتەوەیی هاتوونەتە گۆڕێ.

لــەم بارەیــەوە مێژوونووســی گــەورەی کــورد (شــەرەفخانی بەدلیسیی) لە کتێبەکەیدا (شەرەفنامە) کە تەرخانکراوە بـۆ زینـدوو ڕاگرتنـی ژیـانی خانـەوادە گـەورەکانی کوردسـتان، هـەروەکو خـۆی دەڵێت: هەموو نیازو ئاواتیشم هەر ئەوەیە، کە خانەدانە گـەورەکانی کوردستان نێویان لەناو نێوان بمێنێو لەناو نەچن.(١)

---

١- میر شەرەفخانی بەدلیسی. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥

**ڕووپەڕی یەکەم**:

دەنگوباسی ئەو دەسەڵاتدارە کوردانەیە کە لە کوردستاندا ئاڵای سەربەخۆییان هەڵکردووەو مێژوونووسان لە ڕیزی پاشاکانیاندا نووسیوون. ئەویش لە پێنج بەنددا دێن:

بەندی یەکەم: دەسەڵاتدارانی: دیاربەکرو جزیرە.

بەندی دووەم: دەسەڵاتدارانی: دینەوەرو شارەزوور کە بە حەسنەویە بەنێوبانگن.

بەندی سێیەم: دەسەڵاتدارانی: فەزلەویە کە بە لوڕی گەورە ناسراون.

بەندی چوارەم: فەرمانڕەوایانی: لوڕی بچووك.

بەندی پێنجەم: پادشاکانی میسرو شام کە بەبنەماڵەی ئەیوبی نێوبراون.[1]

**ڕووپەڕی دووەم**:

باسی بەسەرهاتی ئەو گەورە پیاوانەیە کە هەرچەندە باری سەربەخۆبوونی تەواویشیان بۆ نەڕەخساوەو خۆیان بە پاشا نێو نەناوە، بەڵام لە سەربەستیو ئازادیدا گەیشتوونەتە رادەیەك، کە هێندێك لەوانە تەنانەت سکەشیان بەنێوی خۆیانەوە لێداوەو بێژیا (خگبە)ی هەینیش لەسەر مینبەری مزگەوتەکان بەناوی ئەوانەوە

١ -هەمان سەرچاوە، ل١٢

خوێندراوەتـــەوە. ئـــەوانیش وەك: دەســـەڵاتدارانی ئـــەردەڵانو دەسەڵاتدارانی هەكاری كە (شەنبۆ) شیان پێدەڵێنو دەسـەڵاتدارانی ئامێدی كە بـە (بادینـان) بـەنێوبانگن و دەسـەڵاتدارانی جزیـرە، كـە (بەختی– بەخێیە)شیان پێگوتراوەو دەسـەڵاتدارانی (حەسـەنكیف) كە بە (ملكان– مەلەكان) ناسراون.[1]

هەروەها (محەمەد ئەمین زەكی) بەشی دووەمی بەرگی چوارەمی (خولاسـەیەكی تـاریخی كـوردو كوردسـتان)ی بـۆ باسـی رێكخسـتنە رامیارییەكان (تەشكیلاتی سیاسی)و دەسەڵاتەكان تەرخان كردووە. ئەو بەشەشی ناو ناوە (حكوماتو ئەمارەتی كورد) یان (دەسـەڵاتو میرنشـینی كـورد)، كـە لـەم بەشـەدا بـاس لـەو دەسـەڵاتدارەتیە سیاسییانە دەكات، كە لە پێش زاینیـەوە تـاكو سـەردەمی مێـژووی نوێی كورد لە كوردستاندا فەرمانڕەوایەتیان كردووە، ئـەوانیش وەك دەسـەڵاتەكانی (لۆلـۆ، گـۆتی، كاسـای، میتـانی، سـوباری، نـایری، مەدیا (میدیا) ئەم دەسەڵاتانە لە قۆناغی مێژوویی كۆندا بوون، بەڵام لەسەردەمی سەدە ناوەندییەكاندا باس لە دەسەڵاتەكانی (سـالارییە لـــە ئازەربایجـــان، ڕەوادیـــی، دۆســـتەكی، مـــەروانی، بـــەرزیكانی (حەسـنەویە)، ئـەیوبی، زەنـدیی، لـوڕی گـەورە (فەزڵـەوی))، لـوڕی بچـووك یـاخود ڕەشـیدی، بـەنی ئـەردەڵانو دەسـەڵاتی شـەددادیە، كراوە.)[2]

---

١– هەمان سەرچاوە، ل١٢

٢ -محەمـەد ئـەمین زەكـی بـەگ. خۆلاسـەیەكی تـاریخی كـوردو كوردسـتان لـە زۆر قەدیمەوە تا دەوری ئیمڕۆ. ئامادە كردنی: ڕەفیق صالح. بنكـەی ژیـن– هـەولێر ٢٠٠٦ ل١

سەرەڕای ئەم دەسەڵاتانە، (محمد ئەمین زەکی) باسی چەند میرنشینی کوردی کردووە لە کوردستاندا، وەك: میرنشینەکانی (جزیرە، بەدلیس، خێزان، میردەسی، حەسەنکێف، هەکاریی، برادۆست، داسنی، سۆران، بابان، بانە...هتد)، کە تەواوی ئەم دەسەڵاتو میرنشینانە سیستمی سیاسی تایبەت بەخۆیان هەبووە.

تەنانەت بوونی دەسەڵاتی ئەیوبی لە میسرو وڵاتی شامو یەمەنو دەسەڵاتی زەندی لە ئێراندا، ئەو راستییە دەسەلمێنن کە کوردەکان لە دەرەوەی سنووری کوردستانیش پەرۆشی ڕێکخستنی کاروباری وڵاتو نموونەی باڵای بەڕێوەبردنو ئەنجامدانی کاری سیاسی بوون، لە ناوەڕاستو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە تاوەکو ئەمڕۆ، هەوڵیانداوە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسی کوردی، نموونەش: تێکۆشانەکانی (بەدرخان پاشا– ١٩٤٣)و (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی– ١٨٨٠)و (شێخ مەحموود، دەسەڵاتی کوردستانی باشوور)و شۆڕشەکەی (شێخ سەعیدی پیران — ١٩٢٥)و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵات بە سەرکردایەتی قازی محەمەدو شۆڕشی ئەیلول بەسەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانو شۆڕشی نوێو دامەزراندنی دەسەڵاتو پەرلەمانی باشووری کوردستان، لە دوای راپەڕینە جەماوەریەکەی ساڵی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان.

هەموو ئەمانە پێکەوە ئەو راستییە دەسەلمێنن کە کورد لە سەرەتای نیشتەجێبوونی لەم ناوچەیەدا دەسەڵاتی سیاسی تایبەت

بەخۆی هەبووەو کارێکی کردووە کە لەتەکیدا ڕابێت.

بەڵام بۆ نەیتوانیوە دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی دابمەزرێنێ؟ یاخود بەردەوامی بەو دەسەڵاتە سیاسییە سەربەخۆیانە ببەخشێت کە لە مێژووی دوورو نزیکدا دەرکەوتوون؟ بێگومان ئەوانە هۆکارو بابەتی خۆی هەیەو لە بەشەکانی دواتردا لێی دەدوێین.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کوردستان بەدرێژایی مێژوو بە بەردەوامی هەرسێ ڕەگەزەکانی دروستبوونی دەوڵەتی تێدا بووەو بەستێنی لەباری بنیاتنانی دەوڵەتی هەبووەو هەمیشە لە تێکۆشاندا بووە بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.

# بەشی سێیەم:
# هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی

# باسی یەکەم:

# هۆکارە خۆییەکان:

### هۆکاری ئایدیۆلۆژیی و کولتووریی:

دیارە هەریەکە لە ئایدیۆلۆژیاو کولتوور، دوو خاڵی سەرەکین لە بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەتدا، بەڵام ئەمە لەوەدا کورت نابێتەوە ئەو نەتەوەو گەلەی سەر بەهەمان ئایدیۆلۆژیان– یان لە سایەی یەك ئاییندان، دەبێت سەر بەیەك دەوڵەت بن، کە لە راستیدا ئەمە ئایدیای دەوڵەتە داگیرکەرەکانی وەك: دەوڵەتی عوسمانی و فارسیو عەرەبی بوو– یان بە مانایەکی تر دەگونجێت دوو کۆمەڵە– یان دوو دەوڵەت کولتووری هاوبەشیان هەبێت، بەڵام خاوەنی دوو سیستەمی سیاسی جیاوازبن، وەك چۆن وڵاتانی عەرەبی کولتووری هاوبەشیان هەیە، بەڵام خاوەنی سیستەمی سیاسی جیاوازن، خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە نزیکایەتی ئایینو کولتوور زۆر جار بوونەتە چەکی دەستی کۆلۆنیستەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنو داگیرکردنی سنوورێکی دیاریکراو.

کاریگەری خراپ بەکارهێنانی ئایین لەسەر داگیرکردنی کوردستان، کاریگەریەکی ئاشکراو مەبەستداریشە، چونکە لە چەندین قۆناغی مێژوودیدا کوردستان گاوگەردوونی دەستی ئەو کەسانە بووە، کە بەناوی ئایینەوە تێکۆشاون کوردستان داگیربکەن،

زۆرێك لە داگیرکەرانی کوردستان بە بیانووی ئایینەوە هاتونەتـە نـاو خـــاکی کوردســـتانەوە، لـــەدوای دەســـکەوتە ئیســـلامییەکان، ئومەوییەکان بەناوی ئیسلامەوە چـەندین شـێوازی نامرۆڤانـەیان بـە مەبەسـتی ملکەچـپێکردنیان دژبـە کوردەکـان دەگرتەبـەر، دواتـر فارسەکانو تورکە عوسمانییەکانیش هەمان سیاسەتیان گرتۆتەبەر.

گـەر بـاس لـە چـەردەیەکی مێـژووی ئایینـەکان بکـەین لـە کوردستاندا، دەبێت لە (ماد)ەکانەوە دەست پێبکەین، چونکە کورد بە نەوەی (ماد)ەکان دادەنرێن، (ماد)ەکان ئەوخێڵە ئاریاییانە بوون، کە لە هەزارەی دووهەمی پێش زاییندا نیشتەجێی باکووری ڕۆژئاوای خاکی ئێران بوون.

میرنشینە جیاوازەکانی (ماد) کە لەگەڵ ئاشووریەکاندا لە شـەڕی بەردەوامـدا بـوون، لـە سـەدەی حەوتـەمی پـێش زایـین لـەژێر دەسـەڵاتداری (دیجۆسـێس)دا، کـە ئـەکپاتان (هەمـەدانی ئێسـتای ئێران)ی کردە پایتەختی خۆی، یەکخرانەوە.

لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی پـێش زایـین، مادەکـان دەسـەڵاتی خۆیان بەسەر وڵاتی فارسدا سەپاند. لەساڵی (٦١٢ پێش زایین)، بە هاوکاریی بابلییەکان نەبوخزنەسر بە تەواوی کۆتـایی بـە دەسـەڵاتی ئاشووریەکان هێنا.

لە ساڵی (٥٥٠ پـێش زایـین) سـەرۆکی هـۆزێکی فـارس بـە نـاوی کـورۆش ئـەخامینش (کورۆشـی مـەزن) دەسـتی بەسـەر میـدیادا

گرتەوەو کردی بە بەشێك لە ئیمپیراتۆریەتی فارس. دوایش بوو بە بەهێزترین دەسەڵات لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

(زەردەشتی) ئایینی فەرمی ئەخمینی بوو، بۆیە وا پێدەچێت بە سەر مادەکانیشدا سەپێنرابیت کە کوردستانیش بەشێك بووە لە وڵاتی مادەکان.

کاتێك ئەسکەندەری گەورە لە ساڵی (٣٣٠ پێش زایین) میدیای داگیرکردو میدیا ئیتر وەك بەشێك لە ئیمپیراتۆریی یۆنانی کەوتە ژێر کاریگەریی قووڵی (هێلینی)ەوە، دواتر ئایینێکی سەیر بەناوی (میتراییزم) بە شێوەیەکی خێرا لە ئێران سەریهەڵدا. (میترا) خوای رۆژ بوو. ئەم میترائیزمە لە کوردستاندا سەرکەوتنێکی خێرای بەدەستهێنا. سەرکەوتنێك کە تەنانەت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ پاش هاتنەوەی ئایینی جوولەکەو مەسیح، جیێ خۆی هێشتەوەو کاریگەرییەکەی خۆی پاراست.

لەماوەی ئیمپیراتۆریی نوێی ئاشووریدا ڕەوەندێکی گرنگی جوولەکەکان ئاوارەو دەربەدەری کوردستان بوونو بەو هۆیەوە زۆر بە خێرایی بەشێکی بەرچاوی کورد لە دین وەرگەڕانو بوونە جوولەکە. دواتر لە دوای دەرکەوتنی مەسیحیەت، زۆربەی کوردەکان کە لە ژێر کاریگەریی ئایینی جوولەکەدا بوونو ئەم ئایینە تازەیەیان پەسەند کرد.

دواتر ئیسلام لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بڵاوبووەوەو هەر لە

سەرەتای (٦٣٧)ەوە سوپای ئیسلام بەرەو كوردستان هاتوونو كوردەكان پاش بەرەنگاربوونەوەو جەنگی نێوانیان سەرەنجام موسوڵمان بوون.

بۆیە دەبینین زۆرینەی بیرباوەرو ئایینەكان لە دەرەوەی كوردستانەوە هاتوون. ئەمەش كاریگەریی جۆراوجۆری لێكەوتووەتەوە.

بۆ یەكەمجار لە ساڵی (١٥١٤)دا سوڵتان سەلیمی عوسمانیی بۆ راكێشانی كوردەكان بەلای خۆیدا سیاسەتێكی هەڵخەڵەتێنەرانەی بەكارهێنا، ئەویش بە بەكارهێنانی هەستی ئایینی كە (مەلا ئیدریس)ی ناردە لای كوردەكانو دەگەڕا بەسەر گوندنشینەكانداو پەیوەندیی بە سەركردەكانیانەوە دەكردو هەستی ئایینیان دەبزوێنرا بۆ چوونە ژێر سایەی سوڵتانەوە، كە داندەنێ بە سەربەخۆیی میرنشینە كوردەكاندا، بەم شێوەیە لە مانگی یانزەی (١٥١٥)دا میرنشینە سەربەخۆكانی كورد خرانە ژێر سایەی سوڵتانەوە. پاشان هەموو سیمایەكی سەربەخۆیی لێدابڕین. ئەم دەستبەسەرگرتنانە یەكەمجار بە خەڵەتاندنو لەژێر پەردەپۆشی ئاییننداو پاشان بە زۆر دووبارە دەكرایەوە تا عوسمانییەكانو سەفەوییەكانیش نەمانو گەلی كورد گیرۆدەی ئەو بەزمو بالۆرەیە كرا.[1]

---

١- خالید عەلی فەرج، مێژووی راپەڕینی كورد لە توركیا، ماڵپەری كورد.پێنوس penusikurd.dk ٢٠٠٧/١٠/٣٠

یەکێك لەو بۆچوونانەی لەلایەن هەندێ توێژەرەوە نووسراوە، ئایین یەکێك بووە لە هۆکارەکانی داڕمانی میرنشینی سۆران، چونکە پیاوە ئایینیەکان دەیانویست میرنشینەکە ملکەچی عوسمانیەکان بێت، بەو بیانووەی عوسمانیەکان موسڵمانن و میر خەلیفەی موسڵمانانەو لە جێگەی پێغەمبەرە، (مەلای خەتێ) سەرەڕای ئەوەی کە لە میرنشینەکە هەڵگەرایەوە، لە وتارەکانی رۆژی هەینیدا خەڵکی هاندەدا دژبە میرنشینەکە هەڵگەڕێنەوە.[1]

لەکاتێکدا (شەریف پاشا) بە نوێنەرایەتی کورد لە کۆنفرانسی ئاشتی، لە نامەیەکیدا بۆ خەلیفەی دەوڵەتی عوسمانیی دەنووسێ: من پێش هەموو شتێك موسڵمانم، شتێك ناکەم دژبە بیروبۆچوونی جەنابتان بێت و ناچمە ژێر بیری هیچ لایەنێکی سیاسییەوە[2] هەرچەندە (شەریف پاشا) پلوپای زۆری کردو لە (پەیمانی سیڤەر)دا رەنج و ماندوبوونەکەی وەدەرکەوت، بەڵام لەم نامەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، شەریف پاشاش کە نوێنەری هەموو گەلی کورد بووە لە کۆنفراسەکەدا، ئایینی بەگرنگتر زانیوە لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان.

---

١ – ئومێد خەتاب، میرنشینی سۆران. گۆڤاری چەرمۆ. ژمارە(٣) ساڵی یەکەم ٢٠٠٧/٩/١٠ل٨

٢- لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا– دۆکیومێنتی ژمارە-fo.371-5068) لە ٢٣–٤–١٩٢٠

لێرەدا ئەم نموونانـە رەنگـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەمان بـۆ روون بکاتەوە، لەمەڕ رۆڵی گرنگی ئایین لە دروستبوونی دەوڵەتدا، کـە لـە زۆر کۆڕو کۆبوونەوەی رۆشنبیریدا بەرگوێمان دەکـەوێت، کـە بۆچـی عـەرەبو فـارسو تـورك توانییـان سـوود لـە ئیسـلام وەربگـرن بـۆ دامەزراندنی دەوڵەت، بەڵام ئێمەی کورد نـەمانتوانی ئـایینی ئیسـلام لە بناغەدانانی قەوارەیەك بۆ خۆمان بەکاربهێنین؟ ئەمە لـە کاتێکـدا فەلسەفەی ئایین بریتییە لە خزمـەتکردنی مرۆڤایـەتی، بـەڵام دیـارە ناتەواوییەکە بۆخۆمان دەگەڕێتەوە، کە نەمانتوانیوە وەك پێویسـت لەرۆڵی ئایین لەدامەزراندنی دەوڵەت تێبگەین!

لەلایەکی ترەوە دەبینین زۆرینـەی شۆڕشـە کوردییـەکان مـۆرکو بنەمای ئایینیان پێوە دیارە– یان ئایین کۆڵەکەیەکی بنـەڕەتی ئـەو شۆڕشـانە بـووە، بۆنموونـە: زۆربـەی سـەرکردەی شۆڕشـەکان لـە زانایانی ئایینی بوونو شوێنکەوتووی خۆیان هەبووە، بۆنموونە شێخ عوبەیدوللای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی نـەمر، مەلا مستەفای بارزان و...هتد)

ئەگەر بڕوانین بۆ سەرهەڵدانو بڵاوبوونـەوەی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر لە ڕووسیا، دەبینین شۆڕشی ئۆکتۆبەر، وەك بزاوتێك بۆ هەڵگیرسانی ئایـــدیۆلۆژی مارکسیســـتی کاریگـــەریی راســـتەوخۆی لەســـەر شۆڕشگێرانی هەموو بن دەستەکانی سەر ئەم خاکە هەبووەو وشەی گەلی سەردەستو بن دەسـتو ناسـاندنی دۆسـتو دووژمنـی قۆناغـە

جیاجیاکانی خەباتو شۆڕش، بۆ هەستە چینایەتیو نەتەوەییەکان هاتەکایەوە.

چارەسەری رامیارییانەو یەکسانیکردنی مافەکانی مرۆڤ کرایە بابەتو وتەی سەر زاری ڕووناکبیرانی هەموو لایەك لەجیهانداو لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر کرا، ڕۆشنبیرانی کوردیش پرژێکی ئەو هەوالانەیان پێگەیشتووە، هەربۆیە دەبینین لەدوای شەڕی جیهانییەوە بەوەنەس (جدی) ترو بەشێوەیەکی بەرفراوانتر ڕووناکبیران بۆ بەدواداچوونی شۆڕشی سیاسی هەنگاویان ناوەو بزوتنەوە سیاسییەکانی چینایەتیو نەتەوایەتی سەریهەڵداوە.

ئەگەر چاولێکەریشی تێدا بەدی بکرێ، ئەوە توانای ڕووناکبیرانی ئەو کاتە هەر ئەوەندە بووەو دەتوانین بە قۆناغی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانیان دابنێین- لەڕووی تیۆریو ناساندنی دۆستو دوژمنی بزوتنەوەکانەوە.

یەکەم هەنگاویش وەك سەرهەڵدانی ئەو قۆناغە لە کوردستانی باشوورەوە دەستپێکردووە، بە دەرکەوتنی (حیزبی هیوا)و (پارتی دیموکراتی کوردستان)و پاشان (حیزبی شیوعی) [1]

کولتووری کۆمەلایەتیش هۆکارێکی تری یاریدەدەر بووە بۆ

---

١- خاید عەلی فەرج، مێژووی خەباتی سیاسی کورد لە تورکیا، ماڵپەری کورد پێنوس penusikurd.dk ٢-١١- ٢٠٠٧

پاڵنان بە رژێمە کۆلۆنیاڵەکانەوە تا پەل بۆ کوردستان بهاوێژن، سیستمی کۆمەڵایەتی هەریەك لە وڵاتانی: تورکیا، عێراق، ئێران، سیستەمێکی لێك نزیکەو زۆرێك لە دابونەریتی وەکو یەکو تەنانەت موزيكو شێوازی بەڕێوەبردنی بۆنەکانیش کە نەخشیان تێدا هەبووە، هەمان شێوازن لە هەریەك لەو نەتەوەگەلەدا، سەرەڕای ئەوەی هەریەکە لە فارسو کورد لەیەك نەتەوەی ئارینو هەردوو لاشیان لە زۆر ماوەی مێژووییدا یەك سیستمی دەسەڵاتداری بەرێوەی بردوون، جگە لەوەی کولتووری لێبووردەییو گیانی پێکەوەژیان لەناو کوردا کولتوورێکی فرە رەهەندو پاشماوەییە، بۆیە زۆر جار کوردەکان خۆیان داوەتە پاڵ ئەو نەتەوەگەلەو پێیانوابووە ئەو کارە چاکەیەو لەبەرژەوەندیی ئەواندایە، بۆیە زۆرجار بوونەتە قەلغان بۆ نەتەوەکانی تر لەپێناو پاراستنو داگیرنەکردنیاندا.

لەم بارەیەوە دەتوانرێت ڕوونترین نموونەی پێکەوەژیانی کوردو تورك لە سەردەمی (سوڵتان یاوزدا) ببینرێت: سەرەڕای ئەوەی کە سوڵتان یاوز بەردەوام داوای لە کوردەکان کردووە کە دەوڵەتی کوردیی دروست بکەن، کەچی زۆربەی بەگە کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆیان ڕەتکردۆتەوەو وایان پێباش بووە لەژێر سایەی یەك دەوڵەتدا بژینو بەڕێوەبەرایەتییەکی وایان ویستووە، کە سوڵتان سەرۆکێکی بۆ دابنێت. ئەمەشیان وا مەزەندە کردووە لە

بەرژەوەنـدیی هەردوولادایـە. ئـەم نزیکبوونـە لـە لایەکـەوە ڕۆڵێکـی کاریگەری بینی لەسەرکەوتنی عوسمانیەکان بەسـەر سـەفەوییەکاندا لـە جـەنگی چـاڵدێراندا، لەلایـەکی تریشـەوە سـەرکەوتنیان بەسـەر وڵاتانی عەرەب لە شەڕەکانی (ریدانیەو مرج دابـق)دا. بـەم شـێوەیە کۆمەڵگای کوردەواری بەردەوام دەبێت تا سەدەی نۆزدەیەم.

شـایانی گوتنـە ئـەم پەیوەندییانـە لەسـەدەی نۆزدەیەمـەوە هاوسـەنگییەکەی تێکدەچـێتو نامێنێـت، هۆکـاری سـەرەکیش دەگەڕێتـەوە بـۆ هـاتنو سـەرهەڵدانی ڕۆژئاواییـەکانو پاشەکشـەی عوسمانیەکان لە بەردەمییاندا، بەتایبەتی چاوچنۆکیی سەرمایەداری بریتـانی بـەرەو ڕۆژهـەڵاتی ناوەراسـتو داخوازییـە هەمیشـەییەکانی دەوڵـەت لـە زیـادکردنی سـەرانەو بـەزۆرکردنی خـەڵك بـە سـەرباز، لێرەوە سەردەمی ناڕەزاییو شۆڕشـەکان دەسـتپێدەکات.[1] کەواتـە لێرەشدا بالانسی پێکەوەژیان بەلای کورددا شکاوەتەوە، واتـا ئـەوە کـوردە هەمیشـە خواسـتی پێکـەوەژیانی هـەبووە، کـە لـە راسـتیدا بەرانبەرەکانیان هەمیشە چاویان لە داگیرکردنی کوردسـتانو بردنـی داهاتو سامانەکەی بووە.

١- عەبدوڵڵا ئۆجەلان. مانیفێستۆی چارەسەری دیموکراتییانە بۆ کێشەی کورد. کورد. ل١٤

## دووەم: هۆكارە ئابووریی و كۆمەڵایەتی و دەروونییەكان

ئابووری یەكێكە لە كۆڵەكە گەورەكانی دروستبوونی هەر كۆمەڵگەیەك، چونكە گوزارشت لە چۆنێتی بژێوی دانیشتوان دەكات. كوردستانیش لەبەر ئەوەی خاوەنی سامانێكی زۆری ئاژەڵ و زەوی لەباری كشتوكاڵ بووە، بۆیە بەدرێژایی مێژوو بووەتە جێگەی چاوتێبرینی هێزە داگیركەرەكان و سەرچاوەیەكی سەرەكی بژێوی ئەو هێزانەی پێكهێناوە، بۆیە هەرگیز ئامادە نەبوون دەسبەرداری پرۆسەی داگیركارییەكانیان بن! ئەم هۆكارە لەسەرەتای سەدەی بیست و بەتایبەت كاتێك سامانێكی زۆری وەك نەوت لە كوردستاندا دەدۆزرێتەوە، زیاتر كاریگەرێتی لەسەر گۆتكردنی تێكۆشان بۆ دروستكردنی دەوڵەتێكی كوردی زیاد دەكات. واتە لە باتی ئەوەی ئەم ئابوورییە بەهێزە ببێتە كۆڵەكەی درووستكردنی دەوڵەتێكی یەكگرتووی بەهێزی كوردی، ئەوا ئەنجامەكەی بە پێچەوانەوە دەشكێتەوە. لەبەر ئەوەی هیچ دەوڵەتێكی داگیركەری كوردستان ئامادە نییە دەسبەرداری چاڵە نەوتە گرنگەكانبن، كەئەو چاڵانە زۆرینەیان دەكەونە كوردستانەوە.(1)

لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتیش سەرەتا پێویستە لە بونیادی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردی تێبگەین. (بناغەی كۆمەڵایەتی) باو لە كۆمەڵگەی كوردییدا بناغەی خێڵەكییە، سیستمی خێڵایەتی لە

---

١ - ژیر. كوردایەتی و سەربەخۆیی، چاپی یەكەم، سلێمانی،٢٠٠٢ ل٢٨

مێژوویەکی دێرینەوە باڵی بەسەر کۆمەڵگەی کوردییدا کێشاوە. بۆیە مێژووی خێڵ بەشی شێری مێژووی کۆمەڵایەتی کوردی پێکهێناوەو خێڵایەتیش بەناخی مێژووی کورددا ڕۆچووە! هەرچەندە کوردەکان هەموویان خێڵەکی نین، لە گەلێك جێ، ئەوانەی سەر بە هیچ خێڵێك نین، زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن. بەڵام هەروەك (مارتین ڤان برۆنەسن) دەڵێت: ناخێڵەکییەکان لەهەموو سەردەمەکاندا، هەتا ئەم سەردەمەش، لەڕووی سیاسیو ئابوورییەوە پەیوەستو پێبەندی کوردە خێڵەکییەکان بوون، واتا: دیاردەی فیۆدیالیزم بەسەر شیرازەی خێڵدا زاڵە.)

خێڵ لە کۆمەڵگەی کوردییدا خاوەنی دابونەریتی تایبەت بە خۆیەتی، کە لە خێڵی کۆمەڵگاکانی تر جیای دەکاتەوە. جا هەر خێڵێك خۆی بە یەکەیەکی سەربەخۆی جیاواز لە خێڵو بەشەکانی تری کۆمەڵگا دەزانێتو خاوەنی سنووری تایبەتی خۆیەتیو هیچ خێڵێکی تر بۆی نییە لەسەر پانتایی جوگرافیای ئەو هیچ چالاکییەکی ماددیو مەعنەوی خۆی جێبەجێبکات.

تەنانەت لەلایەنی سیاسیشەوە خێڵ ڕۆڵی گرنگ دەبینێ، چونکە لە هەموو ڕەوشتێکی سیاسییدا ئامادەیە، ئامادەیی تەواوی لە ناو هۆشیاریو وریایی تاکەکاندا هەیەو راستەوخۆ سەرلەبەری پەیوەنییەکانیشی ئاراستە دەکات.[1]

---

١- کامەران محەمەد. ڕامانێك لە سیستمی خێڵایەتی لە کوردستاندا. گۆڤاری نوێبوون، ژمارە (٣) مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی(ی.ن.ك) سلێمانی ٢٠٠٨ ل ٢٤٧

کۆمـەڵگای خێڵـەکی کـوردی، بـە بـەردەوامیی ڕۆشـنبیرییەکەی ماوەتـــەوەو جێگیربـــووە، ئـــەو ڕۆشـــنبیرییەی کـــە شـــێوەیەکی دیاریکراوی لەخۆ گرتووەو لە نـاو هـەموو خێڵەکانـدا بڵاوبووەتـەوە، بەشێوەیەك کە یەکێتییـەکی کۆمەڵایـەتیو بەسـرانەوەییێکی پتـەوی پێکهێناوە لە تێکرای کۆمەڵگاکانی تر جیای دەکاتەوە. لەبەر ئـەوە کەسایەتی کورد لەکاتی دروستبوونیدا شێوەیەکی دیاریکراوی لـەخۆ گرتووە، کە لەگەڵ شێوە ڕۆشنبیرییە باوەکەی کۆمەڵگەی کوردییدا گونجاوە.

کەسایەتی کوردیش مۆرکێکی تایبەتی لەخۆ گرتووەو لە بێگانەی جیا دەکاتەوە. لەزۆربەی لایەنـەکانی ژیانـداو لەگـەڵ گـۆڕانی کـاتو بارودۆخەکاندا مۆرکێکی نەگۆڕی هەیـە. ئـەم کەسـایەتیەش هەنـدێ جار بارودۆخ لاوازی دەکاتو هەندێ جاریش بەهێز. لە هەندێ ماوەدا دەوروژێنرێت لەبەرئەوەی کەسایەتی ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیریی باوەو لەهەنـــدێکی تـــردا هێـــور دەبێتـــەوەو وەڵامدانـــەوەی بـــۆ ژیـــارو شارســـتانیەتە جۆراوجۆرەکـــان هەیـــە، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا مۆرکـــە جیامەندەکـــەی خـــۆی لەدەســـت نـــادات. لـــەکاتی ئـــاڵوگۆڕو هەڵگەرانـــەوەی بارودۆخەکانـــدا. مۆرکـــە گشـــتیەکەش بـــەهێزو جیامەندەو بە چەندین قەیرانی نالەباردا تێپەڕیوەو توانیویەتی خۆی لەبەردەم نشوستییە توندەکاندا رابگرێت.(١)

---

١- محەمەد. ڕامانێك لە سیستمی خێڵایەتی لە کوردستاندا ل٢٤٧

ڕیشەی دروستبوونی کەسایەتی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ بناغـەی یەکەم خێڵە کوردییە جیاوازەکانی "خاوەنی یـەك نـەژاد"، بـە هـۆی ژن‌و ژنخوازیی‌و بیروباوەڕی ئایینی‌و هاوشێوەیی خوو نەریتەکانیان. ئەم بنەمایانە تا ئەندازەیەکی زۆر لە کەسـایەتی کـورددا چەسـپاون، کــە بەشــێوەیەکی بــەردەوام دەردەکــەوێت لەگــەڵ گــۆڕانی بارودۆخەکاندا.

لەگەڵ ئەو قاڵبە نیمچە چەسپاوانەدا، چەند سـیفاتێکی ناوەنـدی هــەن کـەتوانای ئـاڵوێرو گۆڕانیـان هەیـە لەئـەنجامی کارتێکـەرە ژینگەیی‌و پەروەردەییەکاندا.

بـەڵام زۆر بەکـەمی ئـەم وەژەن (صـفت)ە ناوەندیانـە لـە خێڵـی کوردیـدا بـەدی دەکـرێن! لەبـەر ئـەوەی کارتێکـەرە ژینگـەیی‌و بارودۆخە گشتیەکان‌و تێکرای هۆکارە جیاوازەکان لەسەر یەك ڕێبـاز بەشـێوەیەکی نیمچـە نـەگۆڕ، بەدرێـژایی سـەردەمە مێژوویيـەکان ماونەتەوە.

گۆڕان لە کەسایەتی تاکی کوردیدا بە تایبـەتی لـەکاتی تەنگـەژە خێڵەکیەکانـدا ڕوودەدات، ڕەوێـڵ (رەفتـار)و بیروبـاوەڕو سروشـتی کتوپڕ دەگۆڕێت، بـەڵام ئـەم گۆڕانـە بـەردەوام نابێـت‌و درێژخایـەن نابێت. هەر لەبەر ئەمەیە زۆر جار کەسایەتی کـوردی بەهەڵەشـەیی‌و دڕنــدەیی وەژەن دەکرێـت، ئاشـکرایە ئـەم ڕەفتـارە بـەرەنجامی هۆکارێکی کاتییە! زۆرجار دەبینین مرۆڤێکـی هـێمن‌و لەسـەرخۆ لـە

ژیانی ئاساییدا دەگۆڕێت بۆ کەسێکی دڵڕەقی چەك هەڵگرو بە توندیی فەرمان بەسەر هاوسێکەیدا دەکاتو تێدەکۆشێ سزایەکی سەختی بدات، لە بەرانبەر ڕەفتارێکی ئەو هاوسێیە کە ئەنجامی داوە، لەکاتی ئەو تەنگەژانەی کە باسمان لێوەکرد.[1]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەین کە ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە دیاریکردنو زەقبوونی شێوەیەکی تایبەتی بۆ خێڵە کوردییەکان، ئەویش تۆبۆگرافیای کوردستانە، چونکە ڕێگای دروستبوونی دامودەزگای خێڵی بە (شێوەیەکی سروشتی) نەداوە، لەبەر ئەوەی زەوی لەبارو دەشت کەم بووە، ئەمیش بووەتە هۆی نیشتەجێنەبوونێکی هەمیشەییو بەرفراوان، کە بتوانرێت بناغەی شاری لێوە بنیات بنرێت، بۆیە بە شێوەیەکی سروشتی دامودەزگای خێڵایەتی گەشەی نەکردووە. بارودۆخ بەوشێوە خێڵەکییە ماوەتەوەو گۆڕانێکی بەرەو باشترو بۆ ئاستێکی باڵاتری بەسەردا نەهاتووە.

تەنانەت زۆربەی بەربەستە سروشتییەکان زۆرجار خێڵەکانی لەناو خۆیاندا لەیەکتر جیا کردووەتەوەو پەرتەوازەی کردوون. ئەویش لە ئەنجامی زیادبوونو فراوانبوونی خێڵدا، ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی هاوسەنگی ناو یەك خێڵ- یاخود خێڵە جیاوازەکانی تێکداوە. ئەمە چ لە ڕووی کەمی داژدە (موڵك)و زەوی خێڵەوە

١- سەرچاوەی پێشوو. ل٢٤٨

بێت– یاخود له ڕووی کۆمەلایەتی‌و سایکۆلۆژیەتی خێڵەوە بێت.

هەموو بنەماڵەو تیرەیەك لە بنەماڵەو تیرەکانی خێڵ پاش ئەوەی گەشە دەکەن‌و ژمارەی تاکەکان‌و ڕووبەری زیاد دەکات، تێدەکۆشێ بۆ پاراستن‌و پارێزگاری ئەو ئاستەی کە پێیگەیشتووە. ئەم دیاردەیە لەهەناوی سەرکردەو ئەندامانی خێزانی دەسەلاتدارەکاندا خۆبەزلزانییەکی دروستکردوەو گیانی ڕق‌و کینەی لەناخیاندا تۆخ کردووەتەوە.

سەرەرای ئەوەش جگە لەو سنوورە دیاریکراوەی کە پێیگەیشتوون، هیچ ئاسۆیەکی تر لەودیوی ئەو سنوورەوە نابینن، یاخود بەنامۆ تەماشای دەکەن. ئەمەش بووەتە هۆیەك بۆئەوەی تاکەکانی خێڵ بیر لە بەرژەوەندیی گشتی نەتەوە نەکەنەوە، بێگومان ئەمەش پاڵنەر دەبێت بۆکردنی گەورەترین تاوان کە بە شێوەیەکی گشتی زیان لەخۆیان‌و کۆمەڵگاکەیان دەدات‌و دەیانخاتە دۆخێکی وشك‌و نادیارەوە. بیر وشکەڵبوون ئەگەر چووە ناو هەر کۆمەڵگایەکەوە، ئیتر بەسیەتی بۆئەوەی بەسەریدا زاڵبێت.[1]

بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە پێکهاتەی خێڵایەتی لەناو کورددا بە درێژایی چەندین سەدە بمێنێتەوە، مانەوەی خێڵیش ڕێگر بووە لەبەردەم گەشەکردنی تاك‌و گەشەپێدانی بەهرەکانیدا، بەواتایەکی دیکە، تاکی لەناو بۆتەی خێڵایەتییدا تواندووەتەوە!

---

١- سەرچاوەی پێشوو. ل٢٤٩

لەبەرئەوەی کەسایەتی مرۆڤ بەرهەمی کارلێکی نێوان سروشت و ژینگەی کۆمەڵایەتییە، سروشتی مرۆڤیش ڕەگەزێکی تارادەیەك نەگۆڕە، بەڵام ژینگەی کۆمەڵایەتی هەمیشە ڕەگەزێکی گۆڕاوو گەشەکردوو بووە. ژینگەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ئاستێکی نزمی گەشەکردندا بووەو بە شێوەیەکی نیمچە بیروشکەڵ ماوەتەوە، کە ڕێگای نەداوە بەتاکی کوردی بەهرەو توانا سروشتییەکانی بخاتە گەڕو سوودیان لێ ببینێت. بۆیە کەسایەتی تاك لەناو خێڵدا لەئاستێکدا ماوەتەوە گەشەیەکی وای نەکردووە، واتا توانای بەهرەکانی تاك بەهەدەر چوونو لە خزمەتی تایبەتی خێڵدا بوون. جا ڕژێمە رامیاریو ئابووریو پەیوەندییەکانی نێوان خەڵك بەبێ گەشەکردن ماونەتەوە.

بەم پەیوەستبوونو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە، کەوا بەرژەوەندی تاكو کۆمەڵ لەناو خێڵدا دابین دەبێت، بەسەر هەستی تاکەکاندا زاڵبووە. تاك لەناو خێڵی کوردیدا هەستی وەکو ئەندامێك لە خێڵەکەیدا لەپێش هەموو هەستێکی ترو تاکێکی دیکە، پابەندە بەخێڵەکەی خۆیەوە کەبەهێزترە لە هەموو پابەندبوونێکی تر، لەبەر ئەوەی خێڵی کوردی خۆی بەخاوەنو زاڵ دادەنێت بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە خێڵدا. ئەو پارچە زەوییە جوگرافیە تەسکەش کە خێڵەکە ژیانی تێدا بەسەر دەبات، بە نیشتمانی گەورەی خۆی دەزانێت. ئەوەش هۆکارێکی لاوازبوونی هەستی

پیرۆزی نیشتمان پەروەریی بووە، لەهەمان کاتدا هەستێك بووە کە باڵی بەسەر هەستی دروستبوونی قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتووی کوردیدا کێشاوەو نەیهێشتووە تاکی کورد ئەو هەستەی دەربکەوێتو بخەملێت.[1]

لەبەر ئەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی، بەبێ تواناو دەسپێك ماوەتەوە، بۆیە نەیتوانیوە یارمەتی تاکی کوردی بدات بۆ گەشەکردنی کەسایەتیو بەرزکردنەوەی ئاکارەکانی، لەبەر ئەوە خنکانو کپبوون بووەتە کۆتی گەردنی مرۆڤی کورد، بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کەزۆرجار لابداتو بە مەبەستی دەربازبوون لەو کۆتانە، هەڵەی گەورە بکات، بەمەش زیان لە کۆمەڵگای کوردی بدات. ڕاهێنانی تاکەکان هەر لەو چاوگەوە سەرهەڵدەدات کەتاکی خێڵەکی لەژێر سایەی خێڵدا پەروەردە دەبێتو بەهاو داب و نەریتەکانیش لەوەوە وەردەگرێت.

بەم شێوەیە تاکی کوردی بەستنەوەی بۆ خێڵ زۆر دەبێتو لەگەڵیدا کوێر دەبێ، بەتایبەت ئامانجو بنەماو شێوازەکانی بیرکردنەوەو ژیان لەناو خێڵدا، لەبەرئەوەی کە دەوروبەر ڕێگای جوڵەی پێناداتو ئامرازەکانی پێشکەوتنو گەشەکردنیشی بۆ ئامادە ناکاتو گەشەی کەسایەتییەکانیش سنووردار دەکات! بۆیە تاکی کوردی هەست بەکپیو بێبڕی بوون دەکات.

---

١- سەرچاوەی پێشوو. ل٢٤٩

کەسی کورد ئەگەر دەسپێکی فێرخوازییو ڕۆشنبیرییەکانی بۆ دابین بکرێت، ئەوا ڕۆشنبیرییەکەی گەشە دەسەنێتو ئاسۆی بیری فراوان دەبێت. بۆ خۆیشی چەند ئامانجێك دیاریی دەکات کە لەگەڵ ئامانجی تاکە خێڵێکدا ڕێناکەوێت. بەمەش کەسایەتییەکەی پەرە دەسەنێتو کۆتەکانی بیروشکەڵیش دەشکێنێت.

بەڵام خێڵ لەواقعی کۆمەڵگای کوردیدا، وەکو باسمانکرد: ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیووە لەمراندنی تواناکانی مرۆڤی کوردو پوکانەوەی بیروبۆچوونی داهێنەرو هێشتنەوەی بەدواکەوتوویی. بە شێوەیەکی گشتیی.

بۆیە پێویستە ئەو راستییە فەرامۆش نەکەین کەوا پێکهاتەی خێڵایەتی لە کوردستاندا، کە لە پابەندبوونێکی بەهێز بە دابونەریتەکانی خێڵو جۆرە داخراوییەك — کە زۆر جار بووەتە قەڵغانێك لەبەردەم شاڵاوی بەردەوامی دڕندانەی داگیرکەراندا، خۆی دەنوێنێت، کە ویستویانە کورد لەناو بۆتەی نەتەوەیی خۆیاندا بتوێننەوەو بوونی کورد لەسەر گۆڕەپانی کوردستان بسڕنەوە.

پارێزگاریکردنی خێڵ لە خێڵایەتی خۆی لەهەمان کاتدا پارێزگاریکردنێکی نەتەوەیی کوردی بووە، کە بوونی خۆی لە پێکهاتەی خێڵایەتی لە کوردستاندا زەق کردۆتەوە. بۆیە لەم لایەنەوە خێڵی کوردی ڕۆڵێکی ئەرێنی کاریگەری بینیووە! بەرچاوترین نموونەش لە مێژووی نوێدا تێکۆشانە شۆڤێنیستیەکانی

دەسەڵاتی تورکیا بوو، بۆ سڕینەوەو نەهێشتنی مەشخەڵی زمانو فۆلکلۆر لە کوردستانی باکوور، کە بە توندی هەرەسی هێنا.

خاڵێکی تری گرنگ لە کۆمەڵگای کورددا ژیانی ڕەوەندو کۆچەرییە، لەبەرئەوەی ژیانی کۆچەرییو ڕەوەندییو گەرمیانو کوێستان لە کوردستاندا باو بووە، ئەمەش ئەگەر ئامانجیشیان خۆپاراستن بووبێت لە هێرشی داگیرکەران کە بەرەو چیاکان هەڵکشاون، پاش ئەوەی داگیرکەران کشاونەتەوە، دیسان دابەزیونەتەوە خوارێ، دیارە لە کوردستانێکی پڕ شەڕو شۆڕشدا، ئەم بارودۆخە چەندپاتە دەکاتەوەو ماوەی نیشتەجێبوونێکی بەردەوام بە خەڵکەکە نادات.

یاخود لە ئەنجامی وشکەساڵیو کەمیی باران، گەرمیانو کوێستان لە کوردستاندا تاکو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش هەر درێژەی هەبووە. بێگومان ئەم هۆکارە بووە کەوا نەیهێشتووە دامودەزگای بەڕێوەبردن لە کوردستاندا بە شێوە سادەکەی نەبێتو نەیەتە بەرهەم، چونکە دامودەزگا بەرەنجامی نیشتەجێبوونە، بۆیە زیاتر لەلای تاکی کورد ئەوەندەی پشتبەستن بە دابونەریت باو بووە، ئەوەندە پشتبەستوو نەبوونە بە یاسایەکی نووسراوەوە، ئەوەشی بەنووسراو هەیە زیاتر هاوردەی دەرەوە بووە– نەك گەڵاڵەبووی ناوخۆ.

بەردەوامبوونی ئەم کۆچکردنە، وای لە خێڵە ڕەوەندەکان

کردووه له زەوییەکی دیاریکراوو تایبەت بەخۆیان نیشتەجێ نەبن، ئەمە بووەتە هۆیەك کە نەتوانن وەکو پێویست هەست بە پەیوەستبوونی خۆیان بە نیشتمانەکەیانەوە بکەن، ئەمەش هۆیەکی سەرەکی لاوازبوونی هەستی نیشتمان پەروەری بووەو هۆکارێکی سەرەکیش بووە بۆ دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی.[1]

---

١- سەرچاوەی پێشوو. ل٢٤٩

## سێیەم: ململانێی ناوخۆ

دووبـەرەکی، خۆخـۆریی، ململانـێ، نـاکۆکیی، دەردی گـەورەی نەتـەوەیی کـوردە، ئـەو نەتەوەیـەی خـاوەنی (ئەحمـەدی خـانی)و (شەرەف خان)و (حاجی قادر)و گەلێك رۆشنبیری ترەو هەریەکەیان بـە شـێوازێك لەدەسـت ئـەو دەردە سـکاڵایان کـردووە، نووسـەرانی بێگانـەش وەك بەشـێك لـە کەسـایەتی کـورد باسـیان لـەم رەوشـە کردووە.[1]

گەر چاوێك بە مێژووی کوردو تێکۆشانەکانی بـۆ بەدەستهێنانی دەوڵەت بخشێنینەوە، ڕەنگە کاتێکی مێـژوویمان نـەبێت، کـە کـورد تیایـدا لەسـەر بەدەستهێنانی مافـە نەتەوەییـەکان یـەك هەڵوێسـت بووبێت، هەمیشە لە وردە ناکۆکییەکانی ناو یەك خێڵـەوە بـۆ نێـوان دوو میرنشـین و...هتـد، پانتـایی گـەلێك هـەبووە کەلـە نـاکۆکییو دووبەرەکییـە ناوخۆییـەکان دوواوە، ئـەم ململانـێ ناوخۆییانـەش ئـەنجامی چـەندین فاکتـەری جیـاواز بـووە، رەنگـە هۆکارەکـانی ململانێـی نێـوان ئەنـدامانی نـاو یـەك خێـڵ جیـاواز بووبێـت، لـەو ململانێیـەی لـە نێـوان دوو خێڵـی جیـاوازو دوو میرنشـیندا لـە ئارادابووە.

دەتـوانین بـۆ زیـاتر روونکردنـەوەی ئـەم جیاوازیانـە چـەند نموونەیەك بخەینە روو: بۆنموونە ململانێ لـە نێـوان ئەنـدامانی یـەك

---

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردو عەجەم. ل١٨٨-١٨٩

خێڵدا زیاتر لەسەر بەدەستهێنانی سەرۆکایەتی هۆزە، چونکە سەرۆکی هۆز لە نێوان سەرۆکایەتیەکەیدا چەندین دەسکەوتی بەدەست دەهێنا، لەوانە پێشەوایەتی هەموو هۆزەکە- یان خێڵ دەکاتو توانای بڕیاردانی هەیە بەسەر گشت ئەندامانی خێڵو دەتوانێت لە یەك ژن زیاتر بهێنێت.[1] زۆرجار ئەم ململانێیانە لەنێوان وەچە نزیکەکاندا دەبوو- یان لەنێوان دووبرا- یاخود مامو برازا، کارتێکەری دەرەکیش گەر هەشبووبێت، لەلایەن هۆزەکانی دەوروبەرەوە کراون، یاخود لەلایەن دەوڵەتی دراوسێوە، بەڵام ململانێی ناوخۆ لەنێوان میرنشینەکاندا هەمیشە ئەنجامەکەی لێکترازانو دوورکەوتنەوە بووە لەیەکتری.

هەروەها لەمێژوی شۆڕشو راپەڕینەکانی کورددا، نموونەگەلێکی زۆر هەن، کە بەهۆی دووبەرەکی نێوان سەرۆك هۆزو میرنشینەکانەوە شۆڕشو راپەڕینەکان سەرکەوتوو نەبوون، بۆ نموونە: کاتێك (یەزدان شێر) لە ساڵی (١٨٥٦)دا شۆڕشی دژی عوسمانییەکان هەڵگیرساند، هاوکات ئینگلیزەکان سەرکردەو دەرەبەگەکانیان هاندا تا لەگەڵ عوسمانییەکان ئاشت ببنەوە، بەم کارەش بە پڕکردنی گیرفانی دەرەبەگەکان، وایکرد دەرەبەگەکان

---

١- بەدرخان سندی. کۆمەڵگای کوردەواری لەدیدی رۆژهەڵات ناسیدا. وەرگێڕانی: ئیسماعیل أبراهیم. دەزگای توێژینەوەی موکریانی- دهۆك ٢٠٠٨ ل٨٦

پشت بکەنە شۆڕشەکەو سەرەنجام شۆڕشەکەش شکستی هێنا.[1] لە کاتێکدا میرنشینی بۆتان بەسەرکردایەتی بەدرخانییەکان خەریکی خۆسازدان بوون بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش دژبە عوسمانییەکان، لەوکاتەدا میری سۆران هەڵدەکوتێتە سەر زەوییەکانی میرنشینی بۆتان، تا بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەمەش شەڕو کوشتارێکی زۆر دەنێتەوەو دڵی بەدرخانییەکان لەخۆی دەرەنجێنێت.[2] (پاشا کۆرە) لەبری ئەوەی لەگەڵ میرنشینی ئامێدی یەکبگرێت، هێرش دەکاتە سەر شاری ئامێدیو میرنشینەکەی داگیر دەکاتو بە گەورەترین دەسکەوتیشی دادەنێت، چونکە ئامێدی جێگای بەشێکی بەرچاوی مەسیحییەکان بووەو شارێکی سەختەو بەمەش نیشانی هەموو میرنشینەکانی تری دەدات کە میری سۆران، میرێکی چەند بەهێزەو تا چاوترسێنیان بکات.[3]

لەلایەکی ترەوە میری سۆران ململانێیەکی توند لەگەڵ میرنشینی بادینان دەکاتو پاش کوشتارێکی زۆر بە تەواوەتی دەیخاتە ژێر رکێڤی خۆیەوە کە ئامانج لێی زیادکردنی سنووری فەرمانڕەوای

---

١- د.س.م.لازاریف. کوردستان ومەسەلەی کورد. وەرگێڕانی: د.کاوس قەفتان. خانەی رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی. بەرگی یەکەم، بغداد ١٩٨٩ل٥٢

٢- د.کاوس قەفتان، چەند لێکۆلینەوەیەك لەمێژووی بابان، سۆران، بۆتان- بغداد ١٩٨٥ل٥٥

٣- سەرچاوەی پێشوو- ل٤٩

میرنشینەکەی بووە، نەك یەکخستنی هەموو سنووری میرنشینەکان لەژێر یەك فەرمانڕەوایدا.

ئەگەر سەیری دۆخی ململانێ ناوخۆییەکانی ناو میرنشینی بابانیش بکەین، دەبینین میرەکانی بابان بە مەبەستی گەییشتن بە دەسەڵات، دووبەرەکیو ناتەباییەکی بەرفراوان لە نێوانیاندا هەبوو، تەنانەت هەندێك لەمیرەکان خۆفرۆشی دەسەڵاتی عوسمانییو سەفەویی بوون (ئەحمەد پاشا)ی میری بابان، بە (ریچ) دەڵێت: ئەنجامی دووبەرەکی میرەکانمان تێداچوونی خۆمانە، ئەگینا ئێرانو عوسمانییەکان دەرەقەتمان نەدەهاتن، ئەگەر ئەم دووبەرەکییەیان نەکردایەتە داردەستی دەستیان.[1]

لەلایەکی ترەوە دووبەرەکیو ململانێیەکی گەورە لە نێوان میرنشینی بابانو مرنشینی سۆراندا هەبوو، ئەو ململانێیە هێندە گەورە بوو، سەرەنجام بووە هۆکاری نەك لاوازبوون، بەڵکو دارمانو لەناوچوونی هەردوو میرنشینەکە.[2]

لەراستیدا دەسەڵاتو هەنا (نفوز)، هۆکارو سەرەتای جیاوازی نێوان گشت ململانێیەکانی میرەکان بوو، ئەوان دەیانەویست زۆرترین رووبەری جوگرافی بخەنە سەر میرنشینەکەیان، (لۆنگریك)

---

١– کلودیوس جمیس ریج، الرحلة، ترجمة: بهادین نوری. جزء الاول. بغداد١٩٥١ص٦٣

٢- سەرچاوەی پێشووتر– ل١٦

پێیوایــە هۆکــاری رووخــانو دارمــانی میرنشــینەکان گەنــدەڵیو دووبــەرەکی نێــوان خۆیــان بــووە، بۆیــە داگیرکردنــی میرنشــینەکان لەلایەن تورکەوە بە رەوا دەزانێتو پێیوایە دەسـەڵاتداری تـورك لـە زۆرێك لە میرنشینەکان باشتر بووە.[1]

هەروەها گەورەترین دەردی مرێنەریش نزیکایەتی میرەکان بـوو لەهەریەك لە دەوڵەتی عوسمانیو سەفەویو روسو ئینگلیز، کە هیچ یـەك لـەم هێزانـە لـە قازانجیانـدا نـەبووە میرنشـینە کوردییـەکان یەکگرتووبن، بەڵکو هەوڵیانداوە بۆئەوەی بەردەوام ململانێـی نێـوان میرنشــینەکان قــووڵتر بکەنــەوە، هەمیشــەش لــەکاتی ململانێــی نێوانیاندا هەریەکەیان، لای یەکێك لەمیرەکانیان گرتووە، لە کاتێکدا کەمیرنشینەکە بەرەو لاوازیی چـووە، ئـەمیش پشـتی بـەرداوەو خـۆ ئەگــەر بــەهێزیش بووبێــت، ئــەوا تێکۆشــاوە بیکاتــە دۆســتو ژێردەستەی خۆی.

گەورەترین ململانێ لەناو کوردەکاندا پاش ئەو رێکەوتنامەیە هات کە لەنێوان عوسمانیەکانو نوێنەرانی کورد لـەژێر نێـوی (جەمعیـەی تەعالی کوردستان)دا بوو، ئەوە بوو پاش ئەوەی لە (١)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩١٩)دا رێکەوتنامەیەك مۆرکراو بـەڵێن بـە نوێنـەرانی کـورد درا کە:

---

1-56 C.E. Bosworth, The Political and Dynastic History of the Iranian world,) P24(

١- لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا ئۆتۆنۆمی بدرێت بە کوردستان.

٢- ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانو زوو بەزوو دەسبکرێت بە جێبەجێکردنی.

بەڵام بەهۆی جیاوازیی بیروڕاو بەرژەوەندییە تایبەتیو خێڵەکیو ناوچەییەکان کۆمەڵێك کەسایەتی لە (جەمعیەی تەعالی کوردستان) کشانەوە، ئەویش بەهۆی کێشەو ناکۆکی لەنێوان (شێخ عبدالقادر)و (بەدرخانییەکان) تەنانەت ئەم ناکۆکییانە کاریگەری لەسەر (شەڕیف پاشا) هەبوو، کەنوێنەرایەتی کوردی دەکرد لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، (شەڕیف پاشا)ش لە کاتی دەستلەکارکێشانەوەی لە نوێنەرایەتی کورد، تێکۆشا بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت، بەپێی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ژمارە (fo.٣٧١-٥٠٦٨)، لە (١٩٢٠/٤/٢٣) (شەڕیف پاشا) لە مۆنتیکارلۆوە تەلگرافێکی ناردووە بۆ ئەستەمبوڵو تیایدا دەڵێت: ئەوپەڕی ڕێزم هەیە بۆ کاربەدەستانی پیرۆزی خەلیفەی پایەبەرزو نامەوێ بەپێی بۆچوونو گوتەی جیاخوازەکان کارێك بکەم کەنیگەرانی ئێوەی تێدابێت، بۆیە لە نوێنەرایەتی کورد دەکشێمەوە.

هەر بۆیە لەدوای ناکۆکییەکانەوە کەس ئەژماری بۆ (شەڕیف پاشا) نەدەکرد، (نە بەدرخانیەکان)و نەلایەنگرانی (شێخ عبدالقادر)، تەنانەت زۆرکات (شەڕیف پاشا)یان تاوانبار دەکرد بەوەی کە لە

زەرەری کورد بڕیاری داوە، ئەوەبوو لە پاش ڕێکەوتنی نێوان (شەڕیف پاشا)و (بوخوز پاشا)ی ئەرمەنییدا، ململانێی نێوان (شێخ عبدالقادر)و (بەدرخانییەکان) گەییشتە ترۆپك.[1] لە دواییدا (ئەمین عالی بەدرخان) (جەمعیەی تەشکیلاتی ئیجتماعیە)ی دروستکرد، (مەمدوح سەلیم)و هاوڕێکانی (پارتی دیموکراتی کورد)یان پێکەوەنا، (ئەحمەد سورەیا بەدرخان)، (حیزبی ئیستقلالی کوردستان)ی دامەزراند، لە هەمانکاتدا (شێخ مەحمودی حەفید)یش لە(سلێمانی) لەهەوڵو تەقەللادا بوو ئەم جیاوازیی بیروبۆچوونانە کەهەندێکیان بە بیانووی ئەوەی کەپێویستە سود لە لاوازبوونی (دەوڵەتی عوسمانی) وەربگیرێتو بە پشتبەستن بە ولاتێکی بێگانە (دەوڵەتی کوردستان) رابگەیەنرێت، هەندێکیشیان پێیانوابوو پێویستە لەپاڵ (دەوڵەتی عوسمانی)دا بمێننەوەو هاوکاریی تورکەکان بکەن لە هەستانەوەیاندا، ئەوەبوو (کەمالیەکان) کاتێك کەوتنە سەرپێ، هیچ یەکێك لەو بەڵێنانەیان جێبەجێ نەکرد کە لە رێکەوتنامەکەدا بە کوردیان دابوو.

لێرەوە دەردەکەوێت کورد وەکو پێویست سوودی لە هەلە مێژووییەکان نەبینیوە، بەڵکو هەر کاتێك داگیرکەران زانیبێتیان کوردەکان خەریکن رێکدەکەون، هەوڵیانداوە ناکۆکی بخەنە

---

١- م. رەسوڵ هاوار. کوردو باکوری کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە، ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاك ٢٠٠٢ل١٢٣

نێوانیانـەوەو بـە هاوکـاریکردنی لایـەکیان، توانیویانـە لایەکـەی دی بکەنە دوژمنی ئەوی تریان، بۆنموونە: کاتێك نوێنـەری ئینگلیزەکـان دەیانەوێت لەگەڵ (ئیبراهیم خانی دەلۆ)دا رێکبکەون (ئیبراهیم خان) لەبەرانبەر بەردانی (سـلمنت) کـە کاربەدەسـتێکی بەریتانییـەو دیلـە لای دەلۆییەکان، داوای بەردانی (شێخ محمودی حەفیـد) دەکـات.[1] بۆیە ئینگلیزەکان هێندە تووڕە دەبن کە خەمی تێکدانی نێوانیان لە دانوستانەکەدا لا گرنگتر دەبێت، بۆیە بە یەکجاریی واز لە گفتوگۆکە دەهێنن.

لەلایەکی ترەوە نەبوونی (بڕوا) فاکتەرێکی گرنگ بووە لەبەردەم یەکنـەگرتنی میرنشـین– یـاخود شۆڕشـەکاندا، یـاخود هەریەکـەیان لایەکی بـە دوژمـن زانیـوەو ئـەویتری وەك دۆسـت تەماشـا کـردووە، میرنشـینی بابـان دۆسـتی ئێـرانو دژی عوسمانیـەکان بـووە، بـەڵام میرنشینی بۆتان بەپێچەوانەوە.

---

١- مستەفا نەریمان. شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلـۆ. دار الحریـە للتباعـە. بغـداد ١٩٨٦ ل١٤٣

**چوارەم: سەرکردایەتیکردن**

سەرکردایەتییکردن وەك یەکێك لەبنەما هەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی شۆڕشێك– یاخود راپەڕینێك رۆڵێکی گرنگی هەیە، بەواتایەکی تر: بوونی سەرکردەیەکی بەهێز رێڕەوی شۆڕشو پەرچەکردارەکانیشی دەگۆڕێت، چونکە ئەوە سەرکردەیە بڕیار دەداتو رێڕەوەکە دیاری دەکات، نەك شەڕکەرەکان، وەك دەوترێت، سەرکردەیەکی بەتوانا زۆر گرنگترە لەسوپایەکی بەهێز.

لەمێژووی خەباتی رزگاریخوازیی کورددا جوامێرو سەرکردەی زۆر بەتوانای وەك: شێخ عوبەیدڵلای نەهریو شێخ سەعیدی پیرانو ئیبراهیم خانی دەلۆ و شێخ مەحموودی حەفیدو قازیی محەمەدو هیدیکەی تێدا هەڵکەوتووە، کەهەرکەیان ژیانیان پڕە لە قارەمانییەتو فیداکاریی لەپێناو وەدەستهێنانی مافی ڕەوای میللەتەکەمان، بەڵام زۆرێك لەم کەسایەتییانە زەمەن نەیبەستوونەتەوە بە یەکەوە، یاخود سنووری جوگرافیایان هێندە دوور بووە لەیەکەوە ڕەنگە ڕەوابێت ئەگەر لەیەك نزیکبوونەوەی نێوانیان هەست پێنەکرێت، بەڵام پرسیارە گەورەکە لێرەدایە: ئاخۆ لە گشت دەمەن (زەمەنە) جیاجیاکاندا سەرکردەیەك نەبوو کەببێتە جێگەی دڵکاوی (رەزامەندی) گشت، هەتا ببێتە هەوێنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ؟

لەلایەکی ترەوە ئەگەر چاوێك بە پەیوەندیی نێوان هۆزە کوردییەکانو میرنشینەکاندا بگێڕین، دەبینین ئەگەر دوژمنایەتی

یەکتریان نەکردبێت، ئەوا دۆستایەتییان لە نێوان خۆیاندا بەدەگمەن کـردووە، ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـە، لـەناو سـەرکردەکانی ئێمـەدا، جۆرێك لە کورتبینی پێوە دیارە، چـونکە میرێـك پێیوابـووە کاتێـك (دەوڵــەتی عوسمــانیی) یــان (ئێرانییــەکان) هەڵدەکوتنــە ســەر میرنشینێکی تر، ئەوا دەبێت ئەم خۆی بپارێزێتو ئەو ئاگرە لەخۆی دوور بخاتەوە، ڕەنگە هاوکاری دوژمنیشـی کردبێـت بـۆ تێپـەڕبوونی سوپا بەناو خاکی ژێر دەسەڵاتی ئەودا، بەڵام ئەوەی نەزانیوە رۆژێك دێت سەرە بێتە سەر میرنشینەکەی ئەویشو لێی بقەومێت.

لەپاش ئەوەی (ڕێکەوتننامەی سیڤەر) لەنێوان وڵاتاندا مۆر کـراو پاش ئەوەی کەمافی ئەوەی بۆ کورد دیاریی کردبوو کـە سـنوورێکی جـوگرافی لـەخاکی خۆیـدا هـەبێت، دیسـانەوە دەبیـنین نـەبوونی سەرکردەیەك کەبتوانێت ئەو هەلە بقۆزێتەوەو زوو بـەزوو تێبکۆشـێ بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك، کورد ئەو هەلەی لە دەستدا. بـەڵام ئـەو ناکۆکییانە درێژبووەو سەرەنجام کەمال ئەتاتورکو روسـیا بـەپلانێك (رێکەوتنامـەی سـیڤەر)یان هەڵوەشـاندەوەو رێکەوتننامـەی شـومی (لۆزان)یان بەسەر کوردستاندا سەپاند[1]

هەمیشــە دووژمنــیش پلوپــای هــەرە گرنگــی ئــەوە بــووە کــە سەرکردەکان لە شۆڕشەکان دابڕێت، شۆڕشـەکەی (یـەزدان شـێر)، هەرچـەندە لەسـەرەتاوە سـەرکەوتنێکی باشـی بەدەسـتهێنا، بـەڵام

---

١- رێگا بۆلای پەیمانی سیڤەر، www.peshmergekan.com

پاش ئەوەی بەپیلانی ئینگلیزەکان، بەبیانوی وتوێژ لەگەڵ نوێنەری عوسمانییەکان، (یەزدان شێر) چوو بۆ شوێنێکی دەستنیشانکراو بۆ مەبەستی گفتوگۆ، لەوێ دەستگیرکراو رەوانەی (ئەستەمبۆل) کرا، بەمەش راپەڕینەکە بێسەرکردە مایەوەو بووە سۆنگەی پووکانەوەی شۆڕشەکە.[1]

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، بەخاوەنی گەورەترین شۆڕش دادەنرێت لە مێژووی رزگارییخوازی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، لە ساڵی (١٨٨٠) لەناوچەی (شەمزینان) کۆبوونەوەیەکی گەورەی بۆ گشت سەرۆك هۆزەکانی کورد سازکرد، تا بتوانن هەموویان لەژێر دەسەڵاتی یەك سەرکردەدا تێبکۆشن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بەڵام راپەڕینەکەی شێخ سەرکەوتوو نەبوو، چونکە راپەڕینەکە لەسەر بناغەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوری تۆکمە دانەمەزرابوو، سەرەرای ئەوەی کە روسیا زۆر هاوکاریی دەسەڵاتی ئێرانی کرد تا راپەڕینەکە سەرکەوتوو نەبێت، پاشان (شێخ عوبەیدوڵڵا) ناچار کرا بەرەو سنوورەکانی تورکیا بکشێتەوەو لەوێش گیراو ڕەوانەی (مەککە)یان کرد، ئەم ڕاپەڕینەش بەبێ سەرکردە مایەوەو بەتەواوی توایەوە.[2]

کاتێك (سمکۆی شکاك) بەسەر ئێرانیەکاندا سەرکەوتو زەبرێکی

---

١- د. س. م. لازاریف. سەچاوەی پێشووتر- ل٥٢ (مەبەست لە سەرۆك عەشیرەتەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانە.)

٢- ج. جەلیل. بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەسەرۆکایەتی شێخ عبداللەی نەهری ١٩٦٣. ل٧٢-٨٥

رووخێنـەری لێوەشـاندن، کەچـی بەداخـەوە (سمکـۆ) سـوودی لـە لاوازییـەکانی ئێـران وەرنـەگرت تـا لـەو ماوەیـەدا بتوانێـت سـەرکردایەتیەکی بـاش بـۆ سـوپاکەی دەسـتەبەر بکـات، چـونکە سـوپاکەی سـوپایەکی ناسـەربازیی بـوو– لەچـەکداری هـۆزە کوردییەکان پێکهاتبوو، هەرچەندە کەسانێکی شـارەزا هـەبوون کـە پیشتر لـەناو سـوپای عوسمانیـدا بـوونو دەیـانتوانی سـەرکردایەتی سوپاکەی (سمکـۆ) بکـەنو ڕێکیبخەنـەوە، بـەڵام (سمکـۆی شـکاك) بڕیارەکـانی بـە شـێوەی هۆزایـەتیو ناسـەربازیی دەدا بەسـەر سوپاکەیدا، بۆیە نەیتوانی بەرەنگاری ئێرانییەکان بێتەوە.[1]

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین. کوردو عەجەم. ل٤٤٠

**پێنجەم: ناپاکی: (خیانەت)**

لەمێـژووی هەوڵـدانی کـورد بـۆ سـەربەخۆییو دامەزرانـدنی قەوارەیێکی سـەربەخۆ، بەرژەوەندییـە تاکەکەسییەکان یـاخود قـین لەدڵییو تۆڵەکردنەوە، کۆمەڵـە ڕێگرێکـی گـەورەو کاریگـەربوون لـە بەرانبـەر بـەدیهێنانی ئـەم داخوازییـەدا، لـە خوێندنـەوەی مێـژووی کـوردداو لـە نێـوان ئـەم تێکۆشـانە بـۆ سـەربەخۆیی، یـەکێك لـە هۆکارەکان کە بووەتە مایەی شکستهێنانی کورد، بوونی پیلانە دژبە یەکەکان، واتـا دەنیاتـەکردن لـە هەڵوێسـتێك لـە پێنـاو بـەدیهێنانی بەرژەوەندیی خۆییدا، دیارە هۆکـاری زۆر هـەبوون کـە پـاڵ بـەتاکی کوردەوە بنێت لەبەرانبەر برا کوردەکەیدا بـۆ ئـەوەی دەنیاتـە بکـا، نەبوونی بڕواپێکردنیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی، هۆکارێکی گەورە بووە لەبەرانبەر دەنیا تەکردندا.

بارودۆخی سیاسی لـە کۆمـەڵگای کوردیـدا، بەوپێیـەی هەمیشـە خاکێکی داگیرکراو بووە، بەردەوام لە بەرژەوەندیی هێزی داگیرکەردا بـووە، بۆئـەوەی پـاڵ بـە سـەرۆك هۆزێـك- یـاخود دەرەبەگێکـەوە بنێـت، بۆئــەوەی پشــتگیریی لەیــەکتر نەکــەن.[1] دیــارە ئــەم خواستەشیان بۆ هاتۆتە دی، پێدانی هەندێك پارە بە سەرۆك هۆزێك بەس بووە بۆئەوەی بەخواستی داگیرکەر بکـاتو دژی هاوزمانەکـەی خۆی بێت- یان لانیکەم هاوکاریی نەکات، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە

---

١- ن.أ. خالفین. خەبات لەرێگەی کوردستان. ل٦٨

ئەوەش لەیاد نەکەین لەمێژووی کورددا پشتگیریکردنو وەلانانی بەرژەوەندی لەپێناو سەرکەوتنی هۆزێك یان میرنشینێکدا ئامادەیی هەیە، هەروەك ئەو هەڵوێستەی کە (عوسمان بەگ) برای (مەحموود پاشا)ی میری بابان، کە هەرچەندە دەیتوانی دەسەڵات لەبراکەی وەربگرێت، بەڵام ئامادە نەبوو دەنیاتە لەبراکەی بکاتو دەست لەگەڵ والی بەغدادا تێکەڵاو بکات.[1]

نەوشیروان مستەفا. لە کتێبەکەیدا: (میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆمو عەجەمدا.) لەژێر سەرباسی (پێنج براو ٣٧ ساڵ براکوژیی)، کۆمەڵە نموونەیەك دێنێتەوە کەچۆن میرەکانی بابان هەریەکەیان بۆ سەرشۆڕکردنی براکەی پەنا دەباتەبەر هێنانی سوپای هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو ئێران، کەبۆماوەی ٣٧ ساڵ ئەمە پیشەی هەریەك لەو پێنج برایە دەبێت.

لە ساڵی ١٧٤٧ ئەحمەد پاشای وەزیر ویستی سەلیم پاشا لێبخاتو مولکی بابان بهێنێتەوە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی بەغداد. میرەکانی بابانو کۆیەو باجەلان بەهەموو هێزەکانیانەوە بەشداری ئەم لەشکرکێشییە بوون. وەزیر دەیەویست سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا لەجێگەی سەلیم دابنێ. لە ساڵانی شەڕی ڕۆمو عەجەم، خالید پاشا بە دڵسۆزیی مابووەوە بۆ عوسمانی، بەڵام سەلیم لەگەڵ ئێرانییەکان دەستی تێکەڵاو کردبوو. خالید پاشا لە (ئۆرفا) مردبوو،

---

١ -بەدرخان سندی. سەرچاوەی پێشوو– ل٨٤

چەند کوڕێکی لەدوا بەجێ مابوون، لەوانە: سلێمان، ئەحمەد، محەمەد، مەحموود، عومەر. لەشکرکێشیەکە بەهۆی نەخۆشکەوتنی زۆرێك لە سوپاو سەرکردەکەیانەوە بە تەواوی بەئامانج نەگەیشت. ئەگەرچی ئەحمەد پاشا، سلێمانی بە پلەی پاشا بەمیری بابان دانا (١١٦٠ك/١٧٤٧ز)، بەلام سەلیمی بۆ نەگیرا، سەلیم لە ناوچەکەدا مایەوە، مردنی ئەحمەد پاشاو پەشێوی هەلومەرجی بەغداد، تا وەزارەت بەسلێمان پاشای (ئەبو لەیلە) گەیشتو وایکرد بۆ سلێمان بەتەواویی جێگر نەبێ، سەلیم لە ناوچەکەدا مابووەوە، ئەبو لەیلە سەلیمی دانایەوە بەمیری بابانو سلێمان هەلات بۆ ئەردەلان (١١٦٤ك)، سلێمان گیروگرفتی گەورەی بۆ سەلیمو وەزیر دروست کردبوو. وەزیر سەلیمی لابردەوەو لەشکرکێشیەکی گەورەی کردەسەریو سلێمانی دانایەوە.

علی پاشای تازە وەزیری (والی بەغداد)، لەشکرێکی گەورەی بۆسەر سلێمان سازدا، کە سلێمان بەمەی زانی ئەویش لە قەلاچوالانەوە بەرێکەوتو هێزەکانی خۆی کۆکردەوە کەبوون بە پێنج شەش هەزار سوارو حەوت هەشت هەزار پیادە، تۆپو کەرەستەی تەواوی شەڕی ئامادە کرد، لەچیای حەمرین دامەزراو لە داوێنی هەردەکانی (صقال توتان) سەنگەری لێدانو ڕێگای هاتوچۆی بڕی. لەشکری وەزیر گەیشتە دەلی عەباس، لەشکری بابان خۆی پێنەگیرا، بە چەمی نارینددا بەرەو دواوە کشایەوە. وەزیر

کەوتـە دوایـان، هێـزی بابـان چـووە کفـری لـەنێوان کفـریو دوازدە ئیمامـدا، لـە شـوێنێکدا کـە نێـوی (کۆشـکی زەنگـی) بـوو، هـەردوو لەشکر لێکیاندا، لەشکری بابان شکا، زۆری گیراو کوژرا. سلێمان بـە ئەستەم خۆی دەرباز کرد، بارگەو بنەو خێـوەتو تۆپـەکانی کەوتـە دەست لەشکری مەمالیك- ڕۆم. لەم لەشکرکێشییەدا ئەحمەد بـەگی برای سلێمان پاشـا، هـاوڕێی گەشـتی وەزیـرو میوانـداری هێزەکـەی بوو، وەزیر کـەوای خـەڵاتی میرایـەتی کردەبـەر ئەحمـەدو بـە پاشـا لەجێگەی سلێمانی برای داینا (١١٧٦ك-١٧٦٢ز). وەکـو نووسـەری (تـاریخ زندیـە) لـە ڕووداوەکـانی سـاڵی (١١٧٣ك)دا نووسـیوێتی، دەڵێـت: سـلێمان پاشـا، پاشـای کوردسـتان. بابـانیش بەندایـەتی ڕاگەیانـدو دڵسـۆزییو نۆکەرایـەتیو فەرمانکێشـی خـۆی دەربـڕی. سلێمان هەڵات بۆ ئێرانو کەریم خان ناوچەی ئەردەڵانی پێ سپارد.

(زیپور) کـە لـە سـاڵانی (١٧٦٥-١٧٦٦) هاتۆتـە عێـراق، باسـی قەڵاچوالانو میرنشینی بابان بەم شێوەیە دەگێڕێتـەوە: ژمارەیـەکی زۆری ئەم بنەماڵەیە بۆ بەدەستهێنانی پلەی پاشایەتی لەناو خۆیاندا رقەبەریی لەگەڵ یەکتری دەکەن، لەبەرئەوە پاشای بەغداد هەمیشـە پاشایەك لەم بنەماڵەیە دائەنێ، بەڵام ئـەوەیان دائـەنێ کـە لـەوانیتر پارە زۆرتر بدات. پیاو دەتوانێ بەوە بگات کە ئـەم گاجـە (رعیـت)ە بەستە زمانانە چۆن بەدەست چەوساندنەوەی دوو لایەنـەوە گیریـان

خـواردووه ! لەلايـەك دەسـەڵاتى سـتەمكارانەی تورکـە زاڵمـەکانو لەلايـەکی تـرەوە ئـەو حکومەتـە تۆقێنـەرەی کـە ئـەم بنەماڵەيـە سەپاندويەتی بەسەر کوردەکانی قەڵاچوالانو ناوچەکەدا، بۆيـە لـەم ناوچـەيەدا شـارو شارۆچـکەی تێـدا نييـە، قەڵاچـوالانيش گونـدێکی بچووکی هەژارە.

– لە (١٧٦٤) محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا، دەبێتـە مـیری بابان.

– لە (١٧٧٢) ئەحمەد پاشا دیسانەوە بووەوە میری بابان.

– لـە (١٧٧٦)دا مـەحموود پاشـای بابـان بەیارمـەتی (شـەفیع خاندی) لەئێرانەوە هاتەوە، بەڵام تێکشکاو گەڕایەوە.

– لە (١٧٧٧) مەحموود پاشای بابان دیسان لەگـەڵ (مـەحموود علـی سـەردار)دا گەڕایـەوەو لـەنێوان (محەمـەد پاشـا)و (خەسـرەوخان)ی سنەدا لـە نزیـك (سـەری بـار) دایـان بـە یەکـداو خەسرەوخان زۆر خراپ تێکشکا، لەهەمان ساڵدا (کەلب عەلی خان)ی سەرکردەی زەند، بۆ یارمەتی ئەحمەد پاشای بابان هـاتو جـارێکی دیکـە لەسـەر تـەخت داینایـەوەو (محەمـەد پاشـا)ش بـەرەو کۆيـە هەڵهات.

– لە (١٧٧٨)دا (محەمـەد پاشـای بابـان)و (تـەیموور پاشـا) لـە کۆيـەوە بـەرەو میرنشـینی بابـان هـاتنو لەگـەڵ (ئەحمـەد پاشـای بابـان)دا لـە گڵـەزەردە کردیـان بـە شـەڕێکی دەسـتەويەخەو

کاتـژمێرێکی خایانـد، لـەو شـەڕەدا تـەیموور پاشـا کـوژراو محەمـەد پاشاش بەدیل گیراو هەردوو چاوی دەرهێندرا.

ئەگەر دوای زیاتر لـە دوو سـەدەو لـە دەیـەی کۆتـایی سـەدەی بیســتەمدا تەماشــای گۆڕانکارییــە سیاســییەکان لــە باشــووری کوردســتان بکـەین، ئـەوا بـەو راسـتییە ئاشـنا دەبـین کەهـەمان رووداوگەل، بەهەمان شێوەی براکـان روو دەدەنـەوە، چـەند سـاڵێك براکـوژیی‌و دەسـتێوەردانە هەرێمایەتییـەکان وەك رۆژگـاری بابـان نەهامەتی‌و کاولکارییان بۆ نیشتمان هێنایەوە.[1]

میر بەدرخان، هەر لەوساتەوە کە دەسـەڵاتی میرنشـینی بۆتـانی گرتەدەست، بیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکردەوە. ئـەوە بـوو پــێش هــەموو شــتێك بانگەشــەی یــەکگرتنی کــوردانی کــرد، وەڵامدانەوەیەکی باشی هەبوو، پاشان دەسـتیکرد بـە ئامـادەکردنی سوپاو دامەزراندنی کارگەی چەك‌و تەقەمەنی بۆ دەوڵەتەکـەی. ئـەم کارانە سوڵتانی تەواو بێزار کرد، بۆیە دەستی بە ئاژاوەنانەوە کـردو ئەوەبوو هانی (فەلە)کانی ناوچەی (بۆتانی)دا دژی (بەدرخان پاشـا) بوەستن‌و باجی پێنەدەن. ئەوەبوو دەوڵەتی عوسمـانی بـەهاوکاریی ئینگلیزو فەڕەنسیەکان لەشکرکێشییان بۆ سەر بۆتان دەسـتپێکرد، بەڵام بەشکست خواردوویی گەڕانەوەو کوردستانیان جێهێشـت، ئـەم سەرکەوتنە دەرفەتێکی لەباری بۆ میر پێکهێنا، تا بتوانێت لە سـاڵی

---

١- عەزیزی شەمەندینی. جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان. لاپەرەی ٧٥

(١٨٤٢)دا سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنێت، ئەو بەناوی خۆیەوە پارەی دەرکردو سنووری دەوڵەتی بە ئەندازەیەك فراوان کرد، کە لە ناوچەی وانەوە تا مەهابادو ڕواندوز لەلایەکو لە موسڵەوە تا دیار بەکر لەلایەکی ترەوە، لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو. پاشان میر توانی شەنگار، سیرت، پیرانشار، سوێرەك، دیاربەکر، شنۆو ورمێ بکاتە بەشێکی دەوڵەتەکەی، ئینگلیزو فەڕەنسەییەکان لەسەر دامرکاندنەوەی جووڵانەوەی ڕزگارییخوازیی کوردستان پێیانداگرت، ئەوان بە ژێرزارەکی دەوڵەتی تورکیایان لە کورد هانداو بە فیتی ئەوان دەوڵەت بۆ دامرکاندنەوەی جووڵانەوەی کورد لەشکرێکی تازەی پێکهێنا، رێبەرایەتی ئەو لەشکرە بە (عوسمان پاشا)و (عومەر پاشا)و (سەبری پاشا) سپێردرا. یەکەم پێکدادانی چەکدارانە لەنێوان سوپای تورکو پێشمەرگەکانی کوردستان لە نزیك (ورمێ) ڕوویدا، لە ئەنجامدا سوپای تورك شکا. لە کاتێکدا (میر بەدرخان) خەریکی دەرپەڕاندنی دوژمن بوو، هەواڵێکی وا بڵاو بووەوە، کە گوایە بازووی چەپی لەشکر بە سەرکردایەتی (یەزدان شێر)ی ئامۆزای (میر بەدرخان) بووە، سەنگەری پێشمەرگایەتی چۆڵکردووەو چۆتە ڕیزی دوژمنانەوە، (یەزدان شێر) بەهۆی ئەوەی لەگەڵ (میر بەدرخان) ناتەبا بوو، بە بەڵێنی تورکەکان فریودراوەو ویستوویەتی ئاوا تۆڵەی خۆی لە میر بکاتەوە، لە ئەنجامدا تورکەکان بە پشتیوانی یەزدان شێر ناوچەی جەزیرەیان گرتەوە.

لێرەدا (میر بەدرخان) ناچار بوو بەشێکی کەمی هێزەکەی بۆ راونانی دوژمن لە ناوچەی ورمێ بهێڵێتەوەو بەشەکەی تر بەرەو جەزیرە بەرێ، دوای چەند شەڕێکی خوێناویی، ناوچەی جەزیرە لە داگیرکەرە تورکەکان پاك کرایەوە، بەڵام هەڵوێستی (یەزدان شێر)، (میر بەدرخان)ی شپرزە کردو ناچاری کرد بەرەو قەڵای (ئێرۆخ) بکشێتەوە. پاشان هێزەکانی تورکیا کە سەرلەنوێ خۆیان ڕێکخستەوەو هێزی تریان بۆهات، لە هەرچوارلاوە قەڵاکەیان گەمارۆدا. (میر بەدرخان)و پێشمەرگەکان هەشت مانگ بەرگریان لەقەڵای (ئێرۆخ) کرد. پاشان ئازوقەو کەرەستەی شەڕیان لێبڕا، بۆیە ناچاربوون بێنەدەرێ، ئەوسا هێرشێکی بەربڵاویان کردەسەر سوپای تورکیاو شەڕی مانونەمانیان کرد، دوای پێکدادانێکی خوێناویی‌و زیانێکی زۆر، میرو پاشماوەی هێزەکەی دەستگیرکران، بەم شێوەیە دوایی بەو جوڵانەوەیە هێندرا، میریش ڕەوانەی ئەستەمبوڵ کرا. لەم سەروبەندەدا بە بۆنەی سەرکوتکردنی جووڵانەوەکەوە، مەدالیای شەڕی کوردستان، کە دەوڵەتی تورکیا دەری کردبوو، بە هەموو ئەو کەسانە درا کەلە شەڕەکەدا بەشداربوون.[1]

ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین:

---

١- کامەران محەمەد. کورد لەنێوان دووبارەبوونەوەو وەستان لەمێژوودا. گۆڤاری نوێبوون، ژمارە (٥) مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی(ی.ن.ك) ٢٠٠٩ل٨٢

دەنیاتەکردنە.(خیانەت) وەك یەکێك لە هۆکارەکان بۆ نەگەیشتن بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. هەرچەندە پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین مەبەستی سەرەکی لەوەدا نییە کەدەنیاتە کارێك بووە بەهۆکاری بەدینەهێنانی کیانێکی سەربەخۆ، بەڵکو هۆکار بووە بۆئەوەی داگیرکەر هەنگاوێك زیاتر بێتەناو خاکی کوردستانەوە، بۆنموونە: ئەگەر (شێخ حەمید) لەگەڵ سوپای ئینگلیزدا هاوخەبات و هاوکار نەبوایە دژبە رووخانی شۆڕشەکەی (ئیبراهیم خانی دەلۆ)، رەنگە بەو ئاسانییە سوپای ئیگلیزەکان نەیانتوانیبایە شاری (کفری) بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە.[1] دیارە لێرەدا دەنیاتەی (شێخ حەمید) لەبەر ئەوەیە تۆڵە لە (ئیبراهیم خان) بکاتەوە لەبەرانبەر کوژرانی (شێخ وەهابی کوری)و لەلایەکی ترەوە خۆی ببێتە سەرمەڵاو (حاکم)ی شاری (کفری) [2] دیارە ئەو خواستەی بۆچووەتە سەرو هاوشانی ئینگلیزەکان شەڕی کردو پاش کوشتارێکی زۆر چوونە ناو (دووز)و لەوێشەوە (ئیبراهیم خانی دەلۆ)یان لەشاری (کفری) دەرپەڕاند.

(ئیسماعیل حەقی پاشا) کە بە رەچەڵەك کورد بوو، لە سوپای عوسمانی دابوو، ئەوەندە کاری سەرکوتکردن و چاوترسێنی هۆزو

---

١- مستەفا نەریمان. سەرچاوەی پێشوو- ل١٤٥

٢- مكرم طالباني. ابرام ثائر على الكردستان. بغداد. ص٨٦-٨٨

میرنشینە کوردییەکان بوو، هێندە کاری نەدەکرد بۆئەوەی پلوپا بکا، کیانێکی کوردی سەربەخۆ بۆ کورد دابمەزرێنیٚ، هەرچەندە لە سەردەمی سوڵتان عبدولعەزیز (١٨٦١– ١٨٧٦) زۆرینەی کوردستان لە ژێردەستی (ئیسماعیل حەقی پاشا)دا بوون[1]

لەکاتی واژۆکردنی (رێکەوتننامەی لۆزان)یشدا هەر دەنیاتە بوو وای لەکورد کرد نەبێتە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ، لەراستیدا کورد جۆرێك لە نوێنەرایەتی هەبوو لە رێکەوتننامەکەی لۆزاندا، بەڵام کوردێك دژبە سەربەخۆیی خۆی هەستا، ئەوەش (عصمت پاشا) بوو کەچەند کوردێکی لەگەڵ خۆی بردبوو تا بە هاوپەیمانانی بسەلمێنێت کورد داوای جیابوونەوەو سەربەخۆیی ناکات، بەڵکو دەیەوێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا بمێنێتەوە.[2] بە هەمانشێوە کاتێك شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ لە کوردستانی باکوور بە ڕێبەرایەتی (شێخ سەعیدی پیران) بەرپابوو، ئەوەبوو بە ماوەیەکی زۆر کەم زۆرینەی ناوچەکانی باکووری کوردستانی گرتەوە. لە سەرەتادا چەندین ناوچەی هۆزنشینی (مەستانو بۆتان)یان کە لە خوارووی جایاك جوورانو ناوچەکانی (ئەلجەلیو خانی)یەوە بوو، خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە یەکەم

---

١– ن. ا. خالفین. سەرچاوەی پێشووتر ل٨٢

٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین. کوردو عەجەم ل٣٠٥

هەڵمەتیاندا (پالوو، چاپوك و چوڕیان)یان ئـازاد كردبـوو، لەلایـەكی دیكەشـــەوە هێزێكـــی گـــەورەی بۆســـەر ئەلعـــەزیز و مەڵاتیـــەو جەمیشگازیك نارد. دواتر نەخشەی گرتنی شاری (دیاربەكر)یان دانا. ئـــەوە بـــوو شـــۆڕگێران لـــەڕۆژی (٨)ی ئـــازاری (١٩٢٥) چـــوونەناو شـارەوەو لـە ناوشـاردا شـەڕێكی خوێنـاویی بێوێنـە ڕوویـدا. بـەڵام شۆڕشـگێران بەناچـاری شـاریان بەجێهێشـت، (ئەحمـەد خواجـە) دەڵێـت: پـاش ئـەم بەزینـەو گەڕانـەوەی سـەرۆكی مـەزن (شـێخ سـەعید)، ســـەرۆك هۆزەكـــانو كـــوردە بەشـــەرەفو خـــاوەن ناموسـەكانی لـێ هەڵگەڕانـەوەو لـە دواوە پـەلاماری لەشـكرەكەی (شێخ سەعید)یان دا. ئەو كوردە خـاوەن پەیمانانـەی شـێخ سـەعید ئەمانە بوون كە شێخیان دەستخەڕۆ كرد.

١. سەرۆك هۆزی هەویركی حاجو ئاغا، لە نوسێبین.

٢. بدرالـدین شـێخ ئەحمـەدی كەرجۆشـكی، لـە خانەدانـەكانی دیاربەكر.

٣. چەلەبی: سەرۆك هۆزی هەویركی.

٤. جەمیل: سەرۆك هۆزی ریمان.

٥. ئیسماعیل: سەرۆك هۆزی حەسار.

٦. سالّح بەگ: سەرۆك هۆزی ئارناسی.

٧. مستەفا ئاغاو ئاغایانی دێرسیمو سـەرۆكی جیهانبەگییـەكانی سیواس.

٨. ئاغایانو سەرۆك هۆزەکانی ئەلعەزیزو مەڵاتیە.

پاش ئاوارەیی (شێخ سەعید)و لەشکرەکەی، ئەم سەرۆك هۆزە (بەشەرەف!)و (ناموسانە!)ی کورد، بە تەلەگرافیش کویلەیەتی خۆیان بۆ سەرۆك کۆمار (ئەتاتورك) نووسی.[1]

---

١- کامەران محەمەد. کورد لەنێوان دووبارەبوونەوەو وەستان لەمێژوودا. گۆڤاری نوێبوون، ژمارە (٥) مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی(ی.ن.ك) ٢٠٠٩ ل٨٤

# باسی دووەم:
# هۆکارە بابەتییەکان

## یەکەم: هەڵکەوتەی جوگرافیای سروشتی کوردستان

کوردستان دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە، لە نێوان هێڵی پانی (٣٩و٤٠)ی باکوورو (٣٠ تا ٦١)ی باکوورەوە لەسەر هێڵی درێژی (٥٢ ب٠ ٦١)ی رۆژهەڵاتو (٣٦)ی رۆژهەڵات. ڕووبەری خاکەکەی نزیکەی (٥٢٠٠٠٠)کم دووجایەو بەپێی ڕێکەوتننامەی لۆزان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکرا:

(٢٥٠٠٠٠)کم٢ لەژێر دەسەڵاتی تورکیادا.

(١٧٥٠٠٠)کم٢ لەژێر دەستەڵاتی ئێران.

(٩٧٠٠٠)کم٢ لەژێر دەسەڵاتی عێراق.

(٢٣٠٠٠)کم٢ لەژێر دەسەڵاتی سوریا.

درێژایی خاکی کوردستان لە باکوورەوە بۆ باشوور (١٠٠٠)کمو پانییەکەی لەڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا (٧٥٠)کم ە. کوردستان زیاتر بە وڵاتێکی چیایی دەناسرێت،(تۆرۆس، حەسارۆست، هەڵگورد، قەندیل...تاد) لە گرنگترین زنجیرە چیاکانن، بەڵام زنجیرە چیای تۆرۆس رۆژهەڵاتو رۆژئاوای کوردستان بۆ دوو بەش دابەشدەکات. لە شوێنە بەرزەکاندا گوندو هەواری زۆر هەن.

## سنووری کوردستان:

سنووری کوردستان لە باکوورەوە بە ئەرمەنستان، لە باکوورو ڕۆژئاواوە بە تورکیاو لە باشوورەوە بە عێراقو سوریاو لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بە ئێرانەوە بەستراوەتەوە، سنووری وشکانی کوردستانیش جگە لە کەنداوی عەرەبی لە باشوورەوەو ئەسکەندەرون لە باکووری ڕۆژئاواوە بە هیچ سنوورێکی ئاوییەوە نەبەستراوەتەوە، بێگومان کەنداوی عەرەبیو ئەسکەندەرون بایەخیان بۆ کوردستان گەلێك زۆرە (بروانە وێنەی ژمارە ١)، ئەمە سەرەڕای بوونی هەندێك ڕووباری گرنگی وەك (فورات، دیجلە، زێڕینچەم، سیروان، ئەڵوەند، خابوور، زێی گەورە، زێی بچووكو عوزێم). خاکی کوردستان بە چەندین کانزای وەك ئاسنو بەردەخەڵوز دەوڵەمەندە، لە زۆر ناوچەشیدا بیرەنەوت هەیە، کە بوونی ئەم بیرەنەوتانە لە سەدەی بیستەمدا هۆکارێك بوون بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد، لەڕووی کشتوکاڵیشەوە دانەوێڵەو توتنو پەمۆ لە زۆرترین بەرهەمەکانیەتی.

خاکی کوردستان ڕێگەیەکی زەمینییە کە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە وڵاتانی ئەورووپا دەبەستێتەوە، لەبەر ئەوە جێگەیەکی گرنگی مێژوویی بە یەککەیشتنی شەپۆلە مرۆییەکان بووە، کە هەندێکیان پێیدا تێپەر بوونو هەندێکیان تێیدا نیشتەجێبوون، لە ڕووی ڕامیارییەوە جێگەیەکی گرنگەو بەدرێژایی پێنج سەدە (لە

سەدەی شازدەهەمەوە تا شەڕی جیهانیی یەکەم) جێگەی پێکدادانی هێزەگەورەکان بووە.[1]



نەخشەی ١ شوێنگەی جوگرافی کوردستان

بەگشـتی جوگرافیـای کوردسـتان خـاوەنی سروشـتو وەژەن (صفت)ی تایبەت بە خۆیەتی کە بەشـی زۆری خاکەکـەی لـە چیاو بەرزاییو گردو بانوو پێکهاتووەو ناوبەناویش دەشـتی تەسـکیش لـە نێوان زنجیرە چیا تەریبەکاندا دروستبوون.

بێگومان چیاکانی کوردستان چەند تایبەتمەندییەکی دیاریکراویان هەیە، هەروەك (خالفین) دەڵێت: کوردستان وڵاتێکی شـاخاوییە، لـە ناوەراستدا شاخەکانی کوردستان بـەرز بوونەتـەوە.[2] واتـە زنجـیرە

---

١- عەبدولا غەفور. جوگرافیای کوردستان. هەولێر٢٠٠٥ل١٥–١٩

٢- ئـازاد نەقشـبەندی. دەربـارەی دەستنیشـان کردنـی سـنووری کوردسـتان.

چـیاکان لــە ناوەنــدی کوردســـتانەوە بــەرەو ســنوورەکان درێــژ بوونەتەوە، بەشـێوەیەك کـە لـە سـنوورەکاندا کۆتاییـان پێهـاتووە. بەهەمان شێوە ئەگەر لە ناوەندی کوردستانەوە بەرەو سنوورەکانی بڕۆین، ڕووبەڕووی گـرد– یـان دەشـتەکان دەبینــەوە، کـە ئـەوانیش دەبنــە ئــەو باشــترین بەســتێنەی مرۆڤیــان تێــدا نیشــتەجێ بــووەو پاشانیش شاریان تیدا دروست کـردووە، بـەڵام ناوەنـدی کوردسـتان لەبەر ئەو شێوە چەقبەستووەی چیاکانو نـەبوونی دەشـت، شـاری تێدا دروست نەبووە.[1] لەم ڕوانگەوە بۆمـان دەردەکـەوێت چیاکانی کوردســـتان ڕۆڵێکــی وایــان بینیــوە کــە کوردەکــان لێکــدابڕێنو بەشــێوەیەکی نایەکســان پەرتــەوازەیان بکــەن، جــا پێکهاتـــەی کۆمــەڵگای کــوردەواریش لەســەر بنــەڕەتی خێڵایــەتیو جیــاوازیی خــوێنو دەمــارگیریی، برینــی جیاوازییەکــەی قــووڵتر کردۆتــەوە (لــە بەشەکانی داهاتودا زیاتر روونی دەکەینەوە)، ئەم رەوشەش کارێکی وایکــردووە یــەکگرتن لــەناو کــورددا ڕوو نــەداتو بــە پەرتــەوازەیی بمێننەوە، بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ هەر خێـزانو هـۆزو تـیرەو خێڵێـك حەز بە سەربەخۆیی خۆی بکاتو لە سنووری جوگرافیا تەسکەکەی خۆیـدا وەکـو قەوارەیـەکی سـەربەخۆ لـە خـۆی بڕوانێـت، گەرچـی

---

گۆڤاری سیاسەتی دەولی. ژمارە(٢) ساڵی١٩٩٤ ل١١

١– عـەتا قــەرەداغی. کوردســتانی ڕۆڵــی سروشــتی جــوگرافیو تۆبۆگرافیــا لــە شێواندنی مێژوودا. گۆڤاری ڕێبازی نوێ. ژمارە(٨) هەولێر١٩٩٥ ل١٧

سنووری دەسەڵاتیش لە سنووری گوندێکی کوردستان تێپەڕی نەکردبێت.

ئاوو هەوای کوردستانیش کە زستانێکی ساردو سەختو بەفراویی هەیەو هاوینیشی گەرمو وشکە، تا ئەو ئەندازەیەی جیاوازیی نێوان بەرزترینو نزمترین پلەی گەرما لە کوردستانی گەورەدا نزیکەی (٨٠) پلەیەو لە نێوان (– ٣٥) تا (+ ٤٥) پلەی سەدییە– واتە ئاوو هەوایەکی نیمچە ئیستیوائیە، لە زستاندا لەبەر زۆری بەفر زۆر جار ڕێگاوبان گیراوەو چالاکیی بازرگانیش پەکی کەوتووە، سەرەنجامیش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاوێتەی یەکتر نەبوونەو بە لاوازی ماونەتەوە.[1]

بێگومان زۆربوونی بەربەستە سروشتییەکانو کاریگەریی دەوربینینیان لە پەرتەوازەکردنی خێڵو ناوچە کوردنشینەکاندا. هەروەها بەرەنجامێکی نەرێنی تریشی لێکەوتۆتەوە لە درووستبوونی جیاوازییو جوراوجۆریەتی شێوەزار دیالێکتەکاندا، هەر لە شێوەزاری هەورامی، کرمانجی، کەڵوڕی، سۆرانی (موکری)و لوڕی، هەموو ئەو دابەشبوونەی لەناو هەریەکە لەم شێوە زارانەشدا دروستبووە، جا ئەمەش بەربەست بووە لەبەردەم دروستبوونی

---

١- عەبدولڕەحمان صدیق. خوێندنەوەیەکی ئیکۆلۆژیانە بۆ کەسێتی کوردی. گۆڤاری پەیامی ڕاستی. ژمارە (٥١) ١٩٩٨ ل١٠٠

ڕۆشنبیریی‌و وێژه‌و هونه‌رێکی یه‌کگرتووی کوردیدا، سه‌ره‌نجامیش هزرو ڕۆشنبیریی‌و وێژه‌ی کوردی به‌لاوازی ماوه‌ته‌وه‌و نه‌یتوانیوه تاکی کوردی په‌روه‌رده بکات، تاوه‌کو خۆی‌و نه‌ته‌وه‌که‌ی بناسێت! چونکه وێژه‌ی کوردی به‌زۆریی له ناوچه دابڕاوه‌کاندا له‌یه‌کتر قه‌تیس ماونه‌ته‌وه‌و کوردی ناوچه‌کانی تر لێی سوودمه‌ند نه‌بوون، (به‌که‌می نه‌بێ) سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی وێژه‌ی کوردی له ژێر کاریگه‌ریی وێژه‌و فه‌رهه‌نگی هاوسێکانیدا بووه. به شێوه‌یه‌کی گشتی جیاوازی شێوه‌زاره‌کان که به‌رهه‌مێکی تۆبۆگرافیای کوردستانه، له کوردستاندا په‌یوه‌ندی کۆمه‌لایه‌تی لاواز کردووه‌و بووه‌ته هۆی ئاشنانه‌بوونی دانیشتوانی ناوچه جیاوازه‌کانی کوردستان به ویست‌و خواستی ناوچه‌کانی دیکه‌ی کوردستان له سه‌ربه‌خۆیی‌و یه‌کگرتن.

## جوگرافیاو هه‌لومه‌رجی مێژوویی کوردستان

(پرۆفیسۆر ئازاد نه‌قشبه‌ندی) سه‌باره‌ت به شوێن‌و جوگرافیای کوردستان ده‌لێت: کوردستان له ناوه‌ڕاستی ڕۆژئاوای کیشوه‌ری ئاسیا، له‌نێوان خه‌تی پانی (٣٠) تا(٤١) پله‌ی باکوورو خه‌تی درێژی (٣٦) تا(٥١) پله‌ی ڕۆژهه‌لات‌و به‌سه‌ر تورکیاو ئێران‌و عێراق‌و سوریاو ئه‌رمه‌نستاندا دابه‌شکراوه‌و ئه‌م شوێن‌و ناوچه‌گه‌له‌ی خواره‌وه ده‌گرێته‌وه:

١- ڕۆژهه‌لات‌و باشووری ڕۆژهه‌لاتی تورکیا.

٢- هەموو ڕۆژئاوای ئێران جگە لە خوزستان، لە خوزستانیش لوڕو بەختیاریمان زۆرە.

٣- باکوورو باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق.

٤- سووچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتو باکووری ڕۆژئاوای سوریا.

٥- ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئاچووریان لە ئەرمەنستان.[(١)]

بەپێی ئەم دیاریکردنە کوردستان وەکو پردێك وابووە کە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای پێکەوە بەستۆتەوە. لەبەر ئەوە کوردستان بە درێژایی مێژوو گۆڕەپانی ململانێو شەڕی نێوان زلهێزو ئیمپراتۆریەتەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕوژئاوا بووە.

لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی میدیاوە کە تاکە ئەزموونێك بووە بۆ بوونی قەوارەیەکی یەکگرتووی کورد لە مێژوودا، کوردستان بە بەردەوامیو بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان گۆڕەپانی بەریەککەوتنی زلهێزەکان بووە، وەك لە خوارەوە بە خێرایی ئاماژەی بۆ دەکەین، هەر لەو ساتە تاریکەوە خاکی کوردستان گۆڕەپانی شەڕو پێکدادانی نێوان ئیمپراتۆریەتی ئێرانو لە ڕۆژهەڵاتو ئیمپراتۆری ڕۆمانی لە خۆرئاوادا بووە، بەم شێوەیە.[(٢)]

---

١- پرۆفیسۆر ئازاد نەقشبەندی. دەربارەی دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان. گۆڤاری سیاسەتی دەولی– ژمارە ٢ ساڵی١٩٩٤ ل١١

٢– سەرچاوەی پێشوو– ل٤١

- سالّی (٥٣٠ پ. ن) كۆرش ویستی دەسەڵاتی بابل بڕۆخێنیّ، بۆ ئەم مەبەستە كوردەكانی چەكدار كردو خستیە پێش لەشكرەكەیەوەو بەگژ بابلیەكانیدا كردن.

- سالّی (٤٠١ پ. ن) گەزنەفۆن سەركردەی یۆنانیی كە بۆ یارمەتی (كەیخەسرەو) بە خۆیو (١٣) هەزار سەربازەوە هاتبوو بۆ ئێران، بەناو جەرگەی كوردستاندا گەڕایەوەو كوردەكان لێیاندا، ئەویش هەرچی گوندو بناوانو كشتوكاڵی سەر ڕێگای بوو، هەمووی سوتاند.

- بلۆتارك (٤٦) پ. ز، دەڵێت: لەسالّی ٣٥٦ پ. ز، ئەسكەندەری مەكدۆنی هێرشێكی بەرفراوانی كردەسەر وڵاتی فارس بۆئەوەی ناوبانگی بڵاوببێتەوە، پەلاماری شاری (ئێڤیس)ی داو گرتیو پەرستگا مەزنەكەی (ئەریتمید)ی سوتاند كەسەدان هەزار بەرگی گەورەگەورە لە ئاسەوارو دەستنووسی فارسیو دەوڵەتە ڕووخاوەكەی مادی تێدا بوو.)

- لەسالّی (٣٣٨ پ. ن)، (دارای سێیەم) كە دوانزەهەمین سەرداری ئەخمینی فارسی بوو، لە ئێران دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەرمینیاو كوردۆئیندا هەبوو، بەڵام ئەسكەندەری مەكدۆنی لە شەڕێكدا هەموو ئەم ناوچەگەلەی لێستاندن.

- سالّی (٣٣٢ پ. ن) ئەسكەندەری مەكدۆنی لەهێرشێكی گەورەدا بۆسەر دارای فارس، خۆی لە دەشتەكانی سوریا دزیەوەو

خۆی گەیاندە شاخەکانی کوردستان نزیك شاری (ئیسا) لە رۆژئاوای زاخۆ، بۆئەوەی لە دۆڵە تەسکەکاندا دەوری لەشکری (دارا) بگرێ. لەو شەڕەدا لەشکری دارا لەناو چوون‌و دارا بە بریندای ڕایکردو دایك‌و ژن‌و منداڵەکانی کەوتنە دەست ئەسکەندەر.

- ساڵی (٣٣١ پ. ن)، (دارا) بە هێزێکی زۆرەوە هاتە کوردستان‌و کێوەبەرزەکانی کردە قەڵاو مۆڵگە. (ئەسکەندەر) دەیەویست (دارا) لە شاخەکان بێتە خوارەوە، بەڵام پەلاماریداو هەموو کوردستانی لە ئەسکەندەر سەندەوە.

لە ماوەی ساڵانی (٣٢٠ پ. ز ٦٢٧) زیاتر لە (٣٠) شەڕی خوێناویی لە نێوان هەردوو سوپای فارسی‌و ڕۆمانیدا ڕوویداوە، کە چەندین ئەنجامی کاولکاریی بۆ کوردستان لێکەوتووەتەوە، (لەبەر درێژی بابەتەکە باسمان نەکرد.[1])

لەم خستنەڕووە مێژووییەوە ئەو راستییەمان لا زەق دەبێت کە کوردستان هەر لە سەردەمی ڕووخانی دەوڵەتی مادەوە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دابەشکراو بووە، واتە هەر پارچەو بەشێکی خاکی کوردستان مۆڵگەو سەربازگەی یەکێك لەو دوو زلهێزە کاولکارە بووە.

سەرەڕای ئەو هەموو دابەشکردنە ناراستەوخۆیە، چەند

---

١- حەسەن مەحموود حەمە کەریم. کوردستان لەدەوڵەتی (ماد)ەوە بۆ دەوڵەتی مەدنیە. (٨٥٣پ. ز– ٦١٢ن) ١٩٩٧ ل٤

ڕێکـــەوتنێك لـــە نێـــوان هـــەردوو ئیمپراتۆرەکـــەدا ڕوویـــداوە بـــۆ دابەشـــــکردنی کوردســـــتان، (بـــەناوی دابەشـــــکردنی ســــنووری دەسەڵاتیان)، بە شێوەیەکی راستەخۆ، وەك ڕێکـەوتنی سـاڵی (٦٣ پ. ز)، (١ ساڵ پ. ز) (٣٨٢ ـ ٣٨٨ ز) کە دەتوانین ئەم ڕێکەوتنانە لە ڕیزی ڕێکەوتنامەکانی زەهـاو (١٦٣٩) ز، سـایکس بیکـۆ (١٩١٦) دابنێین.

پێویستە ئەوەشمان لەیاد نەچێت لەم ماوەیەدا چەندین راپەڕینی کوردو ئەرمەن دژ بەم داگیرکەرانە ڕوویداوە، بـەڵام بـەهێز سـەرکوت کراونەتەوە، وەکو ئەو راپەڕینەی لـە سـەردەمی شـاپووری یەکەمـدا دژی فارسـەکان کردیـان، یـاخود لـە سـاڵی (٣٩٣ ز) لـە سـەردەمی (بەهرامی چوارەم)دا (سێ) راپەڕین ڕوویدا لەدژی فارسـەکان، بـەڵام تێکرایان بە هێز سەرکوت کراون.

لەکاتێکیشدا سوپای ئیسلامی بەرەو باکوور کشاو ئیمپراتۆریەتی ساسـانی لـەناو بـرد، ئـایینی ئیسـلام لـە کوردسـتاندا دەسـتی بـە بڵاوبوونـەوە کـرد. جـا کوردسـتان لـەم سـەردەمەدا– سـەردەمی خەلافەتی راشدین، ڕێـڕەوی تێپـەڕبوونی سـوپای ئیسـلامی بـوو لـە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەویشدا (١٣٢) تا(١٤٢ك) کوردستان بـوو بـە مەڵبەنـدی بزووتنـەوەی خەوارجـەکان، کـە هەمیشـە لـە هێـرش‌و شـــەڕکردنابوون لەگـــەڵ ســـوپای دەوڵـــەتی ئەمـــەویی. لـــەو بزووتنەوانەش کە لە ناوچەکەدا هەبوون:

١- بزووتنەوەی هیلال بن علفە ئەلخارجی،ساڵی ٣٨ ك

٢- بزووتنەوەی زیاد فەراش، ساڵی ٥٢ ك.

٣- بزووتنەوەی شەبیب بن زەید ئەلخارجی، ساڵی٧٦ ك.

٤- بزووتنەوەی سەعد بن بەحدەل ئەلشەیبانی، ساڵی ١٢٦ ك، لە باکووری کوردستان.

سەرەڕای بزووتنەوەی زەحال بن قەیس ساڵی (١٢٧ ك) و، ساڵح بن مەسرەح ئەلتەمیمی کە لە بەشی کوردستانی باکوور ڕوویدا، چەندین بزووتنەوەی تریش دروست بوون کە هەندێك لە ناوچە کوردیەکان لەژێر دەستی ئەم بزووتنەوانەدا بوون. وەکو:

١- بزووتنەوەی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر (٦٤ - ٧٣) ك.

٢- بزووتنەوەی موختار کوڕی ئەبی عوبێدە ئەلسەقەفی. (٦٦- ٧٦ ك.)

٣- بزووتنەوەی ئیبراهیم کوڕی مالیکی ئەشتەر (٦٦ ك)

٤- بزووتنەوەی عەبدوڵڵای کوڕی حوڕ (٦٨ ك)

٥- بزووتنەوەی یەزید کوڕی موهەلەب (١٠١ ك)

٦- بزووتنەوەی عەبدوڵڵای کوڕی موعاویە (١٢٧- ١٢٩ ك)

شەڕی نێوان ئەمەوییەکانیش بەسەرکردایەتی (مەروان کوڕی محەمەد)و عەبباسییەکان بە سەرکردایەتی (ئەبوموسلیمی خۆراسانی) هەر لەخاکی کوردستاندا ڕوویدا، لەناوچەی (زێ) کە شەڕەکەش هەر بەناوی زێ (الزاب)ەوە ناسراوە.

بەهەمانشێوە لە سەردەمی عەبباسیەکاندا چەندین بزووتنەوەی تر کوردستانیان کردبووە بنکەی هێرشکردنەسەر دەوڵەتی عەبباسی، بێگومان زۆرجار سوپای دەوڵەت بەرپەرچی دەدانەوە، ئەمەش بووەهۆی ئاکامێکی پشێویو کاولکاریی بۆ کوردستان.

جێگای ئاماژەشە کەوا لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی کۆچییدا سەرەتای سەرهەڵدانی چەند قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی تایبەت بە کورد بوون، ئەمیش لە ئەنجامی جیابوونەوەی چەند میرنشینێکی سەربەخۆ لە رۆژهەڵاتو رۆژئاوای ئیسلامی لە دەوڵەتی ناوەندیی، ئەم بارودۆخەش کاری کردەسەر کوردستانو دەیان قەوارەی سیاسی سەریان هەڵدا وەك قەڵادارییەتیو سەردارییەتی خێڵەکی، ئەمەش هەنگاوی یەکەمی سەرهەڵدانی میرنشینە کوردیەکان بوو لەسەدە ناوەندییەکاندا. لەو میرنشینە کوردیانەش وەك:

١- میرنشینی حەسنەوی (٣٤٨- ٤٠٦ك)

٢- میرنشینی بەنی عەنناز (٣٨١- ٥١١ك)

٣- میرنشینی دۆستەکی مەروانی (٣٧٢- ٤٢٨ك)

٤- میرنشینی شەدادی لە ناوچەی (الران) ساڵی (٣٤٠- ٣٦٨ك)

٥- میرنشینی ڕەوادی لە هەرێمی ئازربایجان (٣٤٣- ٤٦٧ك)

ئەم میرنشینانە لە ئەنجامی ململانێی دەسەڵاتی ناوخۆو دابەشکردنی ناوچەکانی میرنشینەکە بەسەر کوڕەکانی میرەکەدا

پـێش مردنـیو هـاتنی چـەند میرێکـی لاواز، پـەردەی کۆتـایی بـە سەریاندا دادراوەتەوە.

سـەرەرای هـەموو ئەمانـەش سـێ هێرشـی گـەورە بـارودۆخی دانیشتوانی کوردستانو ئاسیای نزیکیـان تـا رادەیـەکی زۆر شـپرزە کـرد، هـاتنی تورکـەکانو سـەلجوقییەکان سـاڵی (١٠٥١ ز) مەغۆلەکانیش ساڵی (١٢٣١ ز) تـەیمووری لـەنگیش سـاڵی (١٤٠٢ ز) یەك لەدوای یەك بوونە هۆی داگیرکردنو وێرانکردنی کوردستان.(١)

پێویسـتە ئـەوەشمان لـەیاد نەچـێت کـە کوردسـتان قـەڵغانو سوپەری دەوڵەتی ناوەندی ئیسلامی بووە لە بەردەم هێرشـی ڕۆمـی بێزەنتیدا، لەبەر ئەوە زۆرجار تووشی کاولکاریی ڕۆمەکان بووە.

لەم خستنە ڕووەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کـەوا کوردسـتان گۆڕەپـانی شـەڕو پێکـدادانی نێـوان بزووتنـەوەو سـوپای دەوڵـەتی ناوەندیو هێرشە دەرەکییەکانی تـورکو ڕۆمو مـەغۆل بـووە، لەبـەر ئەوە کوردستان ئارامی بـە خۆیـەوە نـەبینیوەو پشـوویەکی هێمنـی نەداوە، تاکو بیر لەبەرەوپێشبردنی دۆزە ڕەواکەی بکاتەوە.

هێرشی مەغۆل هێنـدە کاریگـەر بـوو، کـە کوشـتارێکی زۆری لـە کـورد کـردو ناوچـەیەکی زۆری کوردسـتانی وێـران کـرد، هێرشـی (تەیمووری لەنگ)یش لە ساڵی (١٤٠٢ ز) هەمان شـوێنەواری خراپـی بۆ کوردستان بـەجێ هێشـت، داگیرکـاریی ئـاق قوینلووەکـانیش کـە

---

١- د. عەبدولڕەحمان قاسملۆ. سەرچاوەی پێشوو– ل٤١

بەشێکی زۆری کوردستانیان داگیرکرد، هەروەك (د. شمس محمد ئەسکندر) دەڵێت: سەروبەندی هەرە نالەبارو سەخت بۆ نەتەوەی کورد، لەگەڵ دەسەڵاتداری ئاقوینلووەکاندا دەستیپێکردووە. یەکەم نوێنەری ئەم دەسەڵاتدارییە (تور عەلی بەگی ئافیۆلوود)ەی سەر بەتیرەی (پایەندوور) بووە، سەبارەت بەوەش لە بەرایی سەدەی (١٥)هەمدا لە داگیرکارییەکانی تەیموری لەنگدا هاوبەش بوونە، تەیموور دیاربەکری بە شێوەی (تیول) دابووەوە بە توور عەلی، ئەم تور عەلییەش تیرەی تورکمانی هێنا لەم وڵاتەی خزاندنو ڕەگی پێداکوتان.[1]

لە سەرەتای سەدەی (١٦)دا لە ئێرانو وڵاتی عوسمانیدا دوو دەسەڵاتی ناوەندی دامەزرابوون کە لەچاو ئەو سەردەمە بەهێز بوون، سمایلی یەکەم (١٥٠٢– ١٥١٨ ز)، بناغەدانەری بنەماڵەی سەفەویی لە ئێراندا ئاینزای شیعەی لە دژی ئاینزای سوننی بەهێز کرد، کە ئاینزای فەرمی ئیسلام بوو، کاتێك پیاوە گەورەکانی کورد پێشنیاریان پێکرد کە لەشەڕی سوڵتانی عوسمانیدا یارمەتی بدەن، شا سمایل ئەو پێشنیارەی پەسەند نەکردو فەرمانی گرتنی دان.[2]

سوڵتان سەلیمی عوسمانی بە کەڵك وەرگرتن لەهەستی ئایینی،

---

١– د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر. مێژووی کورد لەسەدەی ١٦ هەمدا. هەولێر ١٩٩٨ ل٦٤

٢– د. عەبدولڕەحمان قاسملۆ. سەرچاوەی پێشوو– ل٤١– ٤٢

کوردە سونییەکانی لەدژی سەفەوییەکان هاندا، بەمجۆرە توانیان لەشەڕی چالدێراندا (١٥١٤ ز) کە لە باکووری ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ ڕوویدا، لەشکری شا سمایل بشکێنن. لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا کوردستان لەنێوان ئێران و ئیمپراتۆری عوسمانیدا بەکردەوە دابەشکراو بەشی گەورەی کەوتە ژێر دەسەلاتی عوسمانییەکانەوە، ئەو دابەشکردنە لەپەیمانێکدا کە لە ساڵی (١٦٣٩) لەنێوان شا عەباس و سوڵتان موراد ی عوسمانیدا مۆرکرا، بەفەرمی جێگیر بوو، ئەمە کارەساتێکی گەورە بوو کە کاریگەریی کردەسەر هەموو ڕووداوەکانی داهاتووی گەلی کورد.

پاش ساڵی (١٥١٤ ز) سوڵتانی تورك فەرمانی پێکهێنانی میرنشینە کوردییەکانی بە حەکیم ئیدریس دا کە کوردێکی خەڵکی بەدلیس بوو.[1]

جا میرانی کوردیش دەبوو لەگەڵ هێزە چەکدارەکانیاندا پێکەوە لە هەمووشەڕو گەشتبەرەکانی دەسەلاتی عوسمانیدا هاوبەشیان بکردایەو لە بەرژەوەندیی و قازانجی ئەو شەڕیان بکردایە، بەرانبەر بەمەش دەسەلاتی عوسمانی دەبوو میرانی کوردی لە هەموو دەست بزێویی و گەڕوگێچەڵێکی بیانی بپاراستایە.[2]

لە لایەکی ترەوە ئەو پەیمانەی لەنێوان میرانی کوردو سوڵتان

---

١- هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل٤٢

٢- د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر. سەرچاوەی پێشووتر- ل٧٥-٧٦

سەلیمی یەکەمدا بەسترا، لەسەردەمی سولّتان سولەیمانی غازیدا (١٥١٩– ١٥٦٦) بە سەروبەریەوە لەبیر کرا.

جا ئەو میرنشینانەش کە لە ئەنجامی تێکۆشانەکانی مەلا ئیدریس لە دوای دەولّەتی عوسمانیەوە درووست بوون، وەك (بابان، سۆران، ئەردەلان و... هتد) یا لەناو میرنشینێکدا بنەماڵەی میر لەسەرتەختی دەسەلاّت تێکدەچوون، هەریەکەیان پەنایان بۆ یەکێك لە دەولّەتەکانی سەفەویی‌و عوسمانیی دەبرد، یاخود تێدەکۆشان بۆ فراوانخوازی لەسەر ئەژماری میرنشینە کوردییەکانی تر، واتە یا خەریکی ململانێی ناوخۆی میرنشینێك بوون، یاخود میرنشینەکان لەناو یەکدا خەریکی ململانێ بوون. بەم شێوەیە لاواز دەبوون‌و ڕێگایان بۆ هەردوو دەولّەتی سەفەویی‌و عوسمانیی خۆشدەکرد دەست بخەنە ناو کارو باریانەوە.

پێویستە ئەو راستیانە لەیاد نەچێت کەوا چ لەسەردەمی حەکیم ئیدریسداو چ لەسەردەمی دەسەلاّتداریی پاشای گەورەی کورد کەریم خانی زەند بەسەر ئێراندا (١٧٥٣– ١٧٧٩ ز)، میرنشینە کوردییەکان نەیانتوانی سوود لەم دەرفەتانە وەربگرن بۆ دامەرزاندنی قەوارەیەکی سەربەخۆو یەکگرتووی کوردی. هەروەك د. عەبدولرەحمان قاسملو دەڵێت: دیارە ئەو ماوەیە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی گەلی کورد دەرفەتێکی باش بوو.[1]

---

١- هەمان سەرچاوەی پێشوو– ل٧٧ـ ٧٨

جا ڕێڕەوی ڕووداوەکان، بەوشێوەیەی کە باسمان کرد، بەردەوام بوو تا ناوەڕاستی سەدەی (١٩) کە کۆتایی بە دەسەڵاتی میرنشینە کوردیەکان هێنراو هەموویان بەدەستی دەوڵەتی عوسمانیو ئێران ڕووخان.

هەرچەندە لەدوای ئەم ماوەیەوە چەند راپەڕینێك لە بەشە جۆر بەجۆرەکانی کوردستاندا ڕوویدا، بەڵام بەزۆرو بەهێز سەرکوت کرانەوە.

بێگومان بەو شێوەیە ئەگەر دابڕانو گۆشەگیریی بۆ سەرەتای دامەزراندنی پێویست بێت، ئەوا کوردستان بەدرێژایی مێژوو گۆشەگیرییو دابڕانی بە خۆیەوە نەبینیوە، بۆیە بوونی ئەم مململانێیانە ماوەی دەرکەوتنو بەهێزبوونی هێزێکی گەورەی کوردی نەداوە، کە هەوڵی یەکبوونی هێزو یەکخستنی سەرجەم پارچەکانی کوردستان بدات، لەبەر ئەوە هێزو ناوچە کوردیەکانی بە جیایی هێشتۆتەوە. لەم ڕوانگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت هەلومەرجە مێژوییەکەی کوردستان چەندین ئەنجامی نەرێنی بۆ کورد لێکەوتۆتەوە.

لە راستیدا کاتێك کە باس لە دابەشکردنی کوردستان دەکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕوودانی شەڕی چالدێران، ئەو کات کوردستان بەسەر هەردوو فەرمانرەوایی فارسە سەفەوییەکانو عوسمانییە تورکەکاندا دابەشکرا، بەڵام ڕێکخراوترین دابەشکاریی کوردستان لە

ڕێگەی پەیماننامەی لۆزانەوە بوو، ئەو پەیماننامەیەی کە هەتا ئەم ساتەش کوردستانی کردووە بە چوار پارچەی لێکدابڕاو، دابەشکردنی کوردستان پەیوەندی هەبوو بە دارشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەگەرچی تاکە نەتەوەیەك کە زەرەرمەندی ناو ئەو ڕێکەوتنامەیە بێت، تەنیا کوردە.

(لۆزان) نەبووە دیوارێکی تۆکمە لەبەردەم هەوڵو تێکۆشانەکانی کورد بۆ بەدیهێنانی خەونی سەربەخۆیی، بەڵکو لە پێشو لەدوای لۆزانەوە کورد بەردەوام خوێن دەڕێژێت لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆدا، هاوکات چەندە کورد خەبات دەکات لە پێناو سەربەخۆیدا، دوو ئەوەندە دەوڵەتانی ناوچەییو بگرە دەوڵەتە زلهێزەکانیش پلوپا دەکەن بۆ لەباربردنی ئەو خەباتو تێکۆشانە.

هەر لەدوای شەڕی چاڵدیرانەوە خەباتی کورد لە پێناو سەربەخۆییو ڕزگاریی کوردستان دەستیپێکردەوە، کە دەتوانین بۆ ئەم قۆناغانەی لای خوارەوە دابەشیان بکەین:

قۆناغی یەکەم: ١٥١٤– ١٨٠٠

قۆناغی دووەم: ١٨٠٠– ١٩١٤

قۆناغی سێ یەم: ١٩١٤– ١٩٣٩

قۆناغی چوارەم: ١٩٣٩– ١٩٦١

قۆناغی پێنجەم: ١٩٦١– ١٩٧٥

قۆناغی شەشەم: ١٩٧٥– ١٩٩١

**قۆناغی یەکەم**:

ئەم قۆناغە بە دەسپێکردنی شەڕی چالدێران دەسپێدەکاتو بە هاتنی سەدەی نۆزدە کۆتایی دێت. لەو ماوەیەدا جگە لە شەڕی یەکلاکەرەوەی چالدێران، زیاتر لە(١٨– ٢٠) میرنشینی کوردی دامەزراون‌و جۆرێك لە سەربەخۆییان هەبووە.

**شەڕی چاڵدێران:**

گەر شەڕی چاڵدێران نەبوایە، رەنگە چارەنووسی گەلی کورد نەگەشتبایە بەم رۆژە، هەرچەندە ململانێیە ناوخۆییەکان لەناو میرنشینە کوردەکاندا دەرفەت بوون بۆ داگیرکەران تا خاکی کوردستان وەك مۆلگەیەك بۆ شەڕەکانیان بەکار بهێنن، بەڵام سەرەنجام دابەشکرا بەسەر دوو بەرەدا، هەر لەبەر ئەم هۆیە، زۆر گرنگە ئاماژە بەو هۆکارانە بکەین کە بوونە سۆنگەی هەڵایسانی شەڕی چاڵدێران، لەناو خاکی کوردستاندا.

١– لەرووی جوگرافییەوە کوردستان شوێنێکی ناوەندو لەباری هەبوو، جگە لەوەی خاکەکەی پربوو لە کانزاو سامانی هەمەچەشنەی بەسوود.

٢– زۆریی میرنشینە کوردییەکان‌و فراوانبوونی دەسەڵاتیان‌و ململانێی نێوانیان.

٣– میرنشینە کوردییەکان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووبوون،

بەرەیەکیان پشتگیری عوسمانییەکانیان دەکردو بەرەکەی تریش پشتگیری شا ئیسماعیلی سەفەویانی دەکرد.

٤- هۆی لایەنگریی کوردەکان بۆ دەوڵەتی عوسمانی ئەوە بوو، کاتێك شا ئیسماعیلی سەفەویی دەسەڵاتی پەرەی سەندو جێپێی خۆی قاییم کرد، کەوتە چەوساندنەوەو لەناوبردنی کوردەکانو بەتاڵانبردنی سامانو دارایی، بۆیە کوردەکان پەنایان بۆ سوڵتان سەلیم، سوڵتانی عوسمانی برد.

٥- بەرژەوەندی سەفەوییەکان لەوەدا بوو خاکی کوردستانی هاوسێیان کە ئایینەکەی سوننی بوو، بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە تا بیانهێننە ژێر ئایینی شیعەوە.[1]

٦- میرنشینە کوردەکان لەرووی ئابوورییەوە لاواز بوونو ئەمەش بووبووە مایەی دلگرانی خەڵکی ژێر دەستەی خۆیان، چونکە وەك پێویست نەیان دەتوانی خزمەت بەخەڵکەکەی خۆیان بکەن.

٧- هەریەك لە دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی سەفەوی رێگەیان نەدەدا کە کاڵا بهێننە ناو خاکی کوردستان.

٨- رۆڵی کەسایەتی کورد (مەلا ئیدریسی بەدلیسی)

مەلا ئیدریس خەڵکی بەدلیسی باکووری کوردستانو

---

١- عەلی ئارات. جەنگی چالدێرانو کاریگەری لەسەر کوردستان.

www.penjwen.com

کەسایەتییەکی کورد بوو، پلەو پایەی کۆمەڵایەتی وسیاسی بەرزی هەبوو، (سەردەمێك مۆرهەڵگری شا ئیسماعیلی سەفەوی بووەو پاشان لای سولتان سەلیم، قازیی سەربازەکان بووە، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانو سەرۆك هۆزەکانیش گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بوون، بۆیە عوسمانییەکان ئەمیان کردە ناوەندێك بۆ پەیوەندیی کوردو عوسمانییەکانو راکێشانی کوردەکان بەلای خۆیاندا، وە رێکەوتنامەیەکیان لەگەڵدا مۆر کرد.[١] کەئەمە بەندەکانیەتی:

ا- پاراستنی سەربەخۆیی میرنشینە کوردەکان.

ب- هەموو میرێك لە میرنشینەکەی خۆیدا بە پشتاوپشت دەبێت بە میری میرنشینەکە- یاخود بەپێی یاسایەك دەبێ بکرێ کە سوڵتان دان بەو میرەدا بنێت.

ج- پێویستە کورد هاوکاریی تەواوی عوسمانییەکان بکات لەکاتی شەڕدا، واتە کوردەکان بچن بە هانایانەوەو یارمەتییان بدەن.

د- پێویستە لەسەر عوسمانییەکان بەرگری لە میرنشینە کوردەکان بکەن، ئەگەر تووشی شەڕو دەستدرێژیکردن هاتن لەلایەن هەر دەوڵەتێکەوە.

هـ- پێویستە میرە کوردەکان ساڵانە باجو پیتاك بدەن بە دەوڵەتی عوسمانی.

---

١- عەلی ئارات. سەرچاوەی پێشوو.

و– پێویسته هیچ میرێك– یان میرنشینێك له دەوڵەتی عوسمانی هەڵنەگەڕێتەوەو راپەڕین لەدژی بەرپا نەكات.

٩– كێشەی سنوور: عوسمانییەكان پەلهاویشتنی فارسە سەفەوییەكان بە سەرۆكایەتی شا ئیسماعیلو داگیركردنی زۆر ناوچەی وەك كوردستانو ئەرمەنستانو عێراقو كۆنترۆلكردنی شوێنە ستراتیژییەكانو دەستگرتن بەسەر ڕێگا بازرگانییەكانیان، بە مەترسی بۆ سەر خۆیان داناو بڕیاریاندا ڕێگا لەو پەلهاویشتنە بگرنو بەرەنگاری ببنەوە، هەروەها سوڵتان سەلیم شا ئیسماعیلی بە پیاوێكی مەترسیدار دادەنا لەسەر ئیمپراتۆریەتەكەی، چونكە بەنیاز بوو ئیمپراتۆریەتێكی بەربەرین پێكبهێنێت.

بۆیە لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كورد لەشەڕی چاڵدێراندا بەشێكی گەورە بووە لە رووداوەكان، بەتایبەت كوردەكان ویستووانە بەرژەوەندییەكانی خۆیان بپارێزن، رەنگە لەوكاتەدا كوردەكان هێندەی خەمی ئەوەیان بووبێت كە كیانەكەی خۆیان یاخود هۆز ومیرنشینەكەی خۆیان بپارێزن، دوور لەبیری عوسمانیەكانو سەفەوییەكان كە هەموو بیرو ئاوەزیان لەسەر ئەوەبوو خاكی بەپیتی كوردستان بخەنە ژێر كۆنترۆڵی خۆیانەوە، یاخود زۆرترین میرنشینو هۆز بخەنەژێر ركێفی خۆیانەوە.

بۆ زیاتر روونكردنەوەی بابەتەكە پێویستە ئەو هۆكارانە بزانین كە بوونەتە سۆنگەی هەڵگیرسانی شەڕ لەو ناوچەیەدا:

## هەڵكەوتەی جوگرافیایی

## ناوچەی چاڵدێران:

**چاڵدێران:** بریتییە لە دەشتێکی پانو بەرین، کەوتۆتە نێوان دوو زنجیرە شاخو پانتاییەکەی(٧٥٠) کیلۆمیتری چوارگۆشەیە، دەشتەکەی بەلای ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا درێژبووەتەوەو لە هەندێ جێگا دوو زنجیرە شاخەکە زۆر لێك دوور دەکەونەوە، لەهەندێ جێگای تر زۆر لێك نزیکدەبنەوە. هەروەها لە دامێنی شاخەکان چەند گردۆڵکەیەك هەیە بەرەو ناوەراستی دەشتەکە درێژ دەبنەوە کە وەك پەرژینێکی سروشتی وایە بۆ دەشتەکە، دەشتی چاڵدێران سەربە دەڤەری (قەرەعەین) واتا: سیاچاوکەیەو شێوەی لاکێشییەو لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە، رووباری (سیاچاوکە) بەلایەکی دەشتەکەدا دەڕوات، کە ئەویش دەڕژێتە رووباری ماکۆوە، جێگەی ڕوودانی شەڕەکە دەکەوێتە لای باکووری دەشتی چاڵدیرانو تا ئێستاش ئاسەواری هەندێك لە کوژراوەکان ماون، وەك مەزارگەی: سەدرەدین عەلی شیرازیو نیزامەدین عەبدولباقی، کە بوونەتە مەزارگەی خەڵکی ناوچەکە.

ئەم ناوچەیە ئاوو هەواکەی گۆڕاوە، بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە نێوان زنجیرە چیای (ساری چەمەن) کە ئەویش دەکەوێتە نێوان سنووری ئێرانو تورکیا، بەشەکانی سەر سنوورەکەی، ساردو کوێستانیین، بەڵام کەبەرەو ناوەوە دێیت، ئاوو هەواکەی مامناوەندەو زستانیان ساردو سەختە، بەروبوومی سەرەکی ئەم دەشتە بریتییە لە دانەوێڵە، سوود لە ئاوی ڕووباری (قزڵچای)

دەبینێت، سنووری چاڵدێران لە باکوورەوە شارۆچکەی (ماکۆیە)، لە ڕۆژهەڵاتــەوە (قــەرە زیائــەدین)ە، لــەڕۆژ ئاواشــەوە ئیســلامکەندیو تورکیایە.

## ڕوودانی شەڕەکە:

پــاش ئــەوەی ســولّتان ســەلیم لەســاڵی (١٥١٢) بــووە ســولّتانی عوسمانی، خۆی بۆ شەڕ دژی فارسەکان ئامادە دەکرد، ئەگەرچــی ســولّتان ســەلیم پلوپــای زۆری کــرد ســونییەکانی ژێــر دەســەڵاتی فارسەکان بۆ لای خۆی رابکێشێت، بەڵام سوودی نەبوو، بـۆ نموونـە کاتێـك سـولّتان سـەلیم (عێـزەدین چـاپین)ی نـاردە لای (محەمـەد قەرەباغی) کەسەرۆك هۆزێك بوو لـە ورمـێ، ئـەویش دەسـتیکرد بـە سـندوقێکداو کراسـێکی خوێنـاویی دەرهێنـاو گـوتی: ئەمـە کراسـی مامەمەو باپیری سولّتان سەلیم ملی لە لاشەی جیا کردۆتـەوە، ئـیتر چـۆن پاڵپشـتی لەسـولّتان سـەلیم بکـەم، سـولّتان سـەلیم کۆبوونەوەیەکی فراوانی بە گشت سەرۆك هۆزەکان کردو گوتـی: هەر کەسێك هەر ناوچەیەکی گرت ئەوا یەکسەر دەبێتـە فـەرمانڕوای ئـەو ناوچەیە، هەر لەو کۆبونەوەیەدا سەرۆك هۆزی (سـاری) راسـپارد بـە قەڵاچۆکردنی شیعەکانی ئەنادۆڵ، گوایە لـە دیـن وەرگـەڕاون، بـەڵام (ئەسلان) سەرۆك هۆزی (ساری) ئەوەی بەشتێکی باش نەزانی، بۆیە پاش چەند شەڕو پێکدادان لەگەڵ سوپای عوسمانی، خۆی گەیانـدە

لای فارسەکان، ئەمکارەش سوڵتان سەلیمی هێندەی تر تورە کرد، کە بەرەو شەڕ هەنگاو هەڵگرێت، ئەوە بوو سوپای عوسمانی یەکسەر پەلاماری دیاربەکری داو داگیریان کردو فەرمانڕواکەشیان بەدیل گرت، بەڵام لەوکاتەدا شا ئیسماعیل چووبوو بۆ هەمەدان، دواتر راپۆرتی شەڕەکەشیان پێگەیاند، شا ئیسماعیلی تەمەن (٢٨) ساڵ، پشتگیریی تەواوی لە (موراد کوڕی ئەحمەد)، برازای سوڵتان سەلیم ی دەکرد، کە داوای تاجی پاشایەتی دەکردو هەروەها پشتگیریی تەواوی ئەو خەڵکەی دەکرد کە لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا بوونو لەدژی عوسمانییەکانو راپەڕینیان بەرپا دەکرد، سەرپەرشتییکردنی ئەم کارەشی بە (نوور عەلی خەلیفە ڕۆملوو) سپارد کە بە سوپاکەیەوە ناردی بەرەو ئازەربایجان بۆ پشتگیریکردنی لە راپەڕینی قزڵباشەکان، کە توانیان لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بنو سەرکەوتنیش بەسەر عوسمانییەکاندا بەدەست بهێنن، ئەوەبوو سوڵتان سەلیم بە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار سەربازەوە پەلامارەی (محەمەد خانی ئوستاجلوو)ی داو ئەرمەنستانی پێ چۆڵ کردو خەڵکەکەشی ناچار کرد بۆ ئازەربایجان کۆچ بکەن، پاشان سوپای فارسەکان ئەوەیان بۆ ڕوون بوەوە کە ناتوانن بەرەنگاری عوسمانییەکان ببنەوە، بۆیە بڕیاریاندا پاشەکشە بکەنو سیاسەتی زەوی سوتاندن بگرنە بەر، کە بریتی بوو لەوەی هەر زەوییەك سەوزایی تێدابێت بیسووتێنن، تاکو سوپای عوسمانی خۆراکی

پێویستی دەست نەکەوێتو لە برساندا بمرن، بەڵام سوڵتان سەلیم باری (٦٠٠٠٠) شەست هەزار حوشتر ئازوقەی بۆ سوپاکەی پەیدا کردو لەو تەنگەژەیە ڕزگاری کردن، سوڵتان سەلیم ژمارەیەکی باشی لە قزڵباشە شیعەکان کە لە بنەڕەتدا یارسن بوون، کوشتو بەردەوام بوو لە سەر ڕۆیشتن بە دوای سوپای فارسەکاندا، بەڵام فارسەکان مەبەستیان بوو عوسمانییەکان دوایان بکەون تاکو دەگەنە ناوچە شاخاوییەکان، کاتێکیش گەیشتنە ناوچە شاخاوییەکان سوپای عوسمانی تەنگەتاو بوو، بەشێکی سوپاکەی داوای پاشەکشەیان لە سوڵتان کرد، بەڵام سوڵتان سەلیم گوێی بەم داخوازییەی سەربازەکانی نەدا، بەڵکو بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن بەدوای فارسەکاندا، تاکو گەیشتە دەشتی چاڵدێران، لێرەدا هەردوو سوپاکە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، شا ئیسماعیل ئەگەرچی ژمارەی سەربازەکانی زۆر کەمتر بوو، لە ژمارەی سەربازەکانی سوڵتان سەلیم، بەڵام سوپاکەی خۆی کرد بە (٩) بەشەوەو پێیگوتن: هەرکەسێکتان بکوژرێت ئەوا شەهیدە، هەروەها وتی ئەگەر لەم شەڕەدا سەرنەکەوتین ئەوا نابێ بەزیندووی بمێنینەوە، واتە ئەوەندە بکوژن تا دەکوژرێنەوە، عوسمانییەکانیش سوپاکەیان کردە (٣) بەش بۆ شەڕەکە، هەروەها خاوەنی تۆپچی زۆرباشو هێزێکی دەریایی زۆر بەتواناش بوون، سوڵتان سەلیمو ژمارەیەك لە وەزیرەکان لەسەر گردێکی بەرز لەژێر دوو ئاڵای سورو سپی دا

دانیشـتبوون‌و چـاودێری بارودۆخەکـەیان دەکـرد، ئـەوەبوو سـەرلە بـەیانیی (١٥١٤/٨/٢٣) شـەڕ دەسـتیپێکرد، لـەم شـەڕەدا سـوپای فارسەکان دەستپێشخەریان کـرد، چـونکە عوسمانییـەکان خـاوەنی تۆپخانە بوون‌و نەیاندەویست دەستپێشخەریی بکـەن، بـەم شـێوەیە سەرەتا سوپای فارسەکان بەرەو پێشەوە چوون‌و سوپای عوسمـانی پاشەکشـەی دەکـرد، دیـاربوو ئـەم پاشەکشـەکردنە بـۆ ئـەوە بـوو سوپای فارسەکان بێنە نزیکی تۆپخانەو مەودای تۆپەکان بیانگـاتیّ، بەم شێوەیە سوپای فارس هەر چوونە پێش‌و لەپڕ سوپای عوسمانی کەوتــە تۆپبــاران‌و ژمارەیــەکی زۆر لــە ســەربازەکانی فارســە سەفەوییەکان کوژران، فارسەکان زیانێکی زۆریان لێکەوت، هەردوولا واتە شا ئیسماعیل‌و سوڵتان سەلیم ڕێککەوتن کە بۆ ماوەیەکی کـەم شەڕ بوەستێنن، پاشان شـەڕ دەسـتیپێکردەوەو ئـەم جارەیـان زۆر بەتونـدیی‌و بەشـێوەیەکی چـڕوپڕ کـە ژمارەیـەکی زۆر لـە فەرمانـدە دیارەکانی فارسەکان کوژران‌و سەربازەکانیان ورەیـان ڕووخـا، بۆیـە ناچار شا ئیسماعیل خۆی هاتە مەیدان‌و بەشداریی شـەڕەکەی کـرد، تــا ئێوارەیــەکی درەنــگ شــەڕ بــەردەوام بــوو، بــەجۆرێك کــە عوسمانییـەکان ئـەڵێن: چـاڵدێران تـاریکترین ڕۆژی عوسمانییـەکان بووە، چونکە ئاگرو تەپ‌و تۆزو دەنگی تۆپ‌و هاوارو ناڵـەی سـەرباز تێکەڵ بەیەك بووبوو، بەجۆرێك کە چـاو چـاوی نـەدەبینی، هـەروەك دەڵێن وەك ڕۆژی پەسڵان (حشر) وابووە، سەختی ئەو ڕۆژە وای لـە

شا ئیسماعیل کرد کە وەسیەت بکاتو بڵێت ئەگەر مردم ئەوا (تەهماسب)ی کوڕم بکەنە شای ئێران.

یەکەم ڕۆژ ئاکامی شەڕەکە یەکلایی نەبووەوە کە کامیان سەرکەوتووە، هەرچەندە فارسەکان ڕووەو بەزین دەڕۆییشتنو ژمارەیەکی زۆریان لێکوژرا، ئەوەبوو لەڕۆژی دووەمی شەڕەکەدا کە وەك ڕۆژی یەکەم سەختو خوێناویی بوو، سوڵتان سەلیم نامەیەکی بۆ شا ئیسماعیل نارد کە تێیدا داوای کردبوو ئێمە هەر سەردەکەوین، جا بۆئەوەی لەمە زیاتر خوێن نەڕژێت ئەوا خۆتان بدەن بە دەستەوە، سەرو ماڵو گیانتان پارێزراوەو دەبێ شا ئیسماعیلو بنەماڵەکەی ئێران چۆڵ بکەنو تا ماوەی سێ مانگ خەڵکی ناوچەکانی کوردستانو ئازەربایجانو تالشو گیلان، دەستبەسەر بنو پاشان ئازاد دەکرێن، بەڵام شا ئیسماعیل پاش ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانی بیرو رای ئاڵوگۆڕ کرد، وەڵامی دایەوە کە ئامادەن درێژە بە شەڕ بدەن، نەك خۆ بەدەستەوەدان، ئیتر شەڕ دەستیپێکردەوەو لە ئاکامدا شا ئیسماعیل بە برینداریی ڕایکرد، تەورێزی پایتەخت گیراو زۆر ناوچەیان لە کیس چوو.

سەرەنجام شەڕ بە سەرکەوتنی عوسمانییەکان کۆتایی هات. ئەم شەڕە کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر نەخشەی کوردستاندا هێنا، کوردستان دابەش بوو بەسەر دووبەرەدا، بەرەو ڕۆژئاوا بۆ عوسمانییەکانو بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ فارسەکان، کە لە ڕێکەوتنامەی

زەهاو لە ساڵی (١٦٣٩)ز ئەم دابەشکردنە جێبەجێ کرا.

لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت لەپاش شەڕی چاڵدێرانەوە سیاسەتی کۆمەڵکوژی، بێسەروشوێنکردن و سڕینەوەی مۆرک و شوێنەواری کورد، بە دەست دەوڵەتەکانی تورک و روس و ئێران و عەرەب، ملیۆنان کوردی لە ناوبردووە، تێکۆشان بۆ نەهێشتنی شوێنەواری بەکوردبوون و نەهێشتنی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی.

لە شەڕی چاڵدێرانەوە تا سێ سەدە دواتریش هەموو شەڕو پێکدادانەکانی نێوان سەفەویی و عوسمانییەکان لە سەر خاکی کوردستان و زۆر جار بە تێچوون و خوێنی کورد روویانداوە. هێرش بۆ سەر قەڵای دمدم، کوشتارەکەی ناسراو بە موکریقڕان و قەڵاچۆی هۆزی مەنگوڕ، کوشتارەکانی سەردەمی قاجارەکان، کوشتاری کوردان لە جەرگەی شەڕی یەکەمی جیهانیی لەلایەن هێزەکانی روس و عوسمانییەوە، کوشتارەکەی (١٩١٥و ١٩١٦) راگوێزانی ئەو(٧٠٠) هەزار کوردەی بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی لەو ساڵانەدا، نیوەیان لەسەرمان و لەبرسان قڕیان هات، قات و قڕییەکەی شەڕی یەکەم کەبە هەزاران کوردی لەناو برد.

هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕو ململانێیەی کوردستان لە کۆنەوە تووشی بووە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردن و داگیرکرانی کوردستان، بەڵام هەڵکەوتە ستراتیژییە گرنگەکەی ئەوە بووە کە وەك ناوچەیەکی وشکارۆ، هەموو دەروازە دەریاییەکانی بە یەکتر

بەستووەتەوەو لە کۆنەوە ڕێگای بەیەکگەیاندنی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوا بووە. دۆزینەوەی پەترۆڵ بایەخی هەڵکەوتە ستراتیژییەکەی زیاتر کردووەو هاوکات شوێنە ستراتیژییەکەش بایەخی تایبەتی بە پەترۆڵەکەی داوە.[1]

**قۆناغی دووەم**:

لە سالانی (١٨٠٠– ١٩١٤)، واتە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە تا دەسپێکردنی شەڕی جیهانی یەکەم، لەوماوەیەدا کۆمەڵێك شۆڕشو ڕاپەڕین هەڵگیرسان، لەوانەش:

١– بزووتنەوەکەی عبدالرحمن پاشای بابان، لە سلێمانی(١٨٠٦)

٢– جووڵانەوەی ئەحمەد پاشای بابان(١٨١٢)

٣– جووڵانەوەی میر بەدرخان لە جزیرە (١٨٢١– ١٨٤٧)

٤– ڕاپەڕینی محەمەد پاشای کۆرە(١٨٢٦– ١٨٣٣)

٥– جووڵانەوەی میر شەرەفخانی بەدلیس لە تورکیا.(١٨٣٤)

٦– ڕاپەڕینی یەزدان شێر لە تورکیا لە(١٨٥٣– ١٨٥٦)

٧– ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی لە تورکیا(١٨٨٠– ١٨٨١)

٨– ڕاپەڕینی هۆزی کەلوڕ(١٩٠٥)

٩– ڕاپەڕینی شێخ عبدالسلام بارزانی(١٩٠٨– ١٩١٤)

---

1 (www.ilam.blogfa.com)

١٠- راپەڕینی مەلا سەلیمو شەهابەدین لە بەدلیس(١٩١٩)

**قۆناغی سێیەم: ١٩١٤- ١٩٣٩**

ئەم قۆناغەش بە دەسپێکردنی شەڕی جیهانی یەکەم دەسپێدەکاتو بە دەسپێکردنی شەڕی جیهانی دووهەم کۆتایی دێت، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك شۆڕشو راپەڕین کران، لەوانەش:

١- راپەڕینی شێخ مەحموودی نەمر لە سلێمانی (١٩١٩- ١٩٣٢)

٢- راپەڕینی بەردەرکی سەرا(١٩٣٠)

٣- راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە تورکیا(١٩٢٥)

٤- شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان(١٩٣١-١٩٣٤)

٥- جووڵانەوەی سەید ڕەزای دەرسیم لە تورکیا(١٩٣٧)

٦- شۆڕشی چیای ئاگریی لە تورکیا(١٩٢٦-١٩٣٠)

٧- شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ لە کفری(١٩٢٠)

٨- جوڵاندنەوەی سمایل خانی شکاك (سمکۆ)(١٩٢٠- ١٩٢٦)

٩- راپەڕینی کوردەکانی دیاربەکر(١٩٣٤)

١٠- راپەڕینی ئێزدییەکان(١٩٣٩)

١١- راپەڕینی ئورمیە (ورمێ)(١٩٤٢)

جگە لە چەندین راپەرینو شۆڕشی تر کە گرنگییان هەبووە لەسەر جووڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد.

**رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ:**

## (Agreement Sykes–Picot)

ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ، وەك گشت پیلانەکانی تر پلوپایەکی تری بریتانیاو فەرەنسا بوو، بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، لەپاش رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی جیهانی یەکەمدا[1] سایکس پیکۆ، لەلایەن هەردوو دەوڵەتی بریتانیاو فەرەنساوە بەستێنی بۆ خۆشکرا، ئەویش پاش ئەوەی هەریەك لە مارك سایکس (Mark Sykes) بە نوێنەرایەتی بریتانیاو جۆرج پیکۆ (Gorge Picot) بە نوێنەرایەتی فەرەنسا، دانران بۆ گۆڕینەوەی بیرو ڕا لەسەر دابەشکردنی ئەو ناوچەیە، ئەوانیش پاش ڕێکەوتن کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ کۆنسۆڵی روسیە لە فەرەنساو کەوتنە راوێژەوەو سەرەنجام پاش بیروڕاو نامەگۆڕینەوە، لە نیسانی (١٩١٦)دا گەیشتنە روسیەو فەرەنساو بریتانیا، ریکەوتننامەیەکیان بەناوی سایکس پیکۆ واژۆ کرد.[2]

بەپێی ڕێکەوتننامەکە ناوچەکان کران بە سێ بەشەوەو بەمجۆرە دابەشکرا:

١– ئەم ناوچەگەلە دەدرێت بە فەرەنسا: رۆژئاوای سووریا، لوبنان، پارێزگای ئەدەنە، ئەو ناوچەگەلەی لەرۆژئاوای عەنتابو

---

١- الموسوعة الحرة– لخلق وجمع المحتوى العربي.

٢- سەرچاوەی پێشووتر.

ماردینەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ناچەکانی ڕۆژهەڵات، بەناو چیای ئـاڵاو جیلۆو زازاو خارپووتدا تێدەپەڕێ.

٢- ئەم ناوچەگەلە دەچنە سەر روسیە: ئەرمەنستانو تورکیاو باشووری کوردستان، هەروەها پێدانی ماف بە روسیا لە ئەرسەدۆکس.

٣- ئەم ناوچەگەلە دەدرێت بە بریتانیا: ناوچەکانی ناوەراستو باکووری عێراق (خوارووی میزۆپۆتامیاو بەغداد)، لەگەڵ بەنداوەکانی عەککاو حەیفا لە فەلەستین.

٤- ئەو ناوچەگەلەی کە لە نێوان هەنا (نفوز)ی بەریتانیاو فەرەنسادایە، چەند پارێزگایەکی یەکگرتووی عەرەب، یان دەوڵەتێکی عەرەبی تێدا بنیات بنرێو بەسەر بریتانیاو فەرەنسادا دابەش بکرێت.[1]

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کوردستان پاش دابەشکردنی لە بارودۆخێکی ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتی زۆر نالەباردا بەسەری دەبرد، بەتایبەتی گەلی کورد هیچ تروسکایەکی ئومێدی لە هیچ یەکێك لە دەوڵەتانی روسیەو بریتانیاو فەرەنسا نەدەبینی، بەڵام ئەم رێکەوتنامەیە نەبووە هۆکاری نائومێدبوونی کوردو رەوینەوەی خەونی سەربەخۆیی، بەڵکو چەندین راپەڕینو شۆڕش لەدوای

١- الموسوعة الحرة لخلق وجمع المحتوى العربي. International Syria–boundary study, No94-december 30, 1969, Jordan

ڕێکەوتنامەکە هەڵگیرساند، کە ڕەنگە گرنگترین هۆکار ئەوە بووبێت ئـەم دابەشـکردنە لـە نێـوان دەوڵەتـە براوەکانـدا بـێ گوێدانـە مافـە نەتەوەیی‌و ئایینی‌و کلتووریەکان بـووە، هەرچـەندە ئـەو دوو کەسـە (سایکس‌و پیکۆ)ت بەوردی شارەزای بارودۆخی ئـابووری‌و سیاسـی‌و کۆمەڵایـەتی کوردسـتان بـوون، تەنانـەت مـارك سـایکس گەشـتێکی دوورو درێژی بە کوردستاندا کـردووەو سـەردانی خێڵـە کوردیـەکانی کردووە.[1]

## پەیمانی سیڤەر:
## (Siver Agreement)

لـە نیسـانی سـاڵی ١٩٢٠ لـە شـاری (سـان ریمـۆ) دەوڵەتـە سوێندخۆرەکان لەگەڵ تورکەکاندا لەسەر چەند بڕگەیەك کۆبوونەوە، پاشـان لـە شـاری سـیڤەری فەڕەنسـا لـە (١٠)ی ئـابی (١٩٢٠) پەیماننامەکە مۆرکرا کە ناوی نرا پەیماننامەی سیڤەر.[2] کە هەریەك لە دەوڵەتەکانی فەڕەنساو بریتانیاو هاوپەیمانان‌و تورکیاو نوێنـەری

---

١- نەوشـیروان مسـتەفا ئـەمین. کـوردو عەجـەم. سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ستراتیجی، سلێمانی ٢٠٠٥ ل٢٦٢

٢– د.ولید حمدی. کـوردو کوردسـتان لەبەڵگەنامـەکانی بریتانیـادا. وەرگێڕانی:محمد نوری تۆفیق. دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم. سلێمانی، ١٩٩٩ ل١٨

کورد شەڕیف پاشا بەشدارییان تێدا کردو پەیماننامەکە مۆرکرا.

بەگوێرەی ئەو پەیمانە، بریتانیا دەیویست بەشی کوردستانی باکوور لە تورکیا جیابکاتەوەو پارێزگای موسڵیشی بخاتە سەرو دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بۆ کورد لەژێر سەرپەرشتیکردنی خۆیدا دابمەزرێنێت.[1]

پەیماننامەی سیڤەر، ئەو پەیماننامەیەی کە کورد هەموو هیواو خۆزگەکانی لەسەر هەڵچنیبوو، ئەگەرچی هیچ یەکێك لە بڕگەو ماددەکانی جێبەجێ نەکران‌و هیچ دەوڵەتێکی ئەندامی پەیماننامەکەش پابەند نەبوو بە جێبەجێکردنیەوە، هەرچۆنێك بێت پەیماننامەی سیڤەر بۆ کورد هێندە پڕ بایەخە کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت- یان لانیکەم بۆ ئێستامان وانەیەکی زۆر بەنرخە، بەر لە هەموو شتێك پێویستە ئەو ماددانە بخەینەروو کە لە پەیماننامەکەدا پەیوەندیان بەکوردەوە هەیە، ئەویش هەریەکە لە مادەکانی: (٦٢- ٦٣- ٦٤)ە.

**مادەی: (٦٢)**

لیژنەیەکی سێ قۆڵی پێکدێت کە بارەگاکەی لە ئەستەمبوڵ دەبێت، ئەو لیژنەیە لەلایەن بریتانیاو فەڕەنساو ئیتاڵیاو نوێنەری کورد دروست دەکریت، بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی ئۆتۆنۆمییەکی ناوچەیی بۆ ناوچە کوردییەکان، لەدوای شەش مانگ لە مۆرکردنی

1 (modersmal.skolverket.se)

ئـەو پەیماننامەیـەش، سـنووری ئـەو ناوچـەگەلە بـریتی دەبـێ لـە ڕۆژھەڵاتی فورات‌و خوارووی سـنووری ئەرمەنستان، کـە لـە دواییـدا ئـەو سـنوورەش دیـاری دەکـرێ، لـە سـەرووی سـنووری تورکیـاو سـووریاو میزۆمۆتامیـا کـە لـە پـەرەگرافی (٢)ی مـادەی (٢٧) دەستنیشـان کـراوە، ئەگـەر لـە کاتێکیشـدا ئـەو لیژنەیـە لـە هـەر مەسەلەیەك نەگەیشتنە ئەنجامێك، ئەوا هەریەکە راپـۆرتی خـۆی لـە سەر ئەو مەسەلەیە دەداتە دەسەڵاتەکەی، لەم پرۆژەیـەدا پێویسـتە رەچـاوی تـەواوی مافـە رەگـەزی‌و ئایینییـەکانی کلـدان‌و ئاشـورو کەمایەتییـەکانی تـر بکرێـت، لـەناو ئـەو سـنوورەی لـە سـەرەوە دیاریکرا، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی تری پیکهاتوو لـە بریتـانی‌و فەرەنسی‌و ئیتالی‌و فارسی‌و کوردی سەردانی مەیدانی دەکەن بۆ هەر دەستکارییەك ئەگـەر پێویسـت بکـات لـە سـنوورەکانی تورکیـا، لـە بەرئەوە ئەو سنوورە لـە ژێـر مەرجـەکانی ئـەم پەیماننامەیەدایـە تـا دەگاتە سنووری فارس.

**مادەی:(٦٣)**

لەو ساتەوە دەسـەڵاتی تـورکی پـەیمان دەدا بـە قـایلبوونی بـەو بڕیارانـەی کـە لەلایـەن هـەر دوو لیژنـەی ئامـاژەپێکراو لـە مـادەی (٦٢)دا هاتووە، لە ماوەی (٣) مانگدا جێبەجێی دەکا.

**مادەی: (٦٤ )**

له دوای ساڵێك ئەگەر زۆربەی گەلی کورد، لەو سنوورەیدا کە لە مادەی(٦٢) دیاریکرا، داوای سەربەخۆییان لە کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) کرد کە لە تورکیا جیاببنەوە، کۆمەڵەی نەتەوەکانیش زانییان ئەوانە دەتوانن ئەو سەربەخۆییە بەڕێوە ببەنو کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) ئەو مافەشی پێدان، ئەوا دەبێت تورکیا دانیان پێدابنێتو لە هەموو مافەکانی خۆی دەست هەڵگریٚو وردەکاری ئەو دەستهەڵگرتنەش بابەتی رێکەوتنێکی تایبەتی دەبیٚ لە نیوان وڵاتە هەرە گرنگەکانی هاوپەیمانانو تورکیا، ئەوکاتەش هێزە سەرەکیەکانی ناو هاوپەیمانان هیچ رێگرییەك ناکات لە تیکەڵبوونێکی ئارەزوومەندانەی ئەو بەشەی کوردستان کە سەربە پارێزگای موسڵە بۆ سەر ئەو دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیەی دروست دەبێت.[1]

بەپێی دەقی ئەم سیٚ مادده لە رێکەوتننامەی سیڤەر، کورد دەیتوانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنیٚ لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا، بۆیە ئەمە یەکێك بوو لە دەسکەوتە بەدەستهاتووەکان.

لەدوای پەیماننامەی سیڤەر کەمالیستەکان بە هاوکاریو هاوئاهەنگی روسیە تێکۆشانەکانی خۆی چڕکردەوە بە ئامانجی

---

١- لەبڵاوکراوەکانی: یەکێتی پەرلەمانتاران. دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەرو خوێندنەوەیەکی تر. وەرگێڕانی:سەلام ناوخۆش ٢٠٠٩ ل١١١–١١٢

پووچـەڵکردنەوەی بەنـدەکانی نـاو ڕێکەوتنامەکـە، لـە یەکـەمین هـەنگاودا روسـیە تێکۆشـا کەچـەك‌و هاوکـاری بگەیەنێتـە سـوپای تورکیا، بۆ ئەمەش پێویستی بـەوە هـەبوو سـوپای شـیوعیەکان بـە ئەرمەنسـتاندا تێپـەڕێت، بۆیـە روسـیا دووجـار گوشـاری خستەسـەر ئەرمەنستان هەتا رەزامەندبێت بە تێپەڕبونی سوپای شـیوعی بـەناو ئەرمەنسـتاندا، بـەڵام ئەرمەنسـتان داواکـەی رەتکـردەوە، ئـەوەبوو سوپای تورکیـاو سـوپای روسـیە هەڵیانکوتایـە سـەر ئەرمەنسـتان‌و پـاش کوشـتارێکی زۆر ئەرمەنسـتانیان داگیرکـرد، ئیـدی دەرگـای هاوکـاری روسـەکان بـۆ کەمالیسـتەکان کرایـەوە، پاشـان تورکـە کەمالیسـتەکان شـاری قلقیلیـای سـوریایان لـە فەرەنسـییەکان سەندەوە، هەروەها شاری سمیرنایان لەژێر دەستی یۆنان دەرهێناو بـە کوشـتنی زیـاتر لـە (١٠٠) هـەزار منـداڵ‌و ژن‌و پـیر، تورکـەکان گەورەترین کوشتاریان لە یۆنانییەکان کـرد کـە لـە مێـژوودا شـتی وا کەم وێنە بوو.[(١)]

بەمەش تورکە کەمالیستەکان بە تـەواوەتی خۆیـان بـەهێز کـردو ئەمەریکاش پشتگیریەکی تەواوی تورکیای کرد، بۆیـە پـاش ئـەوەی شاری سمیرنیان گرت، لە شاری لۆزان لـە سـویس، پەیماننامەیـەکی نـوێ بەسـترا، کـە هەریـەك لـە روسـیەو ئەمـەریکا بەسـەختی پشتگیرییان لە مستەفا کەمال کرد، هەریـەك لـە وڵاتـانی فەرەنساو بریتانیاش، لەبەرئەوەی پشـکێك لـە بەرژەوەندییان بەربکـەوێت لـە

---

١- د. ولید حمدی. سەرچاوەی پێشوتر– ل٢١

ڕێکەوتنامەکەدا، بە بەندەکانی رازی بوون، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی کە لێکۆلینەوە جیۆپۆلیتیکییەکان ئەوەیان دەرخستبوو کە پارێزگای موسلّ (کە ئەوکاتە تورکیا بە بەشێك لە خاکی خۆی دەزانی) دەوڵەمەندە بە نەوت، بۆیە نەوتی پارێزگای موسلّ هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ رازیکردنی گشت لایەك لەسەر پووچەڵکردنەوەی پەیماننامەکە.هەرچەندە پەیماننامەی سیڤەر هیچ هێزێکی سیاسی نەماوە، بەڵام بەهای سیاسی خۆی لەدەست نەداوە، چونکە بەڵگەنامەی گرنگی تێدایە لە دیاریکردنی سنوورو جوگرافیای کوردستاندا. شایانی وەبیر هێنانەوەیە نەتەوە یەکگرتووەکان هەمیشە لەگەلّ دانی ئۆتۆنۆمی بووە بۆ گەلە ژێردەستەکان و دژی جیابوونەوەیان بووە، ئەمەش بەو بۆچوونە نالۆژیکییەی گوایا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزبووە لەدنیادا. لەم بارەوە عومەر شینکی دەڵێت: (یەکیك لەپرنسیپە نالەبارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان- سەبارەت بە سەربەخۆیی نەتەوە ژێردەستەکان، لە بڕگەی (٧)ی ماددەی (٢)ی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە، نابێ دەست لەکاروباری ناوخۆی وڵاتان وەربدرێت، ماددەی (٧)ش کەدەربارەی مافی کەمینەکان نووسراوە بۆ سەربەخۆیی بوونیان لەڕێگای ریفراندۆمەوە، بەدرێژایی سەدەی رابردوو پشتگوێ خراوە.)[١]

**پەیمانی لۆزان:**

---

١- بەجیهانیبوون و کورد. نووسینی: عمر رەسولّ شینکی. لەبڵاوکراوەکانی: وەزارەتی رۆشنبیری. ساڵی ٢٠٠٦ ل ٥٨

## (Lozan Agreement)

پـەیمانی لـۆزان، ئـەو پەیمانەیـە کـە کوردسـتانی گـەورەی تێـدا دابەشـکراو بـوو بـەژێر دەسـتەی دەوڵەتـە زلهێزەکـانی جیهـان، لـە رێکـەوتی (١٩٢٣/٧/٢٤) کۆنفرانسـێکی نـوێ لەلایـەن دەوڵـەتانی ئینگلیـزو فەرەنسـاو ئیتالیـاو روسـیە، بـە پاڵپشـتی ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە شاری (لۆزانی) وڵاتی سویسرا بەسترا، مەبەست لە بەستنی ئەو کۆنفرانسەش، کە بە (پەیمانی لۆزان) ناوی دەرکـرد، داڕشـنەوەی سـەرلەنوێی قـەوارەی سیاسـیو جـوگرافی رۆژهەڵاتی ناوەراست بوو. لەو رۆژەدا بوو بڕیارێکی نامرۆڤانـەو دوور لە هەموو یاساو رێسایەکی مرۆڤانـەو نێودەوڵـەتی لـەدژی نەتـەوەی کورد درا، بەبێ ویستو ئاگاداری نەتەوەی کورد، خاکی کوردستانو تێکرای دانیشتوانەکەی لە نێوان هەر چوار دەوڵەتی ئێرانو عێـراقو تورکیاو سوریا دابەش کرا. پارچەی پێنجەمی کوردسـتانیش کـە بـە کوردستانی سوور ناو دەبرا، کەوتە ژێر دەستی یەکێتی سـۆڤێتەوە، دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان، پاش داڕشتنی قەوارەی سیاسی نوێ لـە رۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی درێژخایەنی خۆیـان لە ناوچەکەدا، دەستیان کرد بە یارمەتییدانی سـەربازییو فرۆشـتنی چـەكو پشـتیوانیکردنی سیاسـیو دیبلۆماسـی لـەو رژێمانـەی

کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو.[1]

لـە کۆنفرنسـی لۆزانـدا نوێنـەری وڵاتـانی فەرەنسـاو بریتانیـاو ئیتاڵیـاو تورکیـا ئامـادەبوون، بـەڵام هـیچ نوێنـەرێکی کـورد لـە کۆنفرانسی لۆزاندا ئامادە نەبوو، جگە لە کۆمەڵە کوردێـك کـە لـەناو ئەنجومـەنی کەمالیەکانـدا بـوون، لەراسـتیدا کۆنفراسـەکە بـەر لـە بەستنی هەموو خاڵەکانی ئامادە کرابوو، بریتانیـا کـە دەسـەڵاتداری ناو کۆنفراسەکە بوو، لە بەرانبەر ئەوەی تورکیا دەست لە پارێزگـای موسڵ هەڵبگرێت، ئامادەیی ئەوەی دەربڕی دان بـە دەوڵـەتی نـوێی تورکیادا بنێتو هیچ گرنگییەك بەکورد نەدا، بـە پێچـەوانەی ئـەوەی کە لە پەیمانی سیڤەردا گرنگی پێدان.[2]

لەلایەکی ترەوە کـورد کەمتەرخـەم بـوو لـەوەی تێبکۆشـێ لـەم کۆنفراسەداو بەشداریی بکات، ئەویش بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆیەکانی نێوانیانـەوە بـوو، لەکاتێکیشـدا وەزیـری دەرەوەی بریتانیـا لـۆرد کریـزن، لـە هەنـدێك لـەو ماددانـەی لـە رەشنووسـی پەیماننامـەکادا ویسـتی رای کـورد وەربگرێـت، واتـا پێویسـت بـوو کـوردیش لـە کۆنفراسـەکەدا رای هەبوایـە، بـەڵام لەبەرئـەوەی نوێنـەری کـورد ئامادەی کۆبونەوەکە نەبوو، بە هۆی کەمتەرخـەمی کـورد لەلایـەکو

---

١- پەیمانی لۆزان. پەیمانی دابەشکردنی کوردستان. ماڵپەڕی کورد– ئەوروپا.

٢- م. رەسوڵ هاوار، کوردو باکوری کوردستان لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، جیهانی، ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاك، ٢٠٠٢ل٢٤١

پیلانگێڕیی تورکو ئینگلیز له لایەکی تر، بۆیە رای کوردیان لەسەر ئەو ماددانە وەرنەگرت، ئەو کوردانەش کە لە ئەنجومەنی کەمالیستەکاندا بوون، بەکرێگیراوی ئەوان بوونو مانەوەیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا داواکرد.[1] بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو نامەیە کە (سێر هارۆڵد رموند) نوێنەری بریتانیا پێش کۆبونەوەکە ناردبووی بۆ لۆرد کریزن، وەزیری دەرەوەو تێیدا نووسیویەتی: ئەو کوردانەی کراون بە ئەندامی ئەنجومەنی نەتەوەیی تورکو خۆیان وەك نوێنەری کورد نیشان ئەدەن، لەراستیدا هیچ تواناو دەسەڵاتێکیان نییە تا بەناوی کوردەوە قسە بکەن.[2]ئەو هیوایەی نەتەوەی کورد لە ساڵی (١٩٢٠) لەسەر پەیمانی سیڤەر هەڵیچنیبوو، بوو بە ماڵوێرانکردنو کارەساتێکی جەرگبڕ بۆ کوردو لە پەیماننامەی (لۆزان)دا بەدەر کەوت، بەڵام بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵ بۆ تورکەکان کۆتایی هات، ئەوەش بەهۆی سیاسەتی دۆستانەی تازە دروستبووی شۆرەوییەوە بوو بەرانبەر بە کەمالیستەکانو یارمەتیو پاڵپشتییان لەلایەكو ناکۆکی نێوان هێزە هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانو بزوتنەوەی چەکداری موستەفا کەمال ئەتاتورکیش لەلایەن فەرەنساوە، چارەنووسی کوردیشیان لە

---

١- سەرچاوەی پێشوو– ل٢٤٣

٢- ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا– دۆکیومێنتی ژمارە:(Fo.375-6346)

دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵەوە گۆڕی بۆ ژێردەستەیی و پارچە پارچەکردنی نیشتمانەکەی. تا دەستپێکردنی شەڕی جیهانی دووەم. داگیرکردنی کوردستانی رۆژهەڵات لەلایەن سوپای روس و ئینگلیزەوە بووەهۆی هەڵگیرساندنی سێ شەڕی گەورە لە کوردستانی باکوور دژبە جینۆسایدی رژێمی کەمالیزمەکان. خەباتیش لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ، موخابن ئەویش بە بەزین و ژێردەستەیی کورد کۆتایی پێهات. سێ ساڵ بەر لەکۆتاییهاتنی شەڕی جیهانی دووەم، هیوا گەڕایەوە بۆ کوردەکان لە بەشی رۆژهەڵاتدا، هەلێکی باش رەخسا بۆ کوردەکان کەدرێژە بە خەباتی سیاسی خۆیان بدەن، چونکە ئێران لەوکاتەدا دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی و سوپایی لە کوردستاندا نەمابوو، تێکۆشانی کورد لە لایەن کۆمەڵەی (ژ. ك) لەماوەی دوو ساڵدا توانییان زۆرێك لە دانیشتوان بە هەستێکی کوردپەروەرانە گۆش بکەن و لە رێگەی گۆڤاری (نیشتمان)ەوە بانگی سەربەخۆیی و کوردستانێکی یەکگرتوو بدات. دوای پەیمانە شومەکەی (لۆزان)، کۆمەڵەی (ژ. ك) توانی نوێنەری هەر سێ پارچەی کوردستان لە چیای (دالانپەڕ) کۆبکاتەوە و تێکۆشان و خەباتیان بخەنە گەڕ بۆ کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتوو. هەرچەندە پەیوەندی نێوان کوردو روس زیاتر لە سەد ساڵێك دەبوو، زۆرێك لە سەرکردەو سەردارانی کورد دانوستانیان لەگەڵ روسەکاندا مسۆگەر کردبوو بۆئەوەی لانیکەم ئەگەر پاڵپشتیشیان

نـەبن، پشـتی دوژمنـەکانیان نـەگرن.[1] لـەدوای پـەیمانی لۆزانـەوە راپەڕینی کوردان لـە نێـوان سـاڵانی (١٩١٨ تـا ١٩٣٨) لـە باشـوورو باکوورو کوردستانی رۆژهەڵات، بۆ بەدەستهێنانەوەی مافی زەوتکـراو خۆیـان لەلایـەن دەوڵەتـە داگیرکەرەکانـەوە بـە دڕندانـەترین شـێوە بەرپەرچ درایەوە. دەوڵەتە گەورە کۆلۆنیالیستەکانیش بە مەبەسـتی هاوکـاریکردن لـەو دەوڵەتانـە راسـتەوخۆو ناراسـتەوخۆ پشـتگیری سەربازییو لۆجستیکییان پێشکەش دەکـردن. پشـتیوانی سـۆڤیەت بە سەرۆکایەتی ستالین لەتورکیاو دژایەتیکردنی شۆڕشـەکەی شـێخ سەعیدی پیرانو رووخانی حکومەتەکەی کوردستان بە سـەرۆکایەتی پاشـای کوردسـتان (شـێخ مـەحموودی نـەمر) بـە هاوبەشـیکردنی سوپای عەرەبو ئینگلیز، هەروەها رووخانی کۆماری کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتی پێشـەوا قـازیی محەممـەد، لـە لایـەن سـوپای ئێـرانو پشتیوانیکردنی ئەمریکاو ئینگلیـز لـەرژێمی حەمـە رەزا شـا، چـەند نموونەیەکی ئەو گەلەکۆمە نیودەوڵەتیو ناوچەییەن، کەدەرهەق بـە گەلی کورد، لە دوای بەستنی پەیمانی لۆزان ئەنجام دران.

دەوڵەتـــە داگیرکـــەرەکانی کوردســـتان پـــاش ســـەرکەوتنی جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی لۆزان لە دژی کورد، سیاسەتێکی هاوبەشـیان دژبـە کـورد گرتەبـەرو دەسـتیانکرد بـە جینۆسـایدی

---

١- چـــرا، هـــزری نەتـــەوەیی ودروســـتکردنی دەوڵـــەتێکی ســـەربەخۆ– www.chra.tv

ئـابووریو فەرهـەنگیو رەگـەزیو تـالآنکردنی کـانزاو بـەروبوومی کوردستانو دەرکردنی کورد لەسەر زێدی بـاو وباپیرانیـان، بـەنیازی ئەوەی نەتەوەی کورد لـەناو زمـانو نەتـەوەی خۆیانـدا بتوێننـەوەو ناوی کوردستانیش لەسەر نەخشەی جوگراف جیهان بسڕنەوە .

به لەبەرچاوگرتنی ئەو پیلانەی کە لە پەیمانی لۆزاندا هاتبوو، لـە ئاکامدا بەدرێژیی کـات کاریگـەری سـامناکی بۆسـەر کـورد بـە دواوە بـوو، دەوڵەتــە داگیرکــەرەکان لــەپاش لــۆزان دەســتیانکرد بــە توندکردنو بەستنی سنوورەکانیانو بە دەیانو سەدان هەزار خـزمو بنەماڵـە لەیەکـدی دابـڕان. لەسـایەی پـەیمانی لۆزانـدا، لـە سـوریاو تورکیـا، حاشـا لـەبوونی کـورد وەك نەتەوەیـەك کـراو لـە عێـراقیش سیاسـەتی بەعـەرەبکردنو بنـەبڕکردنو ئـەنفالو جینۆسـایدکردنی گەلی کورد هەمیشـە لـە ئـارادا بـوو، لـە ئێـرانیش هـەر لەسـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی فارسـەوە تـا ئـەمڕۆ، هـەموو ناوچـەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نێوی کوردستانیان لەسەر لابـراو تـەنیا چـەند شارو شارۆچـکەیەکیان ناونـا کوردسـتان. هـەر لـە سـایەی پـەیمانی لۆزانـەوە بـوو داگیرکـەرانی کوردسـتان لـەرووی ئـابووریو گەشـەی پیشەسازییەوە بەردەوام پێشـیان لـەرەوتی گەشەسـەندنی ئاسـایو سروشتی گرتووەو داهاتی نەوتو کانزاو سامانی کوردستان لەماوەی ئەو هەشتا نەوەد سـاڵەدا لەهـەزاران ملیـار دۆلار تێپـەڕ دەکـات، لـە پێناو پێشخستنی ئابووریو پیشەسازی خۆیاندا دەستەبەر کرد. بە

دەیانو سەدان کوردیش بەهۆی بێکاریو نەبوونی بژێوی وەك هێزی کار، روویان کردە ناوچەکانی ئەوانو بە نرخێکی کەم کاریان پێکراوە.لەسایەی پەیمانی لۆزان، کوژرانی زیاتر لە ملیۆنێك کورد لە راپەڕینەکانی شێخ سەعیدو ئیحسان نووری پاشاو سەید رەزای دێرسیم، راگواستنی ملیۆنو نیوێك کورد لە باکوور بۆ ناوچە تورکنشینەکان، لەناوچونی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی سوور لە لایەن سۆڤێتەوە، بڵاوەپێکردنی دانیشتوانەکەی بەناو کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەتدا، هێرشی سەربازیی بۆسەر باشووری کوردستانو رووخانی دەسەڵاتەکەی شێخ مەحموودو وێرانکردنی پێنج هەزار گوند لە باشوورو کیمابارانکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، ئەنفالکردنی گەلی کورد لەلایەن رژێمی سەدامو رووخانی کۆماری مهابادو لە سێدارەدانی پێشەوا قازیی محەمەدو سەدان رۆڵەی گەلی کورد لە کوردستان، دەرکردنی فتوای جیهاد لەدژی کوردو هەموو ئەو کوشتو بڕو ماڵوێرانییەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بەسەر کورددا هاتن، هەمووی لە سایەی پەیمانی نەگریسی لۆزانەوە بوو، هەر بۆیە پەیمانی لۆزان بە سەرەتاو سەرچاوەی هەموو بێبەختیو نەهامەتیو ماڵوێرانیو دواکەوتنێکی کورد لە کاروانی سەرفرازیو پێشکەوتن دادەنرێت.[1]

## قۆناغی چوارەم: ١٩٣٩- ١٩٦١

١- پەیمانی لۆزان. سەرچاوەی پێشوو.

ئـەم قۆناغــە بەســەرەتای هەڵایســانی شــەڕی جیهــانی دووەم دەسپێدەکاتو بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول کۆتایی دێت.

لـەم قۆناغـەدا کـورد گـەلێك شـۆڕشو راپـەڕینی بـەرپا کـرد کـە گرنگترینیان:

١- دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بندەسـتی ئێرانـە بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد لەمانگی ئەیلولی. ١٩٤٥.

٢- دامەزراندنی کۆماری کوردستانە لە مهاباد، لـە ٢٢/ ١/ ١٩٤٦ تا ١٧/١٢/١٩٤٦ بۆ ماوەی ١١ مانگ.

٣- دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردسـتانی بندەسـتی عێـراق لە ١٦- ٨- ١٩٤٦، بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی.[1]

## قۆناغی پێنجەم: ١٩٦١ - ١٩٧٥

دەتوانین ئەم قۆناغە بە قۆناغی شۆڕشی ئەیلولیش ناو ببەین.

١- شۆڕشــی ئــەیلوول ســاڵی ١٩٦١ بــە ســەرۆکایەتی مســتەفا بارزانی.

٥. نسکۆی شـۆڕش لەسـاڵی ١٩٧٥و کۆتـایی شـەڕ، ئـاوارەبوون بەرەو ئێران.

## قۆناغی شەشەم: ١٩٧٦-١٩٩٢

---

١- عومەر ئیبراهیم. چۆنیەتی داگیرکردنی کوردستانو دابەشکردنی، رۆژنامەی ئەلەکترۆنی ستاندار ٢٩-٧-٢٠٠٨

١- هەڵگیرسـانی شۆڕشـی نـوێ بـە سـەرکردایەتی یـەکێتی نیشتمانی کوردستان.

٢- تێکۆشـان بـۆ نزیکبوونـەوەی رژێمـی دیکتـاتۆریی سـەددام لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی نـوێ لـە سـاڵی ١٩٨٤، واتـە (گفتوگـۆ لەگەڵ میری)، کە لە دواییدا شکستی هێنا.

٣-راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ لە باشـووری کوردسـتانو ئـازادکردنی گشت شارەکانی کوردستان.

## باسی سێیەم:

# کاریگەری دەوڵەتان

بۆئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی بابەتیو ورد لەسەر ڕۆڵی دەوڵەتانو لەسەر دروستنەبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی بدوێین، بە باشی دەزانین هەڵوێستە لەسەر نەخشی هەریەك لەو دەوڵەتانە بکەین، گرنگترین ئەو دەوڵەتانەش بریتین لە:

**یەکەم: تورکیا**

تورکیا بەو پێیەی دەوڵەتێکی دراوسێی کوردستان بووە، هەمیشە پشکی گەورەی بەردەکەوێت لەبەرانبەر ئەو زۆرو ستەمانەی بەرانبەر کوردستان کراون، لە مێژووی نوێی کورددا دووجار کوردستان دابەش کراوە، ئەوانیش لە ئاکامی (شەڕی چاڵدێران)و لە ئاکامی (پەیماننامەی لۆزان) کە لە هەردووکیاندا تورکیا کارەکتەرێکی سەرەکی بووە تێیاندا.

تورك هەمیشە بە ئاڕاستەیەکی دوژمنکارانە لە کوردی ڕوانیوە، واتە لای وا نەبووە کورد دۆستێکی هاوتەریبە، چونکە هەمیشە تورکەکان کوردیان بە نەتەوەی ژێردەستی خۆیان زانیوە– یان کورد نەتەوەی دووەم بووەو پێیانوابووە ئەوان دەبێت حاکم بنو کوردیش ژێردەستە، بۆ ئەمەش جۆرێك لە کورتبینیی سەرکردە کوردەکان بەدی دەکرێت، چونکە هەمیشە نزیکایەتییەکی زۆریان

هەبووە لەگەڵ تورکەکاندا کە دوور بووە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی، بۆنموونـە: لـە سـەردەمی (سـوڵتان یـاوس)دا زۆربـەی سـەرکردە کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆ ڕەت دەکەنەوەو وایان پـێ باشـە لـە ژێر سایەی یەك دەوڵەتدا بژینو بەڕێوەبەرایەتیەکی وایان دەوێت کە سـوڵتان حـاکمێکی بـۆ دابنێـت. ئەمـەش وا مەزەنـدە دەکـەن لـە بەرژەوەندی هەردوولا دایە. ئەم نزیکبوونەوەیە لە لایەکەوە ڕۆڵێکـی کاریگەری بینی لە سەرکەوتنی عوسمانیەکان بەسەر سەفەوییەکاندا لە شـەڕی چاڵدێران، لـە لایـەکی دیکەشـەوە سـەرکەوتنیان بەسـەر ناوچەکانی عەرەبدا لە شەڕەکانی (ریدانیەو مرج دابق). بەم شێوەیە کۆمەڵگای کوردەواری بەردەوام دەبێت تا سەدەی نۆزدەیەم.[1] واتە نزیکایەتی تورکو کورد لە دوای سەدەی نۆزدەیەمەوە بـەرەو شـەڕو دووبەرەکی چوو، کە هۆکارەکەشی بـۆ دەرکـەوتنی دۆزی شـاراوەی تورکو هاتنی هاوپەیمانەکان بوو بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست.

گەلی کورد یەکێك بوو لـەو گەلانـەی لـەناو دەوڵـەتی عوسمانییـدا بوونو شۆڕشی ئازادیخوازیی گەلانی وەك ئەرمەنو بولگارو عەرەب، تەنانـەت تورکـە چاکسـازیخوازەکانیش کاریگـەریی خۆیـان لەسـەر ڕۆشنبیرە کوردەکان هەبووەو شۆڕشی ١٩٠٥ ی روسیەش وایکردبوو کـــە جـــۆرە هاریکاریـــەك لـــەنێوان کـــوردە نەتەوەییـــەکانو

---

١- خالید عەلی فەرج، مێژووی راپەرینی کورد لە تورکیا. ماڵپەڕی کورد پێنـوس ٣٠-١٠-٢٠٠٧penusikurd.dk

چاكسـازييخوازه توركـەكانو دەسـتورييە ئێرانييەكانيشـدا سـەر هەڵبداو گەلی كورد تواني لـەقۆناغی شۆڕشـی هاوبـەش لـەو دەمـەدا چـالاكانە بەشـدار بێـت، ڕۆشـنبيرە كوردەكـان لـە سـاڵی ١٩٠٨دا كۆمەڵەيەكيان پێكهێنا كەناوی (جمعيەی تەعالیو تەرەقی) بـوو و پاشان چـەند چـالاكيەكی تـری پێشـكەوتووخوازانەيش ئـەنجام درا، بەلاَم لاوە توركەكان هەر لە سـەرەتاوە قـاڵبوون بـە بـيرو بۆچـوونی تووراني كە بيروبۆچوونێكی ڕەگەزپـەرستانەو فراوانخوازيی تونـدڕەو بوونو خەوی ئيمپراتۆريەتێكی گەورەيان دەبـينی، لەسـەر ئـەژماری گـەلانی تـر، هـەر بـەو بـيرو بۆچوونەيشـەوە سياسـەتی دوژمنايـەتی گەلانی تريان دەكردو گەلی كورديش يەكێك بوو لەو گەلانە.[1]

هەرچەندە ژمارەی دانيشـتوانی گـەلی كـورد لـە توركيـا لـە دوای تــورك دێــت، بــەلاَم ئــەو هەســتە شــۆڤێنيەی توركــەكان بــەهۆی شكستەكەوە لە گەشەكردندا بوو پاش ئـەوەی كـە ئەوەنـدەی نـەما زمـانو نەتـەوەی تـوركيش بكەوێتـە لێـوارەوە، هەربۆيـە توركـەكان بەهــەموو شــێوەيەك ئامادەييــان نيشــاندا دانوســتان لەگــەڵ دوژمنەكانيانـدا بكـەن كـە لـە هـەر چـوار لاوە دەوريـان دابـوون، يۆنانييەكان لە ڕۆژئاواوە تەنگيان پێهەڵچنيبوون، ئيتالييەكان بەشی ڕۆژئاوای ئـەنادۆڵيان داگيركردبـوو و فەرەنسـييەكانيش بـە درێـژايی سنوور سووريەيان داگير كردبوو، لـە ڕۆژهەلاَتيشـەوە ئەرمەنييـەكان

---

١- جلال طالباني. كردستان والحركة القومية الكردية. طبعة ثانية. بيروت١٩٧١ص٩٣

تـەنگیان پـێ هەڵچـنیبوون، هاوپەیمانـەکانیش هـەموو بەشـەکانی ئـەوروپایان داگیرکـرد بـە ئەستەنبووڵیشـەوە، لەولایشـەوە پـاپۆڕە شەڕکەرەکانی بریتانیاو یۆنان چواردەوری دەریـای ڕەشیان دابـوو، ئەوەندەی پێ نەچوو ژمارەی هێزە بێگانەکانی سـەر خـاکی تورکیـا گەیشـتە نزیکـەی (١٢٠٠٠٠)سـەربازو ترسـێکی گـەورەی لەسـەر سەربەخۆیی تورکیا دروستکرد.[١]

لە گەڵ هاتنی (مستەفا کـەمال)، خواسـتی ئـەوە دەرکـەوت بـۆ نەتەوەپەرسـتەکانی تـورك کـە هەڵوێسـتی نـوێ بەرانبـەر بـە ڕۆژئاواییـەکانو پاراسـتنی خـاکی تورکیـا وەربگیردرێـت، ئەمـەش هیوایەکی زۆری دا بە نەتەوەپەرستەکانی تورکو هەنگاوی یەکەمیش پەشیمانبوونەوە بوو لـەو پەیمانانـەی کـە بـە گـەلی کـورد درابـوون، لەوانـە (مسـتەفا کـەمال) کـە سـاڵی (١٩٢٠) لـە بـاری سـەربازییەوە بارودۆخی باش نەبوو، پەیمانێکی لەگەڵ کوردەکاندا بەست، کـە بـە گوێرەی سەرچاوە کوردییەکان، پەیمانی دا سوپای یۆنـان ئـاودیوی سنووری تورکیا کراو پـەیمانی ئاشـتی بەسـتراو دان بـە هـەمان ئـەو مافانەدا بنرێ کە (پەیمانی سیڤەر) دانـی پێـدا نـابوونو بڕیارەکـانی (پەیمانی سیڤەر)یش لەمەڕ کوردان جێبەجێ بکرێت.[٢]

---

١- د. کمـال مظهـر احمـد. اضـواء علـى قضـايا دوليـة في الشـرق الاوسـط، دار الحريـة للطباعة ١٩٧٨ص١٨٧

٢– کریس کۆچێرا. کورد لەسەدەی نـۆزدەو بیسـتدا. وەرگێڕانی:حەمـە کـەریم

بەڵام ئەوەندەی نەبردو هەرکە ترسی لەسەر نەما، راستەوخۆ کەوتە گیانوماڵی کوردو راگواستنو لەسێدارەدانیان، لەگەڵ هاوپەیمانەکانیشدا پەیمانێکی مۆرکرد بەنێوی (لۆزان)ەوە، کە لەباربردنی (پەیمانی سیڤەر)یشی لەگەڵدا بوو، ئیتر لێرەوە نەهامەتییەکانی گەلی کورد دەستی پێکرد.

هەرچەندە هەندێ لە کوردەکان بۆ پشتیوانی پەیداکردن بەرەو رۆژئاواییەکان هەنگاویان نا، بەڵام ئەو گرنگییەی پێ نەدرا، لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە نەبوونی یەکڕیزییو یەکدەنگی لەناو سەرکردە کوردەکاندا کە هەریەکەیان خۆیان بە گەورەی ناوچەکەی خۆی دادەناو لەلایەکی ترەوە ئاسانکاریی لەلایەن دوژمنانی دەوڵەتی کوردییەوە بۆ رۆژئاواییەکانو نۆکەرایەتیەکی گونجاوتر بکا بۆ بەرژەوەندییەکانیان، رۆژئاواییەکانیش زیاتر بۆلای گەلانی تورکو عەرەبو فارس هەنگاویان دەنا.

(ئەمین عالی بەدرخان) لە یاداشتێکیدا بۆ کۆمیسەری باڵای فەرانسە لە قوستەنتەنییە دەڵێت: ئێمە دەسەڵاتێکی زۆرمان لە کوردستاندا هەیە، بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە کەوتوونەتە بەر سایەو زیرەڤانی فەرانسە، جا دەوڵەتی ئێوە دەتوانێ بۆ مەبەستی خۆی کە بریتیە لە دابینکردنی ئاشتیو خۆشگوزەرانی ئەو ناوچەگەلەی کە کەوتوونەتە ژێر سێبەریەوە، سوود لەو دەسەڵاتەی

---

عارف. ل٤٦

ئێمە وەربگرێ.[1]

مستەفا کەمال لەڕۆژی (١٩٢٤/٣/٣) دا خەلافەتی هەڵوەشاندەوەو کۆماری تورکیای نوێی ڕاگەیاند، بەمەش ئەو پەیوەندییە دێرینەی کە کوردی بە خەلافەتو دەوڵەتی تورکەوە بەستبووەوە پچڕا، لە لایەکی تریشەوە دۆزی گەلی کورد دواکەوت بۆ ئەوەی لە دابەشکردنی میراتی عوسمانیەکاندا سودێکی لێ ببینێتو سەرگەردانی ماڵی کوردی گرتەوە.[2]

کوردستانی تورکیا لە ساڵی (١٩٢١)ەوە بە کردەوە لە شۆڕشی بەردەوامدا بوو، بەڵام شتێکی ئەوتۆ لەمەڕ ئەم شۆڕشانە تا ڕادەیەك شاردراوەنو تەنیا ناوی (شۆڕشەکەی شێخ سەعید- ١٩٢٥)و (شۆڕشی ئاارارات - ١٩٣٠)و (شۆڕشی دەرسیم - ١٩٣٧) ئاشکرا کراوەو تورکەکان بە زۆر شێوە لە پلوپای ئەوەدا بوون هەواڵی شۆڕشەکانی کورد تێدا بەرن.

بۆنموونە: کاتێ تورکەکان شۆڕشی ساڵی(١٩٢٥)یان سەرکوت کرد، کردیانە بیانوویەکیش بۆ هەموو نەیارانی کۆمارە نوێکەیانو هەرچی سەرکردەی ناوداری کورد هەبوون لەناویان بردن، بێئەوەی بزانرێت پەیوەندییان بە شێخەوە هەیە، یان بە ڕێکخراوەکانی

---

١- سەرچاوەی پێشوو ل٣٨

٢- خالید عەلی فەرج، مێژووی ڕاپەڕینی کورد لەتورکیا، ماڵپەڕی کورد پێنوس penusikurd.dk٢٠٠٧-١٠-٣٠

ترەوە، وەك (حیزبی تـەعالی كورسـتان)، كـە ئەگـەری ئـەوەی تێـدا بـەدی دەكرێـت (شـێخ سـەعید) بـەهۆی بـاوەڕی ئـایینی ئیسـلامو نـەمانی خەلافەتـەوە بەشـداریی شۆڕشـی كردبێـت، یـان تێكۆشـانی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی پاڵپێوەنەری بووبێت.

بەتایبەتی (شێخ سەعید) بێئەوەی سڵ بكاتەوە– یان گومانێكی لێ بكرێ لە سەرانسەری ناوچەكەدا كەوتـە بانگەشـەو داوای دەكـرد لـە گوندنشـینەكانو وەرزێرانـی كـورد یـەك بگـرنو دژی كـافرانی ئەنقـەرە بەشـداریی جیهـاد بكـەن، هاوكـات داوای لـێ دەكـردن كـە لەپێناوی ئۆتۆنۆمی كوردستان راپەڕن.

هەر بەو بیانووەوە هەموو ئەو كەسایەتیە نەتەوەییـە كوردانـەی كە لە بزووتنەوەكانی ساڵی (١٩١٩) بەشـداریان كردبـوو، یـان لەبـەر ئـەوەی وەكـو ڕێبـەرانی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی كـورد ناوبانگیـان هەبوو، گیرانو لە سێدارە دران. لە ساڵانی (١٩٣٠) بەدواوە، توركیـا كەوتــە پــەیڕەوكردنی سیاســەتێكی نــوێ، ئــەویش راگواســتنی كوردەكانی ئەنادۆڵو شارەكانی ڕۆژهەلات بـەرەو ڕۆژئـاوای توركیـاو گرتنەبەری سیاسەتێكی توند بۆ لەناوبردنی گەلی كورد.

لـە سـاڵی (١٩٣٤) بـۆ بەیاسـاییكردنی راگوێزانەكـە یاسـایەكی تایبەتیان دەركرد، كە بەو هۆیەوە هەر كەسێك زمانی دایكی تـوركی نەبێت، دەشێ لەبەر هۆكاری سەربازیی یان سیاسی یان كـەلتووریی یان ئاسایشی، رابگوێزرێ بۆ ناوچـەی تـر، ئەگـەر وەزارەتـی نـاوخۆ

وای دانا کە ئەم راگواستنە بۆ بەرژەوەندی وڵات کارێکی پێویستە.[1]
پێویستە.[1]

هەرچەندە پێشتریش ئەمەیان کردبوو و هەر لەگەڵ کۆتایی شەڕی جیهانیدا چەند یاساو فەرمانێکیان دەرکرد بۆ بڵاوەپێکردنی گەلی کورد بەناو گوندە تورکەکاندا، بە مەرجێك رێژەیان لە هیچ شوێنێك لە (٥٪ تا ١٠٪)ی دانیشتوانی ناوچەکە تێپەڕ نەکات، کەوابوو توانییان بە زۆری چەك، نزیك لە (٧٠٠) هەزار کەس لە کوردستان دووربخەنەوە، کە پتر لە نیوەیان، لە رێدا لەبرسا مردن– یان لە سەرما رەق بوونەوە– یان بە نەخۆشی لەناوچوون.[2]

بەمجۆرە رژێمی تورکیا بە مەبەستی خۆی گەیشتو بوو بە بەرهەڵستکارێکی سەرسەختی کوردستان، تەنانەت تورکە شۆڤێنیستەکان کە بەداخەوە بەردەوام خاوەنی دەسەڵاتیش بوون، پێیانوایە بەکارهێنانی وشەی کوردستان کفرەو لە دەستوورە کەمالیستییەکەشیاندا ئەوەیان سەپاند کە جگە لە تورك هیچ نەتەوەیەکی تر لە خاکی تورکیادا ناژی.

## دووەم: ئێران

---

١- سەرچاوەی پێشووتر.

٢– د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا. ل٨٣

ئەگەر باسێك لە مێژووی دەستێوەردانەکانی ئێران بۆ ناو خاکی کوردستان بکەین، دەبێت سەرەنجام بگەڕێینەوە بۆ شەڕی چاڵدێران (١٥١٤)، دیارە فارسە سەفەوییەکان لە تورکەکان کەمتریان نەکرد، بەڵکو کورد لە نێوانیاندا بووبوو بە کەرەستەی شەڕەکەو ئەوانیش تا توانیان گەلی کوردیان چەوساندەوە.

جگە لە ناوچەکانی ژێر دەستی میرەکوردەکان کە جۆرێك لە سەربەخۆییان هەبوو، خاکی کوردستان لە نێوان تورك‌و فارسەکاندا دابەشکرا، سەرەڕای روودانی چەندین شۆڕش‌و راپەڕین، بەڵام دۆخەکە وەك خۆی مایەوە تا سەدەی نۆزدەیەم.

لە چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا هەژموونی میرە کوردەکانی ئێران بەرەو خراپی چوو، میراتە ئۆتۆنۆمییەکانی میرەکانی: ئەردەڵان، لوڕستان، موکریان، کەوتە ژێر دەستی فارسەکان، بە لەناوچوونی میرنشینەکان، خەڵکی کوردستانیش لە بارودۆخێکی خراپی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا دەژیا، فارسەکان تا دەهات لە خەڵك دوور دەکەوتنەوەو زوڵم‌و ستەمیان زیادی دەکرد، باجیان لەسەر خەڵك بە رادەیەکی زۆر زیاد دەکرد، لەبری ئەوەی کاری خزمەتگوزاریی پێشکەش بکەن، ستەمی زیاتریان دەهێنایە ناو کوردستانەوە.

بەڵام لەم سەردەمانەدا کورد بێدەنگی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو بە مەبەستی سەربەخۆیی‌و دامەزراندنی دەوڵەت، پلوپای کردووە راپەڕین بکاو شۆڕش هەڵگیرسێنێ، بەڵام هەر زوو لە لایەن فارسەکانەوە دائەمرکێنرایەوە، هەرچەندە بارودۆخی کوردانی ژێر

دەسەڵاتی عوسمانییەکانیش هاوتەریب بوو لەگەڵ بارودۆخی کوردەکانی ئێران، بەڵام دەتوانین بڵێین کە هەوێنی شکاندنی ئەم ستەمو زۆرداریە، لە شۆڕشەکەی (شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینیەوە دەردەکەوێت.[1] چونکە شۆڕشەکەی شێخ گشتگیرتر بوو، تێدەکۆشا تێدەکۆشا کوردستان لە ژێردەستی عوسمانییەکانو فارسەکان دەربهێنێت، بەڵام ئەم تێکۆشانانەی شێخ بێ ئەنجام نەبوو، لە بەرانبەریشدا بێ کاردانەوە نەبوو، لەدوای ئەوەی شێخ نەیتوانی هەموو بەرە کوردییەکان یەك بخاتو لەلایەکی ترەوە زۆرێك لە هۆزە کوردەکان (بەستنەوە) ئینتیمایان بۆ ئایینو ئایینزا زیاتر بوو، هەستی نەتەوایەتی لەناو تاکی کورددا چەکەرەی نەکردبوو، بۆیە سەرەنجام شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا شکستی هێنا، لە ماوەی یەك هەفتەدا تەنیا لەژێر سنووری دەسەڵاتی ئێرانیەکاندا، سەد هەزار کوردیان کوشتو سەدان هەزار کورد ئاوارەبوونو دوو هەزار گوند وێران کران.[2]

لە دوای سەرهەڵدانی شەڕی جیهانی یەکەم بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتەواوی گۆڕا، زۆرینەی خاکی ژێر دەسەڵاتی فارسەکان لەلایەن روسەکانەوە داگیر کرا، بەمەش زۆرینەی خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی روسەکانەوە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ناوخۆی

---

١- جرج. ن. كرزين. ايران قزيه ايران، ترجمه: وحيد مازندراى، مركز انتشار علمىو فرهنگى، تهران١٣٦٢ص٧٠١

٢- نەوشیروان مستەفا، کوردو عەجەم. ل٢٣٦

روسیەو هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەقامگیریی روسیە لە ئێران درێژەی نەکێشا.

ئێرانیەکان لە ساتەوەختەکانی (پەیماننامەی سیڤەر)دا تێکۆشان زۆرینەی خاکی کوردستان بخەنەوە ژێر رکێفی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش سوودیان لەو دۆستایەتییە وەرگرت کە لەگەڵ بریتانیەکان هەیانبوو، لەلایەکی تریشەوە نەبوونی روسیە لە پەیماننامەکەدا دەوری بینی.

(فەیروز میرزا نەسرولدەولە) وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران چەند یاداشتێکی لەبارەی خواستە سنوورییەکانی ئێران نووسیوەو تەنانەت سەردانی لەندەنیشی کرد بۆ بینینی (لۆرد کریزن)، تا لە کاتێکدا ئێران خواستەکانی خۆی لە کۆنگرەی ئاشتی خستە بەردەمی کۆنفراس بۆئەوەی پشت ئەستور بێت بە لایەنگری بریتانیا.

(نەسرولدەولە) یاداشتی رۆژی (١٧)ی تشرینی دووەمی (١٩١٩)ی بۆ لۆرد کریزن ئاوا نووسیوە:

کورد بەسەر ژمارەیەکی زۆر خێڵو هۆزدا دابەش بوونە کە لەگەڵ یەکتر ناکۆکن، ئەم خێڵانە نەتەوە پێك ناهێنن، هەروەها لە توانای خێڵدا نییە یەکەیەکی سیاسی دروست بکات، بەم جۆرە ئەگەر کورد بخرێتە سەر ئێران ئەوە چارەسەری ئەم گیروگرفتە دژوارە دەکات، چونکە ئێران کاریگەری هەیە بەسەر بەشێکی زۆر لە کوردەکان، وەکو کوردەکانی موکریو گەروس کە ئێستا جێگرو نیشتەجێ بوونەو شێوەی ژیانیان گۆڕاوە، کورد هەرگیز سەر بۆ دەسەڵاتی

ئەرمــەنی دانانــەوێنێت، بگــرە فەرهــەنگی نەتــەوەیی‌و زمــان‌و ئایینەکەیان وایان لێدەکات کە بەجۆرێکی خۆرسك لەگەڵ ئێرانیەکان بگونجێن.[1]

ئەم خواستەی ئێران لە کۆنفرانسی ئاشتیدا باسی لێوە نەکرا، چونکە بریتانیا پشتگیری لە داواکەی ئێران نەکرد، بەو بیانووەی ئێران بەشداریی لە شەڕەکەدا نەکردووەو بێلایەن بووە، بەڵام زۆری نەخایاند ئاواتەکەی ئێران لە ڕێکەوتننامەی لۆزاندا هاتە دی‌و بەشێك لە خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەستی ئێرانەوە. هەرچەندە لەو ساتەوە تا ئێستا بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەوڵیداوە خاکی کوردستان لە ژێر دەستی ئێرانیەکان دەربهێنێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، شۆڕشی (سمکۆی شکاك) کۆشش‌و تەقەلایەکی فراوان بوو بە ئامانجی بەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی، شۆڕشی کۆماری کوردستان لە مهاباد بە ڕێبەرایەتی قازی محەمەد (١٩٤٦) هەرچەندە توانی بۆ ماوەیەکی کاتی کۆمار دابمەزرێنێت، بەڵام لەلایەن فارسەکانەوە سەرکوت کراو بە لە سێدارەدانی قازی محمد چرۆی شۆڕشەکە کۆتایی هات، لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) کورد شانبەشانی هەموو نەتەوەکانی تری ئێران بەشدارییەکی چالاکی کرد، بەڵام لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، کورد پەندی لە شۆڕشی تورکیا وەرنەگرت‌و بە دەردی کوردەکانی تورکیا چوو.

**سێیەم: بریتانیا**

---

١- سەرچاوەی پێشوو– ل٢٧٨

هەر لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمەوە پیاوانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی ئینگلیزی بە کوردستاندا هاتوچۆیان دەکرد، لە ساڵی (١٧٥٨)دا پزیشکێکی شوێنکەوتەی ئەو کۆمپانیایە لە ڕێگەی کەرکوکەوە تاکو ماردین ڕۆیشت، لە پاش ماوەیەکیش ژمارەیەکی دیکەی هەمان کۆمپانیا (ئەوانیش د. کامیل وت. هاول‌و کەسانی تر) بە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا گەڕان.[١]

لە ساڵی (١٨٠٢ز) باڵوێزی بریتانی (ئیرل ئوف جین) لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی توانی فەرمانێکی سوڵتانی بەدەست بهێنێت بە قبووڵکردنی (هارفۆرد جونز) وەك باڵوێزی بریتانیا لە بەغداد لەگەڵ بوونی پارێزراویەتی دیپلۆماسی (الحصانە الدبلوماسیە) هەروەها لە پاش ڕێککەوتنامەی تلست (T.lsit) لەنێوان فەرەنسەو ڕوسیە لە تەموزی (١٨٠٧)دا هەلێکی زێڕینی بۆ بریتانیا ڕەخساند کە بتوانێت لە پایتەختی عوسمانییدا، کە بە چاوێکی گومانا وییەوە دەیڕوانییە نزیکبوونەوەی فەرانسەو ڕوسیە، مەبەستەکانی خۆی بهێنێتە دی.

هەرچۆنێك بێت، گۆڕەپانی عێراق‌و کوردستان لەو ماوەیەدا چالاکییەکی سیاسی بریتانی فراوانی بە خۆوە بینی، بێگومان دامەزراندنی (کلۆدیۆس جیمس ریچ) لە بەغدا لە ساڵی (١٨٠٨) لە گرنگترین بەردە بنەڕەتییەکانی بناغەی بنیاتنانی هەژموونی بریتانی

---

١- کامەران محەمەد. خزینی دەوڵەتە ئەوروپیەکان بۆ کوردستان. گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژمارە(٨٦) مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە(ی.ن.ك) ٢٠٠٧

بوو، که ئەرکی بریتی بوو لە کارکردن بۆئـەوەی عێـراقو کوردسـتان بکاتــە بــوارێکی کــراوە بــۆ دەســتتێوەردانو خزینــی داگیرکــەری بریتـانیو بـەرگریی چـالاکی فەرەنسـەییەکانیش بکـات لـەو وڵاتـەداو چاودێری بزووتنەوەو پیاوەکانو نەخشەکانیان بکات، نشـینگەیەتی بریتانیا لـە بەغـدا کـە لـەژێر بـەڕێوەبردنی (کلۆدیـۆس ریـچ)دا بـوو، کۆڕێکی بـۆ گـەورە کارمەنـدو شـوێنەوارناسو سیاسـیەکان بەسـت، هەروەها بۆ بەهێزکردنی ناوەندی نشینگەیەتی، شاری بەسرەش لـە ساڵی (١٨١٠)دا خرایە ژێر سەرپەرشتیارێتی ئـەوەوەو لـە پـاش دوو ساڵ نازناوی (نوێنەری سیاسی لە تورکیای عەرەبی)دا لێنرا.[1]

دیارترین دەستکەوتیش کە لە بواری بەهێزکردنی هـەنا (نفـوز)ی بەریتانی لـە عێراقـدا بەدەسـتی هێنـا، ئـەو ڕێککەوتنامەیـە بـوو کـە لەگـەڵ والی بەغـدادا لـە (٢٥ ی کـانونی دووەمـی ١٨١٠) واژۆ کـراو شەش ماددەی لە خۆ گرتبوو. بـە پێـی ئـەو ماددانـەش: دەبـوو والی دەســتبەرداری مافــەکانی بێــت لــە دەرکردنــی فەرمانــەکانی بــۆ نیشتەجێبووەکانو لەژێر هەر بیانوویەکدا بێـت، دەسـت وەرنەداتـە کاروباریانەوە، هەرگیز ناڕەزای دەرنەبڕێت لە سەردانی دوو لایەنە لە نێـوان گـەورە کارمەنـدە حکومییـەکانی بەغـداد، بـەوەش شـوێنی نشینگەی بریتانی بـاڵاتر بـوو، مەڵبەندەکەشی بـەهێزتر بـوو، تـاکو

١- مجموعة من الباحثين: العـراق في التـاريخ، دار الحريـة للطباعـة، بغـداد ١٩٨٣ ل٦١٦

وایلێهات ببێتە مەترسیدارترین نوێنەری بیانی لە بەغداد.

بێگومان ئەو سەرکەوتنەی ریچ بەدەستی هێنا، زیاتر بەهێزی کرد لەساڵەکانی دواییدا، گەڕیدەی بریتانی (جیمس بکنگهام) کە لەساڵی (١٨١٦)دا سەردانی بەغدادی کردووە، ریچ بە بەهێزترین پیاو دادەنرێت لە بەغداد لە پاش والی بەغدا.[١]

کونساس ئەلکساندێر لە کتێبەکەیدا (بەغداد لە ڕۆژگاری بەتاڵیدا) وێنەیەکی ئاشکرای هەنای بریتانیامان بۆ دەخاتە ڕوو لە سەردەمی سەعید پاشا (١٨١٣– ١٨١٧)ی والی بەغداو دەڵێت: نیشتەجێبوونی مەڵبەندێك بوو بۆ پەناهەندەی سیاسی، ئەوانەی کە دەسەڵات لە بەغداد راویدەنان هەر وەکو ریچ ئاگاداری وردو درشتی ئەوانە دەبوو، کە لە کۆشکی فەرمی (والی سەدای) ڕووی دەدا، ئەوەش لە نێوان پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەندێ لە کارمەندەکاندا.

بەغدادیش بۆتە کانگا بۆ سیاسەتو پشکنینی کوردستان لەلایەن ئینگلیزو کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی، (د. ماکدونالد کینیر) سەرکردەی کۆمپانیای ناوبراو گەشتێکی درێژی بە ئاسیای بچووكو ئەرمەنستانو کوردستاندا کرد، مەبەستی ئەم گەشتەشی ئەوە بوو کە زانیاریی لەبارەی ئەو وڵاتانە پەیدا بکات، کە لەوێوە لەشکری ئینگلیز بتوانێ هیندستان داگیر بکات.

ڕێگەی گەشتەکەی (ماکدونالد کینیر) بە کوردستانو

---

١- سەرچاوەی پێشوو.

ئەرمەنستاندا تێدەپەڕی، وەك: ئەرزەڕۆم، بەدلیس، سێرت، ماردین، جزیرە، موسڵ، بەندەر بوشهر، ئەسفەهان، تەورێز، رووباری ئاراس، ماراگارسنەر، هەمەدان، کرماشان، بەغداد، موسڵ، دیاربەکر، ئەماسیا، ئەستەمبوڵ، سمیرتە.

لەکاتی گەڕانەوەی ماکدونالڈا بۆ مەدراس کە لەوێ سەرکردەی قەڵای (سان جۆرج) بوو، سەرۆکی سیاسی کۆمپانیای (هیندی رۆژهەڵاتی) نەخشەیەکی دوورو درێژی کوردستانو ناوچەکانی دەوروپشتی پێشکەشکردن، لەگەڵ راپۆرتێك لەمەڕ (گەیشتنە هیندستان) کە تێیدا داوای کرد چالاکانە هەوڵی داگیرکردنی وڵاتانی رۆژهەڵات بدەن. لەراستیدا ماکدونالد، وەك مێژوو نووسی سۆڤێتی (س.ڤ. شست تۆڤیچ) نووسیویەتی (خەریکی سیاسەتێکی ستراتیژی شەڕ بووە لە تورکیا، ئەرمەنستانو کوردستان.[1]

لە ساڵی (١٨١٧)دا (و. هێید)ی ئەفسەری رێکخراوی شەڕی (مەدراس) گەشتێکی لە بەغدادەوە بۆ کفری کردووەو لەوێشەوە بۆ سلێمانی، لە هەولێریشەوە بۆ موسڵو زۆر بەوردی هەموو ئەو جێگەگەلەی باسکردووە، لە ساڵی داهاتوودا (د.ك. پودتیر) لە بەغدادەوە بۆ سلێمانی بە کەرکوکداو لە ساڵی (١٨١٨)شدا بەرەو ساوغ بۆلاق (سابلاغ)و تەورێز رۆیشت.

لە ساڵی (١٨٢٠)دا نوێنەری کۆمپانیاکە لە بەغداد (کلودیوس

---

١- کامەران محەمەد. خزینی دەوڵەتە ئەوروپیەکان بۆ کوردستان.

جیمس ریچ) گەشتێکی فراوانی دەست پێکرد بۆ ناوچە جیاوازەکانی باشـوورو رۆژهـەڵاتی کوردسـتان، یـەکێك لـە بەرەنجامـەکانی ئـەو گەشتە بریتی بوو لە نووسینی کتێبێکی گەورە لەمەڕ کـوردو وڵاتـی کوردان، ریچ لە ماوەی ئەو گەشتەیدا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەندێ سەرکردەی ناسراوی کورد دامەزراند. بەتایبـەت لـە ناوچـەی میرنشـینی بابـان، (سـلێمانی)و میرنشـینی ئـەردەڵان (سـنە)، بـۆ یەکەمجاریش نەخشەی هەندێ شوێنی کوردستانی نەخشاند.

هـەروەها زۆر بـەوردیو گشـتگیری باسـی تێکـڕای کوردسـتانو دراوسـێکانیو دەسـەڵاتی دراوسـێکانی کـوردو لایـەنی ئیـداریو سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو بازرگانیو کشتوکاڵو ئەتنۆگرافیو ئـارکیۆلوژیو شـێوەکانی دەسـەڵاتداریتی لـە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی میرنشـینە کوردییـەکانو پەیوەنـدییان لەگـەڵ تـارانو ئەسـتەمبوڵو بەغـدادو موسـڵو پەیوەنـدی هـەردوو دەسـەڵاتی عوسمانیو ئێرانیشی کردووە، کە ئەوکاتە زۆرینەی گرژیو نـاکۆکی ئەم دوو دەسەڵاتە لەسەر ئەوە بـوو کـە هـەر یەکـەیان لای خۆیـەوە پێشبڕکێ لەوەدا بکات دەست بەسەر کوردستانی باشووردا بگرێت، کـە کـەوتبووە نێـوان کەوشـەنی هەردووکیانـەوەو لـەم پێناوەشـدا هەرچـی فـرتو فێـڵو پـیلانو ئـاژاوە هـەبووە لـە نێـوان ئەنـدامانی بنەماڵـەی میرنشـینەکانداو دەسـتێوەردانی کاروبـاری ناوخۆیـان

کردووه، تا میرنشینەکانیان نەکوشتن، دەستیان هەڵنەگرت.[1]

بێگومـــان بـــە رامـــانێکی ورد لـــە نووســـینەکەی ڕیـــچ، بۆمـــان دەردەکـەوێت زۆر بـەوردی نـاوی ناوچـەو شـوێنە جوگرافییـەکانو دووری نێوانیـانی دەستنیشـان کـردووە، کـە ئەمـەش ئـەوەمان بـۆ ئاشـکرا دەکـات کـە بریتانییـەکان ئامـانجێکی سـتراتیژییان لـە ناوچـەکەدا هـەبووە، بـەڵام ئەمـەش چـاوەڕوانی بەسـتێنی لـەباری دەکرد کە لە داهاتوودا بەدیبێـت.

لە هەمان کاتیشـدا ئـەم گەشـتە زەنـدەقی عوسمانیـەکانی بـرد، چـونکە دەیـانزانی ئینگلیزەکـان لـە کوردسـتان شـتێکیان لـە بـن سەردایە، دوای ئەو گەشتەی ڕێچ هەرچەندە سلێمانی بە ناوچەیەکی ئیمپراتوریای عوسمانی دەژمێردرا، مـەحموود پاشـا بـڵاوی کـردەوە کە بندەستی دەستەڵاتی شای ئێران دەبێت، بـۆ بارمتـەش کـوڕێکی خۆی ناردە کرماشان.

(خالفین) پێیوایە مەحموود پاشا ئەم بڕیارەی لەبەر (ئامۆژگاری) میوانە (خۆشەویستەکەی) ڕیچ بووە، چـونکە لـەو کاتـەدا ئێـران لـە تورکیا زیاتر لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوو، چونکە دەیویست ئێران لەسەر ئەژماری عوسمانیەکان فراوان بکاتو هەوڵیشی ئەدا کە زیاتر ئاگری دوژمنایەتی لە نێوانیاندا خۆش بکات بۆئەوەی خۆی ببێتە ناو بژیوانو ئاشتیخواز.

---

١- هەمان سەرچاوە.

ئەم هەنگاوانە بووە سۆنگەی ئەوە لە ساڵی (١٨٢٢) شەڕ لە نێوان ئێران‌و عوسمانییەکانیدا هەڵبگیرسێت‌و ساڵێك دواتر پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی یەکەم گرێ درا.

هەروەها ژمارەیەك ئەفسەری ئینگلیز لە سەدەی نۆزدەدا سەردانی ناوچەکانی کوردستانیان کرد، لە ساڵی (١٨٣٦)دا ئەفسەری بریتانی (داولنسن)و پاش ئەویش بە ماوەیەکی کەم (میجەر ڤ. میللینگن) زۆر شوێنی کوردستان گەڕان‌و ماددەی زۆر بەنرخی لەمەڕ کۆکردەوەو هەندێکیانی بڵاوکردەوە، سەرەڕای ئەوانەش زۆر لەو گەشتیارە ئینگلیزانەی کە دەچوونە ئێران‌و تورکیا، سەردانی ناوچە کوردییەکانیان دەکردو لە نووسینەکانیاندا کەم تا زۆر لەمەڕ ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری کوردەکان دەدوان.(١)

بۆ نموونە: ج. موربیرو. کیز، لە کتێبەکانیاندا کە پاش ساڵێك یا دوو ساڵ لە دەرچوونیان وەرگێڕدرانە سەر فەرەنسی‌و ئەڵمانی، باسیان لە زۆر ڕووی ژیانی گەلی کوردو وڵاتەکەیان کردووە.(٢)

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٨٢٠-١٨٦٠) دا هەژموونی ئینگلیزەکان زیاتر چەسپاو قەوارەیەکی فراوانتری وەرگرت، لەو ماوەیەدا پێشکەوتنێکی گەورەی بەسەر هەنای فەرەنسی‌و ڕوسیدا بەدەستهێنا لە دەوڵەتی عوسمانیدا، بەڵام گرنگترین دیاردە کە لەو

---

١١٩- كمال مظهر أحمد. كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى. ترجمة: محمد الملا عبدلكريم. مطبعة المجمع العلمي الكردي- بغداد ١٩٧٧ ل٣٤

٢- کامەران محەمەد. سەرچاوەی پێشوو.

کاتــەدا دەرکــەوت، بریتیبــوو لــەوەی ئــەو نفــوزە بەتایبــەت دیــاردە بازرگانییەکانیــەتی، کــە پێشــتر لــە ناوەنــدی ویلایەتەکانــدا چــڕ بووبووەوەو دەستی بە درێژبوونەوە کرد بۆ ناوەوە، واتە وای لێهات کە درێژ بێتەوە ئەگەر بە شێوەیەکی سنوورداریش بێت بۆ بنــەما ئابووریو کۆمەڵایەتیە نوێیەکانو فراوانکردنی کاریگەرییەکانی.

لەســـــاڵی (١٨٦٠) دا کۆمپانیـــــــای (لـــــــنش اخـــــوان) (.L.E.T.S.N.C) وەك گـــەورەترین کۆمپانیـــای کەشـــتیوانی بازرگانی دامەزرا، لە ساڵی (١٨٦١)یشدا ئینگلیزەکان توانییان لە ســـەدری ئەعزەمـــەوە دەســـتکەوتێك بەدەســـبهێننو گەشـــتی کەشتییەکانیان لە ڕووباری دیجلەو فوراتدا بخەنە گەڕ. ئەمەش هەنگاوێکی گەورە بوو لە ڕێگەی فراوانبوونو چەسپاندنی توانای ئینگلیزەکان.

لەلایـــەکی دیکەشـــەوە بریتانیـــا نەیدەویســـت ئیمپراتۆریـــەتی عوسمانی بە ئەندازەیەکی زۆر لاواز بێت، چونکە بە بەربەستێکی دادەنا لە بەردەم ڕوسیادا کە بگاتە ناوچەی ئاوە گەرمەکان.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئامانجی سەرەکی بریتانیا لە سەدەی نۆزدەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (کوردستانیش وەك بەشێکی گرنگی ناوچەکە) بریتی بوو لە:.

١- پاراستنی هیند.

٢- پاراســـــتنی ئاسایشـــــی ڕێگاکـــــانی میترۆپـــــولو ئیمپراتۆرییەتەکەی.

٣- گەشەپێدانی بازرگانی بریتانی.

٤- دابینکردنی لایەنی کەمی هەلومەرجی ژیانی مرۆڤایەتی، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش بریتانیا سیاسەتێکی دیاریکراوی داڕشتبوو، کە لەسەر چەند بنچینەیەك دامەزرابوو:

یەکەمینیان بریتی بوو لە پاراستنی سەربەخۆییو یەکێتی خاکی هەردوو ئیمپراتۆریەتی ئێرانیو عوسمانی لەدژی هەڕەشەو چاوتێبڕینی ڕوسیو دواتر ئەڵمانی.

دووەمشیان بریتی بوو لەوەی بریتانیا نەیدەویست تورکیا- یان ئێران داگیر بکاتو بیخاتە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی خۆیەوە، هەروەها نەشیدەهێشت دەوڵەتانی دیکە داگیریان بکەن، بەڵکو دەیەویست وەکو قەوارەی سیاسی لە ژێر هەژموونی کاریگەریی خۆیدا بە سەربەخۆیی لە بەرانبەر دەوڵەتەکانی تردا بمێنن، ئێران ناوچەی لەمپەڕی نێوان هیندو روسیە بێت.[1] لەبەر ئەم هۆیانە لایەنگری ڕیفۆرمو چاککردنی هەلومەرجی ناوەوەیانو دژی ڕوخاندنو دابەشکردنیان بوو و بەرەنگاری هەر مەترسییەکی راستەقینەی دەکرد کە لە ناوەوە یاخود دەرەوە هەڕەشەی لە قەوارەی ئەو دوو دەوڵەتە بکردایە.[2]

---

١- سالح محەمەد ئەمین. کوردو عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی یەکەم ١٩٩٢ ل١٨٢

٢- کامەران محەمەد: سەرچاوەی پێشوو.

بێگومـان پەیوەنـدی بریتـانی– تـورکیو پەیوەنـدی بریتـانی– فارسی لە چەند لایەکەوە راستەوخۆ کاری لە کورد کردووە.

یەکێکیان، کاربەدەستانی بریتـانی هەمیشـە گوشـاریان بـۆ سـەر دەوڵەتی ئێرانیو دەوڵەتی عوسمانی دەبـرد بـۆ هەنـدێ چاکسـازیی لەکاروباری کارگێڕییو داراییو سوپایی ناو وڵاتـەکانیان، بـۆ ئـەوەی ئەوەنـدە کلـۆر نـەبنو ڕوس بتـوانێ بەئاسـانی هـەڵیان بلووشـێ، ئەنجامی ئەم گوشارە لە تورکیا بە رێکخستن شکایەوە. یـەکێك لـە بەنـدە سـەرەکیەکانی رێکخسـتنیش دەسـتکاریکردنی ڕێکخسـتنی کارگێڕی شار (ویلایەت)ەکان بوو، کـە ئـەبوو بـە هـۆی لەناوچـوونی یـەکجاری میرنشـینە ئۆتۆنۆمیـەکانی کوردسـتان. دیبلۆماتـەکانی ئینگلیز زۆریان بۆ بابیعالی هێنا لەشکر بکاتـە سـەر محەمـەد بـەگی مـیری سۆرانو بـۆ سـەر بـەدرخان بـەگی مـیری بۆتـانو دەسـەڵاتی راستەوخۆی تورك لە شوێنی ئەوان دابمەزرێنێت، لە کـاتی شۆڕشـی مــەزنی (١٨٨٠)شــدا ئــەوە بــوو ســیخوڕەکانیان بــە ناوچــەکانی کوردستاندا بڵاو دەکردەوە، لەوانەش راماران (١٨٧٧)و کروفـد یـرو فوزی لە (١٨٧٩) داو کلانێون کە سەردانی شێخ عوبەیدوڵڵای کـرد، ئـەرکی ئـەم سـیخورانەش زانیاریـدان بـوو بـە بریتانیـاو دەوڵـەتی عوسمــانیو ئێرانــی لــە جموجــووڵی کوردەکــان بــە مەبەســتی دامرکاندنەوەی.

دووەمیشـیان بـریتی بـوو لـە ناوبـژیکردنی بـەردەوام لـە نێـوان دەوڵـەتی ئێرانـیو دەوڵـەتی عوسمـانی بۆئـەوەی ناکۆکییـەکانیان

لەڕێگەی گفتوگۆی هێمنانە چارەسەر بکەن، ئەنجامی ئەم ناوبژییە ڕێککەوتنی یەکەمو دووەمی ئەرزەڕۆمی لێکەوتەوە، کە دوایی هێنا بە ململانێی چەکداریی دوورو درێژی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەو بناغەی سیاسەتی هاوبەشی بەرانبەر مەسەلەی کورد دانا.[1]

لەدوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە بریتانیا بە شێوەیەکی کرداری دەستی وەردایە ناو کارو بارەکانی کوردستانەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی بریتانیا یەکێك بوو لە هێزە براوەکانی شەڕی جیهانی یەکەم، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمەوە بریتانیا جێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتدا کردبووەوە، ئەمەش لە دوای کردنەوەی ژووری بازرگانی بوشهر لە ساڵی (١٧٨٧)دا[2] بەڵام سەرەتاکانی گەشەی بریتانیا لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٣٠–١٨٧٦) کە لەو سەردەمانەدا فەڕەنسییەکان بە سەرکردایەتی ناپیلۆن لەگەڵ عوسمانیەکاندا پەیوەندیان پتەو بوو، بریتانیاش لەترسی هەژموونی خۆی تێکۆشا خۆی لەگەڵ تورکەکاندا رێکبخات، لەو ماوەیەدا بریتانیا هەنای لە عێراقی عەرەبیو کوردستان زیادیکرد، ئەویش بەهۆی لەناوچوونی مەمالیك لە عێراق.

وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد، تەوژمی گرنگی بریتانیا لە کوردستان لەدوای شەڕەوە دەستی پێکرد، ئەویش لە پەیماننامەی

---

١- هەمان سەرچاوە.

٢– فیروز منصوری، استعمار بریتانیا ومسئلة ارون درود، موسسة مطالعات تاریخ معاصر ایران، تهران، ص٣٨

(سـایکس– پیکـۆ)وە سەرچـاوە دەگرێـت، کاتێـك کـە لـە نێـوان فەرانسـەو بریتانیـاو روسـیەدا، ناوچـەی ڕۆژهـەلاتیات دابەشـکرد.[1]

هـەژمونی دووەمـی بریتانیـا لـە سـاڵی(١٩٢٠) لـە ڕێکەوتننامـەی سیڤەردا جارێکی تر دەرکەوت، دواتر لە پەیماننامەی لۆزاندا کـە بـە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بریتانیا بـەڕێوە چـوو، کوردسـتان بەسـەر وڵاتانی دراوسێیدا دابەشکرا.

هەڵبەتە بریتانیا بەردەوام بـەدوای بەرژەوەندییەکانیـەوە بـووە، ئەو چاوی بڕیبووە ویلایەتی موسڵ کە دەوڵەمەند بوو بە نـەوت، لـە لایـەکی تـرەوە پێویسـتی بـە تورکیـا بـوو، چـونکە کەمالیسـتەکان کەوتبوونە سەر پێـی خۆیـانو بووبـوون بـە کیانێـك کـە دەوڵـەتێکی خاوەن کاریگەر بوو لە ناوچەکەدا، هەروەها پەیوەندی پتەوی هەبوو لەگەڵ وڵاتانی کۆلۆنیاڵدا، بەهۆی بـەردەوامی شـەڕەکانەوە بریتانیـا تارادەیـەك شـەکەت بووبـوو، جگـە لـەوە بریتانیـا لەسـەرووبەندی ڕێکەوتننامەی لۆزانـدا گرنتـی ئـەوەی وەرگرتبـوو کـە تورکیـا داوای ویلایەتی موسڵ ناکات، لەبەر ئەوە بەرژەوەندی وای دەخواسـت کـە بە ڕێکەوتننامەکە ڕازیبێتو ویلایەتی موسڵ لە ژێـر دەسـتی خۆیـدا مایەوە.

کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکـەوێت بریتانیـا فاکتـەرێکی گـەورە بوو لە بەرانبەر ویستی دروستبوونی کوردستانێکی گـەورەدا، بـەڵکو

---

١– بڕوانە ڕێکەوتننامەی سایکس– پیکۆ، بەشی پێنجەم.

هەمیشـە کـاری دەکـرد بـۆ زیـاتر مانـەوەی لـە ویلایـەتی موسـڵدا، تەنانەت گرنگ نەبوو بە لایەوە ئەو بەشەی کوردستان کـە لکێنـراوە بە عێراقی عەرەبییەوە، هەوڵی بۆ بدرێت لە پێناو سەربەخۆبوونیدا، بـەڵام لـەژێر دەسـەڵاتی خۆیـدا، بۆنموونـە: لـە نامەیـەکی وەزیـری موسـتعەمەرەی بریتانیـاوە بـۆ مەنـدوبی سـامی لـە عێـراق لـە ٢٤ی حـوزەیرانی ١٩٢١دا دەنووسـێت: مـن دڵـداوێرم بـەوەی بـیر لـەوە بکرێتەوە کە جۆرێك لـە نیمچـە سـەربەخۆی بـە کوردەکـان بـدرێتو دەتوانرێت بکرێن بە سێ یەکـەوە، هەریەکـەیان موتەسـەریفێکی بـۆ دابنرێـت، واتـا موتەسـەریفێك بـۆ شـاری سلێمانیو دانەیـەکیش بـۆ کەرکوك، هەروەها دەشێت ئەفسەرێکیش بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی شـاری موسـڵ دابمـەزرێنن، جـا ئـەم سـێ شـارە ئـازادن لـەوەی دەیانەوێت پێکەوەبن- یاخود جیا بن.[1]

لەلایەکی ترەوە کورد زۆر تێکۆشاوە بریتانییەکان لە کوردسـتان تێکبشـکێنێت- یـان لانیکـەم تۆڵـەی لێبکاتـەوە، لـەو ماوەیەشـدا شـۆڕشو راپـەڕینی بەرچـاو دژبـە بریتانییـەکان روویانـدا، کـە دیارترینیان شۆڕشـەکەی شـێخ مـەحموودی نـەمرو ئیـبراهیم خـانی دەلۆ، بوو.

---

١- لـە ئەرشـیفی وەزارەتـی دەرەوەی بریتانیـا- دۆکـۆمێنتی ژمـارە (Fo371\6346 from The secretary of state for the colonies the high commissioner of Mesopotamia to 24 June 1921)

**چوارەم: روسیا**

ڕووسـەکانیش وەك ئینگلیزەکـان لـە زووەوە چـاویان بڕیبـووە کوردستان، بەتایبەتیش ئـەو ناوچـەگەلەی دەکەونـە سـەر سـنووری باشووریانەوە، یـاخود نزیـك بـوو لێـوەی. بێگومـان ئـەوە بابەتێکـە هەڵوێسـتەکردنێکی تایبـەتی دەوێـت نـەك تـەنیا لەبـەر گرنگییـە زانسـتییەکەی، بـەڵکو لەبـەر ئـەوەی زانیارییـەکی کـەممان لەبـەر دەستدایە، نفوزی ڕوسیای قەیسەری بۆ کوردستانو گرنگـی پێپێـدان بـە دوژمنـەکانی بەسـراوەتەوە بەناوچـەکانی قـەفقاسو ئـاوە گەرمەکان.

لـەپاش ئـەوەش بـە هەوڵـە فراوانەکانیـەوە لـە رۆژهـەڵاتی ناوەراستدا، لێرەوە سەرەتاکانی خزینو گەشـتەکانی ئاگـاداربوون و وەرگـرتنی زانیـاری پێشـوەخت کـە ژمارەیـەك لەگەڕیـدە روسـەکان بەوپەڕی چالاکیەوە ئەنجامیان دابوو، بەدیار کەوت، جا پێش ناردنی یەکەم باڵوێزی ڕوسی بۆ بابی عالی بە ماوەیەکی درێژ ژمارەیەك لـەو گەڕیـدە ڕوسـیانە بەناوچـە جیاوازەکـانی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتدا بڵاوبوونەوە، لەوانەش ناوچە کوردییەکان.

بێگومـان شـتێکی خۆڕسـك بـوو، ژمـارەی ئـەو گەڕیدەگەلـە لـە زیادبووندا بێت کە سەردانی ناوچەکانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانییـان دەکرد، بەتایبەت پاش زیـادبوونی بەریەککـەوتنی دەوڵـەتی روسـیە بەو ئیمپراتۆرە. ئەو گەڕیدەگەلە ساڵانێکی زۆر دەمانـەوەو بەرگـەی سـەختییان دەگـرت لـەپێناو کۆکردنـەوەی زانیـاریی زیـاترو جـۆراو

جۆرتر. ئەمەش لەپاشان بوو بە ڕێپێشاندەر بۆکاری پێدزەی ڕووسەکان بۆ ناوچەکە. نووسەرێکی ڕوسی نێونەزانراو لە دەستنووسەکەیدا باس لەو گەشتە دوورو درێژو فراوانەی دەکات کەلە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەیەمدا بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا کردوویەتی‌و پێنج ساڵی خایاندووەو تاکو تونس ڕۆیشتووە.

لەو شارانەش کە سەردانی کردووە ناوی دیاربەکرو ماردین‌و موسڵ‌و کەرکوك‌و بەغدادو دیمەشق دەبات، جا ئەو کەسەی کە ئەو دەستنووسەی بڵاوکردۆتەوە لە ساڵی (١٨٩٠)دا دەڵێت: هیچ ئەورووپاییەکی تر لەو سەردەمەدا ئەو ڕووبەرە فراوانەی لە ئیمپراتۆریەتی تورکی دانەبڕیوەو هەموو ئەو گۆشەگەلەی بەدی نەکردووەو تێبینی سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانەی نەکردووە تێیدا، هەروەك نووسەرەکەمان کردوویەتی.[١]

بێگومان ئامانجە سەرەکییەکانی ئیمپراتۆری ڕوسی لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەرۆژهەلاتی ناوەراست، درێژەکێشانی هەمان راسپاردەکانی پەترۆسی گەورەو کاترینا بوو.

١- هەوڵدان بۆ دابینکردنی دەرەتانێکی دەریایی لەسەر ئاوی گەرم.

---

١- کامەران محەمەد. خزینی دەوڵەتە ئەوروپیەکان بۆ کوردستان، گۆڤاری رێبەری پێشمەرگە، ژمارە (٨٧) ساڵی ٢٠٠٧ ل٢٨

٢- هەوڵدان بۆ دەستگرتن بەسەر گەرووەکانی نێوان دەریای ڕەش‌و دەریای سپی.

٣- گەشەپێدانی بازرگانی.

٤- ڕێگرتن لە تەنینەوەی نفوزی فەرانسەو ئینگلیزو دواتریش ئەڵمانییەکان. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش چاوی بڕیبووە زەوییەکانی باشووری ڕوسیە کەهەندێکی لەژێر دەستی عوسمانی‌و هەندێکیشی سەرزەمینی ئێران بوون. هەوڵی ئەدا لەڕێگەی نزیکبوونەوە لە ئێران‌و ئەفغانستانەوە مەترسی بۆسەر هندستان دروستبکات‌و بریتانیا بخاتە ئاریشەوە.

بە تێپەڕینی کات‌و بە شێنەیی سنووری خۆی گەیاندە نێوان سەرووی دەریای ڕەش، ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربایجان، تورکمەنستان، تارتارستانیشی گرت‌و ڕووبارەکانی ئاراس‌و تەترە بوونە سنووری خوارووی. جێپێی ئابووری‌و سیاسی‌و تەنانەت سەربازی خۆی لە ئێراندا قایم کرد.

ئەو ململانێیەی لە نێوان ڕوسیەو دەوڵەتە ئەوروپیە گەورەکاندا بوو، لە دواچارەکی سەدەی نۆزدەیەمدا دەستەبەری سەرەکی مان‌و پاراستی ئیمپراتۆری ئێرانی‌و ئیمپراتۆری عوسمانی بوو. هیچکام لە دەوڵەتانی ئەوروپی بۆئەوەی ئەوی تریان بەهێزتر نەبێ، ڕازینەبوو یەکێ لەم دوو دەوڵەتە داگیربکاو بیخاتە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیەوە.

(خالفین) پێی وایە یەکەم پەیوەندی ڕوس‌و سەرۆکە کوردەکان ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٠٤) لەکاتی شەڕەکانی ڕوس‌و ئێران (١٨٠٤–١٨١٣)دا. (٣١) چونکە دوو بەش لەسێ بەشی لەشکری ئێران لەکوردەکان پێکهاتبوو.

لەبەر ئەوە (تسینسیانۆڤ)ی سەرەك لەشکری ڕوس لە(جۆرجیا) لە (٢٤ی تەموزی ١٨٠٤) نامەیەکی بۆ (حسین ئاغای) سەرۆکی کوردە کۆچەرەکانی (یەریڤان) نارد کەسوارەکانیان خستبووە ژێر فەرماندەیی لەشکری ئێرانەوە. (تسینسیانۆڤ) داوای لە حسێن ئاغا کرد کە ببێتە لایەنگری ڕوسیا بەو مەرجەی کە هەموو مافەکانی بپارێزێت‌و هەر بە سەرۆکی هۆزەکانی بمێنێتەوە. حسێن ئاغا وەڵامی ئەم نامەیەی نەدایەوەو هاوکارەکانی لە یەریڤان کێشایەوەو لەساڵی داهاتووشدا (١٨٠٥) ڕوسیا هەوڵیدا کوردەکان بۆلای خۆی ڕاکێشێت، بەڵام ئەو تەقەلایەشی بێ سود بوو، بە پێچەوانەوە لەنێوان لەشکرەکانی روس‌و کورددا شەڕو ئاژاوە هەڵگیرسا.

ڕوسیا بەدەستهێنانی لایەنگری کوردەکانی بە هۆکارێکی گرنگ دادەنا، تا لە ڕێخۆشکردن‌و کردنەوەی دەروازەکانی بەڕووی ئامانجەکانیدا لە گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان‌و زاڵبوون بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی بینییەوە.

بەڵام ئەوە بوو لەو ماوەیەدا نەیتوانی لایەنگری کوردەکان بۆ خۆی مسۆگەر بکات. بۆیە هەموو هەوڵێکی هاتە سەرئەوەی کە کورد

لــە شــەڕەکانی روســیە- ئێــران و روســیە- تورکیــادا بــیۆ لایــەن بوەستێت.

لــە ئــەنجامی کۆتاییهــاتنی شــەڕی ئێــران و ڕوس لــە (١٨٢٨-١٨٢٩)دا کــە ناوچــەی (کارەبــاخ) بــەر روســیە کــەوت، لەگــەڵ ئــەو نەتەوەگەلەی لەو ناوچەیەدا دەژیان و کوردیشی تێدا بـوو، بـەمجۆرە بەشێك لە کوردیش کەوتە ناو ئیمپراتۆرێتی ڕوسیاوە.

پاش سەرکەوتنی ڕوسیا لەشەڕی ئێران (١٨٢٦-١٨٢٨)و پـاش ئەوەی ناوچەی یەریڤان خرایە سەر ڕوسیا، بەمە ژمارەی کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا زیادیکرد.

لەشــــەڕەکانی ڕوس و تــــورك (١٨٢٨-١٨٢٩)دا، کوردەکــــانی کوردســـتانی خـــواروو کەلـــە ناوەنـــدی شـــەڕەوە دوور بـــوون، هـــیچ بەشـدارییەکیان تێـدا نـەکرد، کـردەوە خراپـەکانی تـورك بەرانبـەر راپەڕینـەکانی کـورد وایلێکردبـوون هـیچ یارمەتیـەکی ئەسـتەمبوڵ نەدەن.[1]

هاوکـــات زانـــا رۆژهەڵاتناســـە ڕوســـییەکان دەســـتیانکرد بـــە توێژینەوەی ژیانی کوردەکانی ڕوسیەو تورکیاو ئێران. لێرەدا ئاماژە دەکـەین بـە (ف.ف.دنیـل.ی.ن)و (بـرزین. خ. ئـەبوفیان) کـە لـە توێژینــەوە ســەرەتاییەکانیاندا ڕەســەنایەتی نــەوەی گــەلی کــوردو

---

١- ن. ا. خــەلفین: خــەبات لــەڕێی کوردســتاندا، وەرگێڕانــی: جــەلال تــەقی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٧١ ل٥٧

شـوێنیان لـە مێـژووی گـەلانی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتو نزیکـدا ڕوون کردۆتەوە، بەتایبەتیش لەو ساڵانەدا زانسـتی کوردناسـی لـە ڕوسـیە دامەزرا.

هــەروەها زانــا رۆژهەڵاتناســەکانی وەك (ب. ی. لــرخ)و (أ. د. جابا)و (ڤ. پۆستی)و (س أ. ایکلیا زاروف)و...هتد، چـەندین باسـی زانستیان لەمەڕ ڕێزمانو مێژووی زمانی کوردی نووسیبوو.

بێگومان زانستی نووسینەوەی مێژوو لـەو ماوەیـەدا یارمەتیـەکی زۆری دەرخسـتنو بڵاوکردنـەوەی ئـەو دۆکیومێنتانـەدا، کـە لەمـەڕ پەیوەندییەکانی ڕوسو کورد لەکاتی شەڕی (ڕوسو ئێران) (رووس و تورکیا)دا هەبوون.

هـەروەها ماددەیـەکی دەوڵەمەنـدی زانسـتی لەمـەڕ پەیوەندییـە سیاسـیەکانی ڕوسو کـورد هەیـە لـەو دۆکیومینتانـەی کـە لیژنـەی قەفقاسـی زانسـتی شوێنەوارناسـی کـۆی کردونەتـەوەو بەهــەمان شێوەش لەکارەکانی مێژوونووسە سەربازییەکاندا هەن.[1]

بێگومـان پیـادەکردنی سیاسـەتی مەڵبەندایـەتی لـە دەوڵـەتی عوسمانیـداو لـە ڕێکەوتننامـەکانی ئـەرزەڕۆمی یەکـەمو ئـەرزەڕۆمی دووەمو کۆتاییهێنـان بەدەسـەڵاتی میرنشـینە کوردییـەکان، وایکـرد کاتێك کە ڕووسەکان لەدوای ئەوەی لـە سـاڵی (١٨٥٤)دا بایەزیـدیان

---

١- خالید مـراد. مـن تـاریخ العلاقـات الروسـیة– الکردیـة. ترجمـة: د. اسماعیـل صحاف. ص١٥

گـرت، هاوسـۆزی کـورد لەگـەڵ ڕووسـەکان زیـاتر بـوو، هـەروەها کاریگەری زۆری لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان هەبوو، چونکە کورد بە بەردەوامی لە هەلێك دەگەڕان کە قەوارەی لەدەستچووی خۆیـان بگەڕێننەوە.(٣٨) ڕووسەکانیش ئـەم هەلـەیان قۆزتـەوە هـەر وەکـو پێشتر چەند تیپێکـی لـە سـوارەو پیـادەی کـورد بـۆ دژایـەتیکردنی ئێرانو عوسمانی پێکهێناو پەیوەندی دۆسـتانەی لەگـەڵ هەنـدێ لـە دەسەڵاتداری کـورد دروسـتکرد، لـە شـەڕی (١٨٢٩)دا ڕوسـیا چـوار تیپـی موسـڵمانی پێکهێنـاو یـەکێك لەوانـە کـورد بـوون، لـە شـەڕی قرمیشدا (١٨٥٤-١٨٥٦) دوو تیپیـان پێکهێنـا بـوو- یـەکێکیان لـە کوردەکانی فارسو ئەوی تریـان لـە کوردەکـانی یـەریڤان بـوونو لـە شەڕی (١٨٧٧)دا تیپێکیان لە کورد پێکهێنا بـوو کـە (١٣٠٠) کـەس بوون.

بێگومـان ڕووسـەکان بـەهیچ شـێوەیەك بـەدەم مافـە ڕەواکـانی کوردەوە نەدەهاتن، بەڵکو هەمیشە لەخـەمی بەکارهێنانیانـدا بـوون بـۆ بـە ئەنجامگەیانـدنی ئامانجـە سـتراتیژیەکانی دەوڵـەتی ڕوس، هەروەك (تینل الکسندر)و (فنادولینا) ئاماژە بۆ ئەو راستیە دەکەنو دەڵێن: (سیاسـەتی رووسـیە بەرانبـەر بـە بزووتنـەوە ڕزگاریخوازییـە نەتەوەییـەکان لەوکاتـەدا بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا بـە ئیزدواجیـەت دەناسـرایەوە، لــە لایەکــەوە روســیە هــەوڵی بــەکارهێنانی ئــەو بزووتنەوەگەلـەی دەدا بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتی

تایبەتی لەژێر پەردەی ئامانجی باشی وەك یارمەتی برا ئایینیە چەوساوەكان (كە مەبەستی مەسیحیە ئەرسەدۆكسەكانی ناوچەكانی ئەوروپای رۆژهەڵات بوو)، لەلایەكی دیكەشەوە سیاسەتی گشتی لەچوارچێوەی پەیمانی پیرۆزدا بەڕێوە دەچوو، لە ئامانجەكانی دژایەتیكردنی هەموو بزووتنەوە شۆڕشگێڕیو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نەتەوەییەكان بوو.

هەر بۆیە كاتێك كوردەكان بە سەركردایەتی یەزدان شێر بەسەر عوسمانییەكاندا سەردەكەونو توركەكان لەبەرەی قەوقاز لە بەرانبەر روسەكاندا دەخەنە هەڵوێستێكی زۆر ترسناكەوە، لەبەر ئەوە یەزدان شێر ئەم هەلە دەقۆزێتەوەو بڕیار دەدات پەیوەندی بە هێزی روسیەوە بكات بۆ یەكخستنی كار، دژی دوژمنە هاوبەشەكەیان.

بۆیە پێنج جار نامە بۆ سەرۆكی هێزەكانی روسیە دەنووسێتو داوای هاوكاری بەهێزكردنی پەیوەندی هەردوولاو نەخشەدانان بۆ زاڵبوون بەسەر سوپای توركدا دەكات، بۆیە ئەو بڕیاریدا كە لە ناوچەی بەدلیس راپەڕین دەستپێبكاتو روسەكانیش لە قەوقازو پشتەوە لێیبدەن، بەڵام وەڵامی هیچ لەو نامەگەلە نەدرانەوە، بۆیە جارێكی تر یەزدان شێر پەیوەندی بەسەرۆكی ئەركانی سوپای روسیە (بیبۆتۆف)ەوە كرد لە قەوقاز، بەڵام (بیبۆتۆف) نەك هەر وەڵامێكی ئەرێنی نەدایەوە، بەڵكو داوای لە یەزدان شێر كرد

سەربازەکانی بڵاوە پێبکاتو کۆتایی بە شۆڕش بهێنێت، تەنانەت بڕیاری بۆ سوپای روسیش دەرکرد کە هیچ کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام نەدەن بەدرێژایی ماوەی ئەو شۆڕشەی کە کوردەکان بەرپایان کردووە. بەمەش توانایەکی تەواویدا بە سوپای عوسمانی کە بەشێکی زۆری سوپاکەی بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی یەزدان شێر بکێشێتەوە، ئەوە بوو شۆڕشەکە سەرکوت کرا.[1]

هەروەها جارێکی ترو لەکاتی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا سیاسەتی روسی راشکاوانەتر دەردەکەوێت، ئەوکات سیخوڕەکانیان لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکەیان دەکردو هەڵسەنگاندنی ئەوان بۆ جووڵانەوەکە لە زۆر لاوە ڕەنگدانەوەی ستراتیژی روسیە بوو لەناوچەکەو ڕەنگدانەوەی سیاسەتی دەرەوەیان بوو بەرانبەر بە دەوڵەتانی عوسمانیو ئێرانی، لە راپۆرتەکانی خۆیاندا بۆ سەروتر دەری دەخەن:

١- پشتی داواکانی کورد نەگیرێ، خواستەکانیان ڕەت بکرێتەوە.

٢- پشتی دەسەڵاتە ناوەندییەکان بگیردرێت.

٣- لەباتی کورد پشت بە مەسیحیەکان ببەسترێ، کە پێشکەوتووترو زیرەکترنو زووتر شت فێر ئەبنو دەوڵەمەندترن.

---

١- حامد محمود عيسى. القضية الكردية في تركيا. مكتبة مدبولي، الطبعة الاولى- القاهرة ٢٠٠٢ص٥٥

٤- پیشاندانی جووڵانەوەکە کەدەستی ئینگلیزی تێدایەو ئینگلیز بۆ دەستکەوتی خۆی بقۆزێتەوە، بۆ شێواندنی لەلای دەزگاکانی سەرووی خۆیان.

هەڵسەنگاندنی دیبلوماتە بچووکەکانی ناوچەکە. ئەگەرچی لە دیاریکردنی هەڵوێستی دەوڵەتەکەیاندا ڕەنگە هۆیەکی بڕیاردەر نەبێ، بەڵام بێگومان ئەتوانێ کاری ئەرێنی یا نەرێنی بکاتە سەر، بەم پێیە هەڵوێستی نادۆستانەی دیبلۆماتەکانی روس لە ناوچەکەدا دەوری هەبووە، لە هاندانی دەزگاکانی سەرووتر بۆ بڕیاردانی خێرا لە دژی.

لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانیو لەپاش پەیمانی (سایکس- پیکۆ)و لە بەهاریساڵی (١٩١٦ی زایینی) بە فەرماندەیی لیوا (پاراشۆف) هێزەکانی روسیەی هاوپەیمان لە رێگەی خانەقینو ورمێ بە مەبەستی داگیرکردنی بەغداد، رەواندزیان داگیرکرد. لەشکرکێشی سوپای روسیە هەموو باکووری کوردستانی خستە ژێر دەستی خۆی، (ئەرزەرۆم، بەدلیس، ئازەربایجان، وان) لە ئێرانیشەوە هەموو خوارووی ئێرانی لە دەستدابوو، (کرمانشانو موکریانو سنە)، سوپای روسیە لەداگیرکردنی کوردستاندا زۆر بەخێرایی بەرەوپێشەوە چوو، چونکە روسەکان دەیانەویست لەسەر خاکی عێراق بە بریتانییەکان بگەنەوەو بچنەناو شاری موسڵەوە.[1]

---

١- کوردو عەجەم- ل٣٥٩

زۆرینــەی ســوپای روســەکان لــە ئەرمەنییــەکان پێکهــاتبوون، کــە لەراســتیدا تۆڵــەی قەڵاچــۆکردنی ئەرمەنییــەکانیان لــە هــەموو ئــەو ناوچــەگەلە دەکــردەوە، کــە داگیریــان دەکــردن، تەنانــەت ســوپای روســیەش لــە بەرانبــەر ئــەو قەڵاچــۆکردنەدا بێــدەنگ بــوون[1] بــەڵام روسیە لەو هەوڵو تەقەلایانەی بۆ داگیرکردنی کوردستـان بـەردەوام نەبوو– یان بە واتایەکی تر نەگەیشتە شاری موسڵ، چـونکە روسـیە بەهۆی هەڵگیرسانی (شۆڕشی ئۆکتۆبەر) تووشی پشێویو کێشە بوو بوو، ئیدی سیستـەمی نـوێ کـە سیستـەمێکی کۆمـۆنیزمی بـوو، لـە سەرەتادا هەوڵی چەسپاندنی دادپەروەری دەداو کاری بۆ نەهێشتنی توندوتیـژی دەکـرد، بۆنموونـە: یەکـەمین کـاری ژەنـەراڵێکی روسـی کاتێك کە دەگاتە ورمێ، لێپرسینەوە بوو لە کاربەدەستە روسـەکانی ئەو ناوچەیە لە بەرانبەر کردەوە چەوتەکانیان.[2]

لێرەوە دەگەینە ئەو بۆچونەی هەر لە سەرەتاوە روسەکان بـەبێ بەرنامە هەوڵی داگیرکردنی کوردستانیاندا، چونکە ئەوان مەبەستیان بــوو، بــە هــەر نرخێــك بێــت، بگەنــە شــاری موســڵ کــە تــازە لێکۆڵینــەوەکان دەریانخســتبوو بــە نــەوت دەوڵەمەنــدە، لەلایــەکی

١– دانیال متی. رویدادهای اورمیـەو کردسـتان شمـالی (دسمـبر١٩١٧ تـا ژوئیـە ١٩١٨) در ارشـیوهای نـزام فرانسـی. مجلـة درسـات کردیـة–مطالعـات کـردی، ثاریس، مرکز تحقیقان انستیتو کرد.ص٣٨

٢- سەرچاوەی پێشوو– ل٤٠

ترەوە پێویست بوو باڵانسی خۆی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا ئینگلیزو فەرەنسا، یەکسان بکات.

بەم شێوەیە لەژێر فەرمانڕەوایی روسەکاندا نەتەوەی کورد هەستی بەزوڵمو چەوسانەوەیەکی بێ ئەندازە کردووە، ئەگەر نموونەیەك لە هەلومەرجی ئەوکاتە وەربگرین، سەرنج لە سکاڵانامەی (٨٧) کەسی خەڵکی ورمێ دەدەین، کە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانیان ناردووەو لە سکاڵانامەکەدا هاتووە: ئەوەی لەماوەی سێ ساڵی رابردودا، لەکوشتنو تاڵانو زەرەرو ئەتکی ناموسو سوتانی شوێنو بەڵای گەورەو ستەمی جۆراوجۆرو دەستدرێژی شەرمهێنەر کەپەنجەو قەڵەم لە روونکردنەوەو پیشاندانی تووشی شەرمەزاری دێت، دانمان بەخۆماندا گرتو برینی دڵی سوتاوی خۆمان بەوە سارێژ دەکرد کە ئەلحەمدولیلا لە زڵمو ستەمکاری دەوڵەتی دراوسێمان رزگارمان بوو، ئەوانیش بوونە خاوەنی دەسەڵاتی دەستوری، داوای یەکێتیو برایەتیان دەکردو پیاوە نەجیبەکانی قەومی روس خەریکی راکێشانی خەڵکی ئێرانو ئیتر لەو جۆرە دەستدرێژیەی جاران رزگارمان بوو، کەچی لەناکاو ئەوەی لەسەردەمی ئستبدادا چاوەڕێ نەدەکرا، لەزەمانی ئازادیدا کردیان.[1]

---

١- نەوشیروان مستەفا. سەرچاوەی پێشوو– ل٣٦٢

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت روسەکان زۆر لە تورکەکان خراپتر بوون، بگرە ببوونە مایەی ئازارێکی بێ ئەندازەی خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان.

بەڵام روسیە لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم بە ناڕاستەوخۆ دەستی وەردایە ناو کاروباری کوردستانەوە– یان بە مانایەکی تر هۆکارێك لە هۆکارەکان بووە بۆ شکستهێنانی بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی، بەو پێیەی روسیە یەکێك بوو لەهێزە براوەکانی شەڕ، هاوکارییەکی بەرچاوی پێشکەشی کەمال ئەتاتورك کرد لەپێناو هەستانەوەی دیسانەوەی تورکیا، بەئامانجی سەرنەگرتنی بەندەکانی (پەیمانی سیڤەر)، چونکە لەبەستنی ئەو پەیماننامەیەدا تاڕادەیەك روسیە فەرامۆش کرابوو، بۆیە روسیە دەیەوست تۆڵەی خۆی بەوجۆرە لە هاوپەیمانەکان بکاتەوە.

ئەوەبوو پاش ئەوەی تورکیا توانی لە شۆڕشەکەی (کەمال ئەتاتورك)دا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بەوە (رێکەوتننامەی سیڤەر)ی هەڵوەشانەوەو بە بەشداری خۆی (پەیماننامەی لۆزان)ی هێنایە کایەوە، کە بووەهۆی دابەشکردنی کوردستانو بەشێکیش لە کوردستان کە بە (کوردستانی سوور) ناسراوەو لە قەرەباخ بوو، بەر روسیا کەوت.

## پێنجەم: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

سەرەتای گرنگیدانی ئەمریکا بە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، لە نێوانیاندا کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە، لە سەرەتای هەمان سەدەدا ئەمریکا هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی بازرگانیو دبلۆماسی دا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەگشتیو دەوڵەتی عوسمانیو بەتایبەت دەوڵەتی قاجاری لە ئێران، وەك بەستنی رێکەوتنامەی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە(١٨٣٠)ەوە بە هەمانشێوە لەگەڵ ئێران لە (١٨٥٦). هەروەها کردنەوەی کونسوڵخانەو قوتابخانەو ناردنی مزگێنیدەران (مبشرین)ی ئایینی مەسیحی.[1]

کوردستانیش یەکێك بوو لەو ناوچەگەلەی کە بووبووە جێگەی بایەخپێدانی ئەمریکا، بۆیە هەوڵیدا شوێن پێی خۆی لە کوردستان بکاتەوە، بە کردنەوەی کونسولگەری لە ناوچەی (ئەرزڕۆم) لە باکووری کوردستانو کردنەوەی کونسولگەرییەکی تر لە ناوچەی (خەربوت) لە کوردستانی ڕۆژهەلات. هەروەها کوردستان بووبووە ناوەندێکی سەرەکی بۆ چالاکی مزگێنی دەرانی ئایینی مەسیحیو کردنەوەی چەند ناوەندێکی لەمجۆرە لە ناوچەکانی (خەربوت)و (وان)و (بەدلیس)و (ماردین)و (ورمێ).

شێخ (عوبەیدوڵڵای نەهری)، یەکێك بوو لەو سەرکردانەی هەوڵی ئەوەی دا پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ مزگێنیدەرانی ئەمەریکی ببەستێ، ئەم هەڵوێستەی (شێخ عوبەیدوڵلای نەهری) وایکرد ئێران

١- کەمال مەزهەر ئەحمد. سەرچاوەی پێشوو- ل٦٧

وا هەست بكات كە مزگێنیدەران دەستیان هەیە لەگەڵ هەڵگیرسـانی شۆڕشـی كـورد لـە سـاڵانی، (١٨٨٠ــ ١٨٨١) بـەڵام دواتـر، چـەند رووداوێك هاتە پێشەوە، كە كاریگەری درووستكرد لەسـەر بۆچـوونی مزگێنیدەران بەرانبەر بەگەلی كورد، وەك جینۆسایدی ئەرمەنییەكان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی لەساڵانی (١٨٩٤ـ ١٨٩٥) كەتێیـدا كـورد بـەناڕەوا تاوانبـار كـرا، بـەوەی بەشـداری كـردووە لـەم پرۆسـەیەدا، ئەمەش وایكرد، كاریگەری نەرێنی دروستبكات بەرانبەر كورد لەلایەن دەسـەڵاتی ئـەمریكاوە. دواتـر ئەمـەش لەگۆڕینـەوەی نامـەو بروسكەكانی نێوان وەزارەتـی دەرەوەو كونسـولگەری ئەمـەریكا لـە تـارانی پایتـەختی ئێـران روون بووەتـەوەو كـوژرانی یـەكێكیش لـە مزگێنیدەران لە ساڵی (١٩٠٤) لە ناوچـەی (خـوی) جـارێكی تـر وای لەدەسـەڵاتی ئـەمریكا كـرد، پەنجـەی تـاوان بـۆ كـورد درێـژ بكـات، ئەمەش دیسانەوە كاریگەری خراپی لەسـەر كـورد هـەبوو. هـەروەها لەماوەی سـاڵانی شـەڕی جیهـانی یەكەمـدا (١٩١٤–١٩١٧) ئـەمریكا بـەردەوام بـوو لـە تاوانبـاركردنی كـورد سـەبارەت بـە جینۆسـایدی ئەرمەنییەكان لە (١٩١٥) بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا رێگـەی نـەگرتن لـە پێشكەشكردنی بۆچوونیان سەبارەت بـە بەشـداریپێكردنی كـورد لـە شەڕ دژبە دەوڵەتی عوسمانی. لەتشرینی یەكەمی (١٩١٥) كونسوڵی بەدلیس رای خۆی دەربڕی بـۆ بـاڵوێزی ئـەمریكا لـە روسـیە بـەوەی لەگەڵ هۆزە كوردەكان رێكەوتن بكرێـت بـە مەبەسـتی هەڵگیرسـانی

شۆڕش دژی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش لەڕێگەی پێدانی بەڵێنی سەربەخۆیی، بۆیە کونسول یارمەتی کوردی بە پێویست زانی بۆ بەشداریکردن لەبەرەی روسیا دژبە دەوڵەتی عوسمانی. دوای کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانی، رۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکەو لە کوردستان زیاتر بوو، بۆیە نیشتیمانپەروەرانی کورد، هیوایەکیان لەلا دروست بووبوو، سەبارەت بەو بەندانەی سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند لە (١٩١٨) بەتایبەتی ئەو ماددەی باس لەمافی سەربەخۆیی گەلان دەکات، بۆ ئەم مەبەستە کورد لە چەندین لاوە نووسراویان بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لە (١٩١٩) ناردو (شێخ مەحموود)یش نوێنەری خۆی نارد بۆ دیتنی باڵوێزی ئەمریکا لە تاران بۆ گەیاندنی بۆچوونی کوردو کێشە رەواکەی بە سەرۆك (ویلسن)، بەڵام باڵوێزی ئەمریکی چاوپێکەوتنی لەگەڵ نوێنەری شێخ مەحمووددا رەتکردەوە. هەروەها ئەمریکا لە کۆنگرەکەدا سەبارەت بەپرسی کورد بەم شێوەیە رای خۆی دەربڕی: ئەگەر هاتوو پرۆسەی ئینتیداب هەرەسی هێنا، ئەوا پێویستە سیستەمی ئەو یاسایە بەسەر کوردو ئەرمەندا بسەپێندرێت، سەرباری سیاسەتی پەرگیرانە کە ئەمریکا بۆ خۆی هەڵیبژاردبوو لە ساڵانی بیستەکانو سییەکان، بەڵام ئەم سیاسەتەی دووری نەخستەوە لە دەستێوەردانی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، وەکو کێشەی داواکردنی ویلایەتی موسڵ لە لایەن تورکیاوە، کەلایەنی نێودەوڵەتی

دەستێوەردانی تێدا کرد، لە نێوان ئـەو کێشـەیە ئـەمریکا پێـداگیری لەسەر ئەوە کرد کە دەبێت کۆمپانیا ئەمریکیەکان پشکیان لە نەوتی ئەم ویلایەتەدا هەبێت، تێکۆشانەکانی ئـەمریکا لـەم بارەیـەوە هاتـە بەرهـەمو کۆمپانیاکـانی رێـژەی (٧٥،٢٣٪)ی بەدەسـتهێنا لەنـەوتی کـەرکوك تاسـاڵی(١٩٢٩) دوای کۆتاییهـاتنی شـەڕی جیهـانی دووەم بایەخی ناوچەکەو کوردسـتان بەتایبـەتی رووی لـە زیـادبوون بـووە، ئەویش پەیوەست بوو بە بەرژەوەندییە نەوتییـەکانی ئـەمریکا، لـەم ماوەیەدا سیاسەتی ئەمریکا بریتیبـوو لـە هێشـتنەوەی بارودۆخەکـە وەکـو خـۆی، لـە هـەمان مـاوەداو لـە سـاڵانی (١٩٤٣ــ ١٩٤٥) کۆمیسیۆنی ئەمریکی گرنگی دا بە هەڵگیرسـانی شـۆڕش لەناوچـەی بارزان بە سەرکردایەتی (مەلا مستەفای بارزانی).

ئەوەی جێگەی ئامـاژە پێکردنـە، هـیچ کاتێـك ئـەمریکا کێشـەی کوردی لە لا گرنگ نەبووە، تەنیا کاتێـك نـەبێ کـە نـەوەکو لەلایـەن یــەکێتی ســۆڤیەتەوە (١٩١٧ــ١٩٧٩) بقۆزرێتــەوەو ببێتــە هــۆی بەهێزکردنی پێگەی لە ناوچەکەدا، ئەمەش لەکاتێکدا بـوو کـە بـیرو بۆچوونی چەپ لەناو رۆشنبیرانی کورد لە گەشەسەندندا بوو.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، سەرکردایەتی کورد هەوڵەکانی خۆی خستەگەر بۆ بەدەستهێنانی پشـتیوانیو پشـتگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو چاوپێکەوتنەی نێـوان قـازی محەمـەدو بـاڵوێزی ئـەمریکی لـە نیسـانی (١٩٤٦) یـەکێك بـوو لـە هەوڵەکان، بەڵام لە بروسکەیەك کە لەلایەن دەسەڵاتی ئەمریکاوە بۆ باڵوێزەکەیان نێردرابوو، دڵکاو نەبوون کە هاوکاری کـورد بکـەن، بـە

هـەمان شـێوەش (مـەلا مسـتەفای بـارزانی) لـە تێکۆشـانەکانیدا بەردەوام بـوو بـۆ هـەمان مەبەست، بـەڵام بێسـوود بـوو. نـەك هـەر پلوپاکـانی بـۆ پشـتیوانیکردن هـیچ کاریگەریـەکی نـەبوو لەسـەر هەڵوێستی ئەمریکا، بگرە ئەمریکا لە رووخانی کۆمـاری کوردسـتاندا هاوکاری ئێرانی کرد.

لەسـەرەتای سـاڵانی پـەنجاکان گـۆڕانێکی رێـژەیی بەسـەر سیاسەتی ئەمریکادا هات بەرانبەر بە کورد، بەڵام نەبووە هانـدەرێك بۆ بـەدیهێنانی ئاواتـە نەتەوەییـەکانی کـورد کـە سـەربەخۆیی بـوو، مەبەسـتیان تـەنیا راکێشـانی سـەرنجی کـورد بـوو بـۆلای خۆیـان، هەروەها شێواندنی وێنەی یەکێتی سۆڤیەت بـوو، ئەمـەش لەرێگـەی پـەنابردن بـۆ هۆکارەکـانی راگەیانـدن‌و پڕوپاگەنـدە. هـەروەها لـەم بوارەدا چەند چالاکییەکیان لەناوچەکانی کوردستان ئەنجامـدا، وەك دەرکردنی رۆژنامە بە زمانی کوردی، کە تێیـدا پروپاگەنـدەکردن بـۆ بەرژەوەندی ئەمریکا بەدیدەکراو کردنەوەی رادیۆ بەزمانی کـوردی‌و بڵاوکردنەوەی تیپـە شـانۆ گەڕۆکـەکان لـە ناوچـەکان‌و نمایشـکردنی شانۆ بۆ خەڵکانی ئاسایی.

لەماوەی ساڵانی شەستەکاندا جیهان بەگشـتی گۆڕانکـاری زۆری بـە خۆیـەوە بینـی، رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت‌و عێـراق‌و کوردسـتانیش بەتایبـەتی، کـە تێیـدا شۆڕشـی کـورد هەڵگیرسـا، لـە ئـەنجامی تێکچـوونی پەیوەنـدی نێـوان سـەرکردایەتی کـوردو دەسـەڵاتی (عەبدولکەریم قاسم)، هەرچـەندە قاسـم بـەلای سـۆڤیەتدا دەچـوو، بەڵام دەسەڵاتی ئەمریکا خۆشحاڵ نـەبوو بـە هەڵگیرسـانی شۆڕشـی

کوردو بە هەڕەشەیشی دەزانـی بۆسـەر ئاشـتیو ئـارامی رۆژهـەڵاتی ناوەراست. سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بـەردەوام جـەختی لەسـەر ئەوە دەکرد کە هەڵوێستی بەرانبەر کورد نەگۆڕێتو کێشەی کوردی وەکو کێشەیەکی ناوخۆیی سـەیر دەکـرد. لـە سـاڵی(١٩٦٨) کاتێـك بەعسییەکان هاتنە سەر دەسەڵات، ئەمریکا خۆشحاڵی خۆی پیشاندا بەم هەنگاوەو دانی بە دەسەڵاتیاندا نا، ئەم جارەیان نەك خۆی دوور نەگرت لە کێشەی کورد، بەڵکو هەڵسا بە پێدانی چەك بە دەسەڵاتی عێراق بۆ بەکارهێنانی دژی شۆڕشی کورد، بەو بیانووەی کـە عێـراق پشتبەستنی بـە یارمـەتی سۆڤیەت کـەم کردۆتـەوە، بێگومـان ئـەم هەڵسوکەوتەی ئەمریکا دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتەکانی بەرانبەر بـە کـورد. لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرکردایەتی کـورد بـەردەوام بـوو لـە هەوڵەکانی بۆ ناساندنی کێشەی کوردو بەدەستهێنانی پشـتگری بـۆ شۆڕش. بـەڵام ئـەمریکا بـەردەوام بـوو لەسـەر سیاسـەتی پێشـووی بەرانبەر بە کورد، هەرچەندە پەیوەندی نێوان ئـەمریکاو دەسـەڵاتی ئەوکاتەی عێـراق پچـڕانی بـەخۆوە بینیبـوو بـە هـۆی شـەڕی نێـوان عـەرەبو ئیسـرائیل، لــە سـاڵی (١٩٦٧)و پشـتگری ئـەمریکا بـۆ ئیسرائیل. لەساڵانی شۆڕشی ئەیلوولدا، سەرکردایەتی کـورد، تـوانی پشتیوانی ئێران بەدەست بێنێت، لەوکاتەدا ناکۆکی هـەبوو لـەنێوان ئێرانو عێراق، ئێران تاکە دەروازە بوو بۆ شۆڕش تـا لـەو رێگەیـەوە دەنگــی خــۆی بگەیەنێتــە دەرەوە. ئــەمریکا نیگــەرانی خــۆی نەشـاردەوە بەرانبـەر بـەو هـەنگاوەی ئێـران بـە پشـتیوانیکردن لـە شۆڕشی کورد. بۆ ئەم مەبەستە ئەمریکا بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ رازیکردنی ئێران تاکو دەسـت لـە یارمەتیـدانی کـورد هـەڵبگرێت.

ئەمـەش لـە چـاوپێکەوتنەکانیاندا باسـی لێـوە کـراوە، بۆیـە لـە بەرژەوەنـدی کـورددا نـەبوو عێـراق‌و ئێـران رێکبکـەون، چـونکە رێکەوتنی هەردوولا مانای هەرەسهێنانی شۆڕش بوو بۆ کورد، دواتـر ئـەم بارودۆخـە نەویسـتراوە لـە رێکەوتنامـەی جـەزائیری (١٩٧٥) روویـدا. سـەرکردایەتی کـورد بـەردەوام بـوو لـە هەوڵـەکانی بـۆ بەدەستهێنانی پشتگری ئەمریکا، لەم بارەیەوە سەرکردەی شـۆڕش (مـەلا مسـتەفای بـارزانی) لـە سـاڵی (١٩٦٤) جـارێکی تـر نوێنـەری ناردەوە بۆ چـاوپێکەوتنی بەرپرسـانی ئـەمریکا، بـەڵام نـەك ئامـادە نەبوون گوێیان بۆ بگرن، تەنانەت بێزاری خۆشیان دەربڕیوە بۆئـەم جۆرە سەردانانە. ئەمریکا هەندێ جار یارمـەتی مرۆیـی نـاردووە بـۆ کورد، بەڵام هیچ کاتێـك ئامـادە نـەبووە بـە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ یارمەتی کورد بدات. هەر لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدا سـەرکردایەتی کورد ویستویەتی کەناڵێکی تر بدۆزێتەوە بۆ کاریگەری خستنە سـەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئـەمریکا، ئـەم جارەیـان ئاڕاسـتەی بـەرەو ئیسرائیل گرتە بەر، بەڵام ئـەنجامی نـەبوو. لـە کۆتـایی شەسـتەکان دانووسـتان لـە نێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕش‌و دەسـەڵاتی عێـراق دەستیپێکرد، سەرەنجام رێکەوتنامەی (١١ی ئازاری سـاڵی ١٩٧٠)ی لێکەوتـەوەو کـورد چـەند دەسـتکەوتنێکی بەدەسـتهێنا، ئـەمریکا نادڵکاو بوو، گومانی هـەبوو لـە رێکەوتنامەکـەو پێیوابـوو ئەسـتەمە جێبەجێبکرێت‌و دژی داواکاری کـورد بـوو سـەبارەت بـە سیسـتەمی خۆبەڕێوەبردن. لە ساڵی (١٩٧٢) نوێنەرانی کورد چوون بۆ ئەمریکا تاکو داواکارییەکانیان سەبارەت بە یارمەتیدانی شۆڕش گفتوگۆی لە بارەوە بکرێت، بەرپرسانی ئەمریکاش لەسەر داواکـانی کـورد دڵکـاو

بوون بەیارمەتیدانی کورد، بەڵام لەڕێگەی ئێرانەوە. دوای ساڵێك‌و هەرەسهێنانی ڕێکەوتنامەکە لە (١٩٧٤) گۆڕانێك لە سیاسەتی ئەمریکا ڕوویدا، لە ڕێگەی ئێرانەوە توانرا یارمەتی لەلایەن ئەمریکاوە بگاتە شۆڕش، کە لەسەر داوای شای ئێران بوو. هەرچەندە ئەمریکا بڕیاریدا بە شێوەیەکی نهێنی پەیوەندی لەگەڵ کورد دروستبکات، بەڵام نەبووە هۆی دڵنیابوونی کورد بەهۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵە نێودەوڵەتییەکانی بۆ ڕێکەوتنی نێوان عێراق‌و ئێران، ئەمەش بۆ کورد مانای لەناوبردنی خەونەکانی‌و هیوابڕاو بوونی بوو. ئەوەبوو لەنێوان شای ئێران‌و سەددام حسێن جێگری سەرۆك کۆماری عێراقی ئەوکاتە، ڕێکەوتنامە شوومەکەی جەزائیر (١٩٧٥) مۆر کرا، سەرەنجام بووە هۆی لەناوبردنی شۆڕشی کورد. ئەمریکا خۆشحاڵی خۆی لەبارەی مۆرکردنی ڕێکەوتنامەکە دەربڕی. هەرچەندە کۆنگرێسی ئەمریکا نادڵکاوی خۆی دەربری بەرانبەر سیاسەتی شای ئێران‌و بەڕێوەبەرایەتی ئەمریکا بەرانبەر کێشەی کورد، بەڵام ئەم نادڵکاوییە هیچ کارگەریەکی نەبوو. لەدرێژەی خوێندنەوەیەك بۆ ئەم مێژووە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ستراتیژیەتی دارێژراوی ئەمریکا پێویست بوو یارمەتی کورد بدات لەرووی ماددی‌و مەعنەوییەوە، ئەوەش یارمەتییەکی سنووردار لە ماوەیەکی دیاریکراودا بوو، ئەندازیاری ئەم ستراتیژیەتەش (هێنری کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکای ئەوکات بوو، کە مەبەست لێی بەکارهێنانی کورد بوو بۆ ماندووکردنی هێزەکانی عێراقی‌و سەرقاڵکردنی. تاکو نەتوانێت مەترسی بۆسەر ئیسرائیل‌و بەرژەوەندییەکانی دروستبکات. ئەم ئەزموونە تاڵەی کورد لەگەڵ

ئەمریکا کاردانەوەی جۆراوجۆری لەسەر واقعی کوردی بەجێهێشت، هەروەها دوودڵییەکی گەورەی سەبارەت بە راستگۆیی ئەمریکا لە ناو رۆشنبیرانو سیاسەتمەدارانی کورد درووستکرد. ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە هەڵوێستی ئەمریکا بوو کە تاکو ساڵی(١٩٩٠) بەرانبەر بە کورد هەڵوێستێکی نێگەتیڤی هەبووە. زۆرجاریش یارمەتیدەری رژێمی عێراق بووە، بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم وتەیەش، لەساڵی(١٩٨٩) کۆنفراسێك بەسترا بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی، ئەمریکا رازی نەبوو ناوی عێراق بهێنرێت، هەروەها لە راپۆرتێکی دەسەڵاتی ئەمریکادا هاتووە سەبارەت بە پرۆسەی ئەنفالکردنی کورد، کە ئەم پرۆسەیە بە مافی رەوای رژێمی عێراق دەزانرێت بۆ سەرکوتکردنی کورد.

کارەساتی ئەنفال– ئەو جینۆسایدەی رژێمی بەعسی فاشی دژبە گەلی کوردمان کردی، بۆتە مێژوویێکی ئەوەندە تاڵ و مەینەتبار– لەناخەوە ویژدانی مرۆڤ دەهروژێنێت. نەتەوەیەك بەدرێژایی مێژووی خۆی چەوسێندراوەتەوەو ستەمی لێکراوە. گەلێك داگیرکارانی خاکەکەی بەهەموو شێوازێك بێ بەزەییانە کوشت و بڕیان کردوون. باسکردن لەپرۆسەی ئەنفال کاتێکی رۆزی دەوێت، ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژەی پێدەکەین. پرۆسەی ئەنفال لە (٢٣)ی فبرایەری ساڵی (١٩٨٦) بۆ (٦)ی سێپتەمبەری ساڵی (١٩٨٩) درێژەی کێشا. ئەو جینۆسایدکردنە بەسەرکردایەتی عەلی حەسەن مەجید (ناسراو بە عەلی کیمیاوی) بوو، فرقەی سەربازی یەك و پێنج بەهاوکاری جاش و پاسەوانی کۆماری ئەنجامیاندا، نزیکەی (١٠٠) هەزار کوردی تێدا

بوون بەقوربانی و (٢) هەزار گوندیش وێران کران.

لەگەڵ نەبوونی پشتیوانیەکی ئەوتۆ، بەڵام کورد بەردەوام بوو لە خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی، قۆناغی نیوەی دووەمی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکان قۆناغی بێمتمانەیی کورد بوو بەرانبەر بە ئەمریکاو فەرامۆشکردنی وەك هێزێك کە چاوەڕوانی پشتیوانی لێنەدەکرا بۆ شۆڕش، چونکە لە بەغداد رژێمێکی دژی ئەمریکا لەسەر کار نەبوو تاکو بیەوێت کورد بەکار بهێنێتو ئەمریکاش لە دەرەوەی هێزە دۆستەکانی کوردو شۆڕشەکەیدا بوو.

لە سەرەتای ساڵانی (١٩٩٠) بە دواوە قۆناغێکی تر بۆ کورد دەستیپێکرد، لە زۆر رووەوە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت، لەوانەش بۆ پەیوەندیەکانی کوردو ئەمریکاو گرنگیدان بە پرسی کورد، بێگومان ئەو گۆڕانانەی لەسەر ئاستی جیهان روویاندا بەتایبەتی رووخانی جەمسەری رۆژهەڵاتو سەرکەوتنی جەمسەری رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکاو گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو ئەمریکا بە جۆرێك کە عێراق بوو بە دوژمنی گەورەی ئەمریکا لە ئەنجامی داگیرکردنی کوەیت. (١٩٩٠) لە لایەن رژێمی عێراقەوە، سەرەنجام بەکارهێنانی هێز دژی عێراقو دەرکردنی لە کوەیت. پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو کورد پەرە دەسەنێتو دەچێتە بواری پێشوازیکردن لەسەر ئاستی بەرز لەسەرکردەکانی کورد، بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە عێراق روویدا، سەرهەڵدانی راپەڕین

لە سەرەتای ئاداری (١٩٩١) لـە بـاکوورو لـە باشـوور دەسـتیپێکردو زۆری نەمابوو کۆتایی بەرژێمی عێراق بێت. بەڵام دیسانەوە ئـەمریکا سیاسەتی پێچەوانەی پەیڕەو کرد، نەك یارمەتی راپەڕینەکانی نـەدا، بــەڵکو گڵــۆپی ســەوزی بــۆ رژێــم هــەڵکرد بــۆ دامرکاندنــەوەی راپەڕینــەکان، ئــەم هەڵوێســتەی ســەرلەنوێ گومــان‌و دوودڵــی بــۆ ســـەرکردایەتی کـــوردو جـــەماوەریش درووســـتکرد، ســـەرەنجام راپـــەڕیوانی کوردســـتان تووشـــی ئـــاوارەبوون‌و کـــۆڕەوی ملیـــۆنی بوونـەوە، کـە بـە یـەکێك لـە گـەورەترین کۆڕەوەکـان دادەنرێـت لـە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەڵام ئەم جارەیان گومـانی کـورد لـە ئـەمریکا درێژەی نەکێشاو وەکو شۆڕشی ئـەیلول لەیـەکتری دانـەبڕان، دواتـر کۆچ‌و راپەڕین بە قازانجی کورد تەواو بوو، ناوچەی پـارێزراو (ئـارام) بە بڕیاری (٦٨٨)ی نێودەوڵەتی بۆ کورد دابینکـرا، دواتـر قـەوارەی بەدەستهێنا، هەرچەندە بڕیارێکی مرۆیانە بوو، بەڵام تاکە بڕیاریشـە بۆ کورد کە لە نەتەوەیەکگرتوەکانەوە سەبارەت بە کورد دەربچێت.

قۆنـاغێکی تـر لـە پەیوەندییـەکانی نێـوان کـوردو ئـەمریکا ئـەویش ماوەی تـاڵی شـەڕی ناوخۆیـە لـە نێـوان هـەردوو هێـزی باڵادەسـتی کوردستان. ئەگەرچی ناڕۆشنییەك هەیە لـەبارەی رۆڵـی ئـەمریکا لـە ماوەی ئەو بارودۆخەدا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، بوونی رۆڵـی ئەمریکایە لە پێکهێنانـەوەی ئـەم دوو هێـزەو مـۆرکردنی رێکـەوتنی ئاشـتی لـە نێـوان سـەرکردایەتی هـەردوو لادا، بـەهۆی رووداوەکـانی

١١ی ئەیلوولی ئەمریکا کە جیهان تووشی شۆكو مەترسی هەڕەشەی تیرۆر بووەوە، وایکرد ئەمریکا پرۆسەیەك دەستپێبکات بەناوی شەڕی دژبە تیرۆر، عێراقیش وەك وڵاتێکی پشتیوان بۆ تیرۆرستان، مەترسی هەبوو بۆ سەر ئاشتیو ئارامی نێودەوڵەتی، بۆیە ئەمریکا بڕیاری لە ناوبردنی ئەو رژێمەی دا، بۆ ئەم مەبەستەش ئۆپۆزسیۆنی عێراق، دەستیانکرد بە خۆئامادەکردن، بۆ قۆناغی دوای رووخانی رژێم، کوردیش وەك بەشێکی سەرەکی لە ئۆپۆزسیۆن بە شێوەیەکی کارا لەکۆنگرەکانی لەندەنو سەلاحەدین بەشداریکردو دواتر لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، شانبەشانی ئەمریکاو هاوپەیمانان بەشداریکرد، ئێستاش کورد لە دەسەڵاتی ناوەندیدا بەشدارە لە چواچێوەی عێراقی فیدراڵدا.[1]

١٥١– ئەم بابەتە بەپوختی لەتێزی دکتۆراکەی عەزیز بارزانی. وەرگیراوە.

# هەندێك ڕووداوی گرنگی مێژوویی
# لەساڵی (٦٣٧) ڕۆژگاری داگیرکاری عەرەب-
# هەتا ساڵی ١٩٩٩)

*- ساڵی ٦٣٧ زاینی: یەکەمین شەڕی نێوان خێڵە عەرەبە موسڵمانەکانو کوردەکان.

*- ٦٣٩ شەڕی نێوان کوردو عەرەبەکان لەخوراسان.

*- ٦٤٣ داگیرکردنی شارەزوور لەلایەن عەرەبەکانەوە. سەرەتای مسوڵمانکردنی کوردەکانو بەشداریکردنیان لەبزوتنەوەی خەواریجی.

*- ٦٥٣ ڕاپەڕینی کوردەکان لەدینور.

*- ٦٥٨ ڕاپەڕینی کوردەکان لە حەلوان.

*- ٧٠٠- ٧٠٥ بەشداریکردنی کوردەکان لەڕاپەڕینی خەواریجەکان لەشاپوور.

*- ٧٠٢ ڕاپەڕینی کوردەکان لە فارس.

*- ٧٦٤- ٧٦٧ ڕاپەڕینی کوردەکان لەموسڵو هەمەدان.

*- ٨٣٩ ڕاپەڕینی کوردەکان لەموسڵ.

*- ٨٤٦ بەرخۆدانی کوردەکان لەناوچەکانی ئیسفەهان، جبالو فارس.

*- ٨٩٧ ڕاپەڕینی کوردەکان لەموسڵ.

*- ٩٠٦ ڕاپەڕینی کوردەکانی هزبانی بەڕابەرایەتی محمد ئیبن بیلال.

*- ٩٠٧ ڕاپەڕینی کوردەکانی جەلالی لەناوچەی موسڵ.

*- ٩٥١- ١٠٨٨ ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی شەددادیەکان.

*- ٩٦٩- ١٠١٥ ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی حەسەن واییەکان.

*- ٩٧٩- ١٠١٤ فەرمانڕەوایەتیکردنی بەدر حەسەن وایە.

*- ٩٨٥- ١٠٨٥ ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی مەروانیەکان.

*- ١٠١٠- ١٠٦١ دەسەڵاتداریێتی ئەحمەد ئیبن مروان (ناسر الدولە.)

*- ١٠٢٠- ١٠٢٩ یەکەمین شەڕوپێکدادانی کوردەکان لەگەڵ تورکەکانی سەلجووقی.

*- ١٠٤٦ داگیرکردنی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان لەلایەن سلجوقیو تورکمانەکان.

*- ١١١٩- ١١٢٢ ڕاپەڕینی کوردەکان دژبە سلجوقیەکان.

*- ١١٢٠ دروستکردنی ولایەتی کوردستان لەبەهارو جبال، بەڕابەرایەتی سلێمان شای ئەیوبی.

*- ١١٣٨- ١١٩٣ سەلاحەدینی ئەیوبی دامەزرێنەری فەرمانڕەوایەتی کوردانی ئەیوبی.

*- ١١٣٩- ١١٤٤ لەشکرکێشی زنگیان دژ بەکوردەکان.

*- ١١٦٩- ١١٩٣ فەرمانڕەوایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی لەمیسرو سوریاو دیاربەکرو یەمەن.

*- ١١٨٥ شەڕی نێوان کوردەکانو تورکەکان.

*– ١٢١٧ کوردەکـــانی زاگـــرۆس ســـوپای خـــوارزم شـــایان تێکشکاند.

*– ١٢٣١ سەرەتای هێرشی مەغۆلیەکان بۆ کوردستان.

*– ١٢٤٥ هێرشی مەغۆلیەکان بۆسەر (هەرێمی) شارەزوور.

*– ١٢٥٢ هێرشی مەغۆلیەکان بۆ سەر دیاربەکر.

*– ١٢٥٧ داگیرکردنـــــی ولایـــــەتی کوردســـــتان لەلایـــــەن مەغۆلەکانەوە.

*– ١٢٥٨ هێرشـــی مەغۆلـــەکان بەڕابەرایـــەتی هۆلاکـــۆ، بۆســـەر بەغدادو خۆڕاگری ئەربیل.

*– ١٢٥٩– ١٢٦٠ داگیرکردنی زۆرینەی خاکی کوردستان لەلایەن مەغۆلیەکانەوە.

*– ١٣١٣ زاڵبوون‌و جێگیربوونی حکومـەتی دەسـەڵاتی مـەغۆلی بەسەر کوردستاندا.

*– ١٤٠١– ١٤٩٤ لەشکرکێشی تەیموری لەنگ دژ بەکوردەکان.

*– ١٤٧٠ ڕزگاربوونی جەزیرە لەژێر دەسەڵاتدارێتی قویوبلو.

*– ١٥١٤ (٢٣– أوت) شەڕی چاڵدێران، سەرەتای دابەشـکردنی کوردستان لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌و ئێرانی.

*– ١٥٥٥ پەیماننامەی نێوان تورکیاو ئێران– کوردستانی سەرو و کوردستانی باکوری خۆرئاوا خرایە سەرتورکیاو بەشی خۆرهـەڵاتی کوردستانیش خرایە سەر ئێران.

*- ١٥٦٦- ١٥٧٨ ڕاپەڕینی بادینان.

*- ١٦٠٥ - ١٦٠٦ ڕاپەڕینی هۆزەکانی مەحموودی.

*- ١٦١٦ ڕاپەڕین لە سلّماس.

*- ١٩٣٩ دیاریکردنی هێڵی سنووری تورکیاو ئێران، هێڵی دابەشکردنی کوردستان.

*- ١٦٥٥ ڕاپەڕینی ئێزدییەکان لە دیاربەکر.

*- ١٦٩٩ ڕاپەڕینی میر سلێمان بابە لە بانە.

*- ١٧٢٧ داگیرکردنی کوردستانی خۆرهەڵاتو لوڕستان لەلایەن تورکیاوە.

*- ١٧٣٢ گێڕانەوەی کوردستانی خۆرهەڵات بۆ ژێر دەسەڵاتداریێتی ئێران.

*- ١٧٤٣- ١٧٤٤ ڕاپەڕینی کوردەکانی دنبلی لە خوییو سلّماس.

*- ١٧٤٦ پەیماننامەی نێوان تورکیاو ئێران بۆ جەختکردنەوە لەسەر دیاریکردنی سنوروی ساڵی ١٦٣٩ .

*- ١٧٥٦/١٧٥٧- ١٧٩٠/١٧٩١ حکومەتی خەسرەو خان لە ئەردەڵان.

*- ١٨٠٣- ١٨١٣ عەبدولرەحمان ئەمیری بابان.

*- ١٨٠٦- ١٨٢٥ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شۆڕگێڕی لە بادینان.

*- ١٨١٣ مير محمد خۆی بەفەرمانڕەوای سۆران دیاریکرد.

*- ١٨١٨ مير محمد سەربەخۆیی میرنشینی سۆرانی ڕاگەیاند.

*- ١٨٣٣- ١٨٣٤ لوتکەی سەرکەوتویی سەربازیو سیاسی مير محمدی سۆران.

*- ١٨٣٤- ١٨٣٦ سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی سۆرانی سەربەخۆ ( میرنشینی سۆرانی سەربەخۆ)

*- ١٨٣٤- ١٨٣٩ قۆناغی یەکەم داگیرکردنی کوردستان لەلایەن تورکەکانەوە.

*- ١٨٣٤ ڕاپەڕینی شۆڕشی بەدرخان بەگ لەبۆتانو جەزیرە، هەروەها شۆڕشی (نورالله بەگ)یش لەحەکاری.

*- ١٨٤٧ بەکۆتا گەیاندنی داگیرکاری کوردستان لەلایەن تورکەکانەوەو شکستهێنانی بەدرخان بەگ.

*- ١٨٤٧ (١٩- ٣١ مە) پەیماننامەی ئەرزرۆم لەنێوان تورکیاو ئێران ـ بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنووریەکان.

*- ١٨٤٧- ١٦٤٩ سەرکوتکردنی شۆڕشی مەحموود خانو نورالله بەگ.

*- ١٨٥٤- ١٨٥٥ ڕاپەڕینی شۆڕشی یەزدان شیچر.

*- ١٨٦٥ کۆتایهاتنی کاری لیژنەی دیاریکردنی سنووری نێوان ئێرانو تورکیا- داڕشتنەوەی سنوور.

*- ١٨٦٩ پەیماننامەی نێوان ئێرانو تورکیا سەبارەت

بەهێشتنەوەی ئەو بارودۆخەی هەیە، هەتا چارەسەرێکی بنبڕ بۆ ئەو ناکۆکیانە دادەنرێت کە سەبارەت بەدیاریکردنی سنوورن.

*- ١٨٧٧- ١٨٧٨ هەڵایسانی شۆڕشی کوردەکان لەهەکاریو بادینانو بۆتان.

*- ١٨٨٠ شۆڕشی شێخ مەحموودی نەهری.

*- ١٨٨٢ بەدیل گیرانی شێخ عەبدوڵڵا.

*- ١٨٨٩ ڕاپەڕین لەبەدلیس.

*- ١٨٩١ سەرەتای دروستبوونی حەمدیە.

*- ١٨٩٤- ١٨٩٦ جینۆسایدکردنی ئەرمەنیەکان لەتورکیا.

*- ١٨٩٨ بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) سەرەتای بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوە بەزمانی کوردی.

*- ١٩٠٢ یەکەمین کۆنگرەی تورکە لاوەکان لەپاریس بەبەشداری کوردەکانی تاراوگە.

*- ١٩٠٨- ١٩٠٩ شۆڕشکردن دژبە ڕژێمی تورکەکان لەکوردستانی تورکیا: ئیبراهیم پاشا لەجەزیرەو بۆتانی دەرسیم. لەعێراقیش لەسەر سنووری نێوان تورکیاو ئێران شۆڕش دەستی پێکرد.

*- ١٩٠٩- ١٩١٠ شۆڕشی بارزانیەکان بەڕابەرایەتی عبدولسەلام بارزانی، شۆڕشی هۆزەکانی بایزیدیو بەتلیسیش بەڕابەرایەتی کور حسێنو موسا بەگ.

*– ١٩١١– ١٩١٠ هەڵایسانی شۆڕشی کورد دژبە دەوڵەتی ئێران.

*– ١٩١٢ لەتورکیا کۆمەڵەی هیواو لەئێرانیش (هنجاندنی) ڕۆشنگەری دروستبوو.

*– ١٩١٣ دروستبوونی کۆمەڵەی کوردستان لەئێران‌و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) (هەتاوی کورد)

*– ١٩١٣ (١٧ نۆڤەمبەر) مۆرکردنی پرۆتۆکۆڵی دیاریکردنی سنوور لەنێوان ئێران‌و تورکیا لەئەستەمبوڵ‌و دەستبەکاربوونی کۆمیسیۆنی تایبەت بەدیاریکردنی سنوور.

*– ١٩١٤ هەڵایسانی شۆڕش لە بەدلیس بەڕابەرایەتی (مەلا سەلیم) لەباشووری کوردستانیش شۆڕش بەڕابەرایەتی (عەبدولسەلام بارزانی) بەرپابوو.

*– ١٩١٥ کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان لەتورکیا.

*– ١٩١٥ ڕێکەوتنی وڵاتانی کۆلۆنیالی سەبارەت بە قستنتینیەو گەرووەکان‌و ناوچەی بێلایەنیش لەئێران درایە ژێر دەسەڵاتداریێتی بریتانیا.

*– ١٩١٥– ١٩١٦ دوور خستنەوەو ڕاگواستنی کوردەکان لەئەنازۆڵی خۆرهەڵات.

*– ١٩١٥ ـ ١٩١٦ داگیرکردنی کوردستانی ئێران لەلایەن سوپای ڕوسیاوە.

*- ١٩١٦ (سـپتمبر) ڕێکەوتننامـەی (سـایکس بیکـۆ) بـۆ دابەشکردنی بەشی ئاسیایی دەوڵەتی تورکیا (لەمانەش کوردستان)

*- ١٩١٧ (لەهاوینو پایزدا) یەکێتی روسیا لەگەڵ ڕابەرانی کورد لەئێران.

*- ١٩١٧- هـەتا ١٩١٨ ململانێـی نێـوان بریتانیـاو تورکیـا لەسەرخاکی خۆر هەڵاتو خوارووی کوردستان.

*- ١٩١٨ (٣٠ ئۆکتۆبەر) مۆرکردنی پەیمانی مودەرس. لـەنێوان تورکیاو وڵاتانی کۆلۆنیالی، هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

*- ١٩١٨ (١ نۆڤەمبـەر) دەوڵـەتی ئینگلیـز مـەحموود بـەرزنجی (شێخ محمودی) وەك حاكمی ناوچەی سلێمانی بەڕەسمی ناساند.

*- ١٩١٩ یەکـەمین بزوتنـەوەی شۆڕشـگێڕی کوردەکـان دژبـە کەمالیستەکان لەمەلاتیە.

*- ١٩٢٠ (ئۆریۆل- مە) کۆنفرانسی هاوپەیمانان لە(سان ریمـۆ) دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان دوای جەنگی جیهانی یەکەم.

*- ١٩٢٠ (١٠ أوت) بەسـتنی پـەیمانی ئاشـتی سـور (سـلڤەر) لـەنێوان وڵاتـانی کۆلۆنیـالی و تورکیـا - بەفـەرمی ناسـاندنی مـافی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆی.

*- ١٩٢٠- ١٩٢١ بـەرپابوونی شۆڕشـی کوردەکـان لەناوچـەی کۆشگری دەرسیمی تورکیا.

*- ١٩٢١ بەسـتنی یەکـەمین کـۆنگرەی کوردەکـانی ئـەرمێنیای یەکێتی سۆڤیەت.

*– ١٩٢٢ (بـەهارو زسـتانی) ئیسـماعیل ئاغـای سمکـۆ خـۆی بەپاشای کوردستان ڕاگەیاند.

*– ١٩٢٢ (سێپتەمبەر) جارێکی دیکە شێخ مـەحموود بـەرزنجی کرایە فەرمانڕەوای سلێمانی.

*– ١٩٢٣ دروسـتبوونی ناوچـەی میللـی کوردنشـین. لـەکۆماری سۆڤێتی سۆسیالیستی– لە ئازەربایجان.

*– ١٩٢٣ (٢٤ ژوئیە) پەیمانی ئاشتی (لۆزان) بووە جێگـرەوەی پەیمانی ( سلڤەر)و مافی چارەی خۆنوسینی کورد وەلانرا.

*– ١٩٢٣ دروســتبوونی کۆمەڵــەی ســەربەخۆیی کوردســتان (ئازادی) بەڕابەرایەتی خالید بەگ جبرئیلی.

*– ١٩٢٤ سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوەی تازەی سمکۆ.

*– ١٩٢٥ سۆڕشــی کوردەکــانی تورکیــا بەڕابەرایــەتی شــێخ سەعیدی پیران.

*– ١٩٢٥ (سێپتەمبەر) کۆمەڵی نەتەوەکان سەبارەت بەولایەتی موسڵ چەند بڕیارێکی دەرکرد.

*– ١٩٢٦ هەڵایسـانی شۆڕشـی سـالار دولـەو جەعفـەر سـوڵتان، لەکوردستانی خۆرهەڵات.

*– ١٩٢٦ (١١ مارس) ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان (نەخشە ڕێگای بروکسل) سنووری ولایەتی موسڵی لـەنێوان تورکیـاو عێراقـدا دیاریکرد.

*– ١٩٢٦ (٥ ژوئین) پەیماننامەی (ئەنکەرە) لەنێوان بریتانیاو عێراق‌و تورکیاو دەستپێکردنی چالاکی هاوبەش دژبە کوردەکان.

*– ١٩٢٦ (٢٢ ئۆکتۆبەر) پەیماننامەی (تاران) لەنێوان تورکیاو ئێران ـ کە ناوەڕۆکەکەی سەبارەت بەدوژمنایەتیکردنی بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی کورد بوو.

*– ١٩٢٧ دروستبوونی بزوتنەوەی (خۆیی بوون) سەربەخۆیی، ڕابەرایەتیکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردەکانی تورکیا.

*– ١٩٢٧– ١٩٣١ شۆڕشی کوردەکانی ئارارات ـ لەتورکیا.

*– ١٩٢٩ ڕاپەڕینی کوردەکانی خوراسان بەڕابەرایەتی (زلفو)

*– ١٩٢٩– ١٩٣٠ سەرکوتکردنی شۆڕشی سمکۆ خان لەئێران.

*– ١٩٣٠ نەهێشتنی ناوچەی میللی (نەتەوەیی) کوردستان، لەکۆماری سۆڤێتی سۆسیالیستی لەئازەر بایجان.

*– ١٩٣٠– ١٩٣١ سەرکوتکردنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردەکانی غێراق لەناوچەی سلێمانی بەڕابەرایەتی شێخ مەحموود بەرزنجی.

*– ١٩٣١– ١٩٣٢ سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانی.

*– ١٩٣٢ کۆتایی ئینتیدابی بریتانی لەسەر عێراق.

*– ١٩٣٥– ١٩٣٦ شۆڕشی خەلیل خۆشەوی.

*– ١٩٣٦ ڕاپەڕینی ئێزدییەکانی شنگال بەڕابەرایەتی داود داود.

*- ١٩٣٥- ١٩٣٦ شـۆڕش لەدەرسـیمی تورکیـا، بەڕابەرایـەتی سەید ڕەزا.

*- ١٩٣٧ دوورخستنەوەی کۆمەڵێك کوردی قـەفقازیو ئاسـیای ناوەڕاستو کازاخستان.

*- ١٩٣٧ (ژوئین) شۆڕشی بزوتنەوەی کوردەکانی سـوریا دژبـە نادادپەروەری حکومەتی داگیرکەری فەرەنسی.

*- ١٩٣٧ (ژوئیە) بەستنی پەیماننامەی (سەعد ئابـاد) لـەنێوان تورکیـاو ئێـران - عێـراقو ئەفغانسـتان، کەناوەڕۆکەکـەی چـەند بڕیارێکی دژبە بزوتنەوەکانی کورد بوو.

*- ١٩٣٩ ڕاپەڕینی کوردەکانی سەردەشت لەئێران.

*- ١٩٣٩ دروســتبوونی ڕێکخــراوی کــوردی بــەناوی (ژیــانی کوردستان)( ژ . ك) لە مهاباد.

*- ١٩٤١ (ئوریل) بزوتنەوەی کوردی لە ئورمیێ.

*- ١٩٤١ هـاتنی سـوپای سـۆڤێتو بریتانیـا بـۆ کوردسـتانی خۆرهەڵات.

*- ١٩٤٣ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (نیشـتیمان) لەلایـەن ئۆرگـانی کۆمەڵەی ( ژ.ك)ەوە.

*- ١٩٤٣- ١٩٤٥ شۆڕشـی کوردسـتانی باشـوور بەڕابەرایـەتی مەلا مستەفای بارزانی.

*- ١٩٤٥ دروسـتبوونی حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران (حدکا) لە مهاباد.

*- ١٩٤٦ (٢٤ ژانۆیە) ڕاگەیاندنی خودموختاری لە مهاباد.

*- ١٩٤٦ (١٦ ئاوت) دروستبوونی حزبی دیموکراتی کوردستان (حدك) لە کوردستانی عێراق.

*- ١٩٤٦ لەسێدارەدانی ئەفسەران: مستەفا خۆشناو، عززەت عەبدولعەزیز ، خێرللە عەبد کریمو مەحموود قودسی.

*- ١٩٤٦ (دیسامبەر) لەناوبردنی خودموختاری مهابادو سەرکوتکردنی بزوتنەوەی میللی دیموکراتی کوردەکانی ئێران.

*- ١٩٤٧ (مارس) لەسێدارەدانی قازی محەمەدو هەموو لێپرسراوانی دیکەش.

*- ١٩٥٥ (٢٤ فوریە) مۆرکردنی (پەیمانی بەغداد) کوردستان بووە زەمینەی (شەڕی سارد)

*- ١٩٥٧ (ژوئیە) دروستبوونی حزبی دیموکراتی سوریا.

*- ١٩٥٨ (ژوئیە) ڕوخانی سیستمی پاشایەتی لەعێراقو ڕاگەیاندنی کۆماری عێراق، بەڕابەرایەتی عەبدولکەریم قاسم.

*- ١٩٦١ (١١ سیپتمبر) سەرەتای شۆڕشی کوردستانی لەعێراق بەڕابەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی.

*- ١٩٦٢ (نۆڤەمبەر) لێساندنەوەی مافی هاوڵاتیبوون لە (١٢٠) هەزار کوردی کوردستانی سوریا.

*- ١٩٦٣ (٨ فوریە) کودەتای حزبی بەعس لەعێراقو سەرەتای دەستپێکردنی گفتۆگۆکردن لەگەڵ کوردەکانو وازهێنان لەشۆڕشو شەڕکردن.

*– ١٩٦٣ (٨ نۆڤەمبەر) بەستنی کۆنگرەی گشتی کوردی لە کۆیە.

*– ١٩٦٣ (١٠ ژوئین) دەستپێکردنی شەڕ لەکوردستانی سوریا.

*– ١٩٦٣ (١٨ نۆڤەمبەر) لەناوبردنی ڕژێمی بەعسی لەعێراق لەلایەن سەربازانی عەبدولسەلام عارف.

*– ١٩٦٤ (١٠ فوریە) ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەگەڵ شۆڕشی کوردەکانی عێراق.

*– ١٩٦٥ دروستکردنی حزبی دیموکراتی کوردستان لەتورکیا.

*– ١٩٦٦ (ئوریل– مە) شکستهێنانی سوپای دەوڵەتی عێراق لەناوچە شاخاویەکانی زۆزكو هەندرێن– سەرەتای گفتگۆکردنی ئاشتی لەگەڵ کوردەکان.

*– ١٩٦٦ (٢٩ ژوئن) مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی بەزاز لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی، بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لە عێراق.

*– ١٩٦٧– ١٩٦٨ بەرپابوونی شۆڕشی کوردەکانی ئێران بەڕابەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

*– ١٩٦٨ (١٧ ژوئین) دووبارە دەسەڵاتگرتنەوە دەستی عێراق لەلایەن بەعسیەکانەوە.

*– ١٩٧٠ (١١ مارس) دەرکردنی بەیانی (١١)ی ئازار سەبارەت بەچارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لەعێراق.

*- ١٩٧٣ دروستكردنی (بەرەی میللی نیشتیمانی پێشکەوتووخواز) لەعێراق.

*- ١٩٧٤ دامەزراندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە تورکیا (ڕێگای ئازادی)

*- ١٩٧٤ (مارس) پابەند نەبوونی حکومەتی عێراقی بەقانونی ژمارە (٣٣)ی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عراق، سەرەتای سەرهەڵدانەوەی شەڕ لەناوچەکە.

*- ١٩٧٥ (٦ مارس) ڕێکەوتننامەی جەزایر لەنێوان عێراقو ئێران. هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردی.

*- ١٩٧٦ دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەڕابەرایەتی جەلال تاڵەبانی.

*- ١٩٧٦ درێژەدان بەشۆڕشی ڕزگاری کوردستان لەژێر ڕابەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

*- ١٩٧٨ دامەزراندنی حزبی کرێکارانی کوردستان ( pkk)

*- ١٩٧٩ پێشنیارکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێران لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

*- ١٩٨٤ سەرەتای بەرپابوونی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستانی تورکیا، بەڕابەرایەتی حزبی کرێکارانی کوردستانی تورکیا.

*– ١٩٨٦ (مارس) یەكگرتنی سێ حزبی كوردی لەكوردستانی سوریا ـ لەچوارچێوەی یەكێتی دیموكراتی كوردستانی سوریا.

*– ١٩٨٨ (١٦ مارس) كیمیاوی بارانكردنی شاری هەڵەبجە لەلایەن هێزی ئاسمانی دەوڵەتی عێراق.

*– ١٩٨٩ (ژوئیە) تیرۆركردنی عەبدولرەحمان قاسملو، سكرتێری حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لە ڤیێننا.

*– ١٩٩١ (فوریە) ڕاپەڕینی جەماوەری سەرتاسەری لەكوردستانی عێراق.

*– ١٩٩١ بلاٌوكردنەوەی كتێبی سەركوتكردنی خەڵكی كوردستان– عێراق، لەلایەن سوپای عێراقەوە. لەنووسینی (مارس ئۆڕێل)

*– ١٩٩٢ (١٩ مە) هەڵبژاردنی پەرلەمان لەكوردستانی عێراق.

*– ١٩٩٢ (سیپتمبر) تیرۆركردنی سادق شەرفكەندی. سكرتێری حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانو هاوەڵەكانی لە بەرلین.

+ ١٩٩٤ (مە) سەرەتای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان حزبی دیموكراتی كوردوستانو یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان - لەكوردستانی باشوور.

*– ١٩٩٨ (سیپتمبر) ڕێككەوتننامەی ئاشتی لەنێوان یەكێتی نیشتیمانی كوردستانو پارتی دیموكراتی كوردستان، سەبارەت بەچارەسەركردنی كێشەكانی ناوخۆی كوردوستانی عێراق (بەنێوەنگیری وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا)

*- ١٩٩٨ (ئۆکتۆبەر) بەدەرنانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سکرتێری حزبی کرێکارانی کوردوستانی تورکیا ـ لەسوریا.

*- ١٩٩٩ (فوریە) ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەنایرۆبی (کینیا) لەلایەن هێزی تایبەتی تورکیاوە.

*- ١٩٩٩ (٢٩ ژوئین) دادگای تورکیا لەدوورگەی ئیمراڵی حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا سەپاند.

**سەرچاوە :**

**(تاريخ كردستان : مولفان : م. س. لازاريف.ـ ش. خ. محوى. ى . اى. واسيليەوا ـ م. أ. حسرتيان. او. اى. ژيگالينا. ترجمه: منصور صدقى. كامران أمين أوە. نشره: رداكتورها. مۆسكۆ ١٩٩٩ ص (٢٧٤)**

# ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەتـوانین گـرنگترین هۆکارەکـانی دروسـتنەبوونی دەوڵـەتێکی یـەکگرتووی کـوردی بـۆ ئـەم خاڵانـە بگێڕینەوە:

١- سنووری جوگرافیای کوردسـتان هاوسـنوورە لەگـەڵ وڵاتـانی عێراقـی عـەرەبی‌و ئێـران‌و تورکیـاو سـووریا، یـان بـە واتایـەکی تـر نـەبوونی سـنوورێکی ئـاویی کـە ببیەسـتێتەوە بـە جیهـانی دەرەوە ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە دیـاریکردنی چارەنووسـی کـوردو کوردسـتاندا گێڕاوە.

٢- نەبوونی ئیرادەیەکی یەکگرتووی تۆکمە لە ناو سەرکردەکانی کورددا، بەتایبەتی لە سەروبەندی ڕێکەوتننامەکاندا.

٣- هۆکاری ئایینی: کوردەکان زۆرینـەیان موسـڵمانن‌و سـەر بـە ئـایینی ئیسـلامن، لـەم ڕووەوە هاوسـۆز بـوون لەگـەڵ گـەلانی دراوسێیدا، ئەمەش زۆرجار وەك چـەکێك بـۆ فریـودانی کـورد بـەکار هاتووە.

٤- نەبوونی ئابوورییـەکی تۆکمـە بـۆ پەرەپێـدان‌و بـەڕێوەبردنی خۆی.

٥- نەبوونی شارەزایی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتداری‌و سیسـتەمی دەسەڵاتداریدا.

٦- بوونی کانزاو زۆری نەوت لـە خاکەکەیـدا، هەمیشـە جێگـەی

بایەخی دەوڵەتانی دراوسێ و وڵاتانی ئیمپریالیست بووە.

٧- هاوتانەبوونی چەك و جبەخانەو کەرەستە شەڕییەکان لەکاتی رووبەروبوونەوەکاندا.

٨- بوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەرەبەگایەتی، کە وای لە کۆمەڵگای کوردی کردووە، هەر ناوچەیەك سەر بە هۆزێك یان میرنشینێك بێت و نەتوانرێت لەژێر چەتری یەك سەرکردایەتیدا کۆ بکرێنەوە، وەك دەرەنجامێکی ئەم سیستەمەش خیانەتکردن وەك دیاردەیەکی باوی ناو شۆڕشەکانی کوردی لێهاتووە.

٩- دەوڵەتانی دراوسێ بە پێچەوانەی کوردەوە هەمیشە پلوپایان کردووە بۆ داگیرکردنی کوردستان و لە رێکەوتنامەکاندا خیانەتیان لێکردووە.

## فەرهەنگۆك:

داوێژ، داژەر: تعبير

وارەیی: فەرمی

هەلەك: محور

ماکیی‌و مینۆکی: ماددی‌و مەعنەوی

بێژیا (خگبە): وتاری هەینی

بەوەنەس :جدی

جیامەند :ممیز

وەژەن :صفت

راسەڵ: راستەقینە

دەمەن: زەمەن،زەمان

ڕەوێڵ :سلوك ،رەفتار

داژدە :ملك

هەنا :نفوز

دڵکاوی: رەزامەندی

دەنیاتە: خیانت

گاجە: رعیت، بەرپرس

ئۆڵ: مەزهەب

ماك: ماددە

نیارە: راپۆرت

بەستنەوە: ئینتما

دڵگاو: رازی

نەخش: ڕۆڵ

نیارە: هەوڵ

کارینە: فعلی

پێدزە: نفوز

پاوەری: زەمانەت

دینا: فتوا

پلوپا: هەوڵو تەقەللا

پەسڵان: حشر، ڕۆژی دوایی

## سەرچاوەکان

١- چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی دێرینی ئاری نەژادو پاشماوەی شوێنەوارەکانیانو ئاینزایان لەکوردستاندا. بەرگی دووەم. نووسینی کۆمەڵێك نووسەر. وەرگێڕانی: کەمال نوری مەعروف. خانەی موکریانی بۆچاپو بڵاوکردنەوە. چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١ لاپەڕە (٥٧) (الجودی: واتا: گودی)

٢- نەبەز مجید ئەمین: کوردۆلۆجی، کۆوانەکانی لەبەشی مێژووی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی.(٢٠٠١- ٢٠٠٢)

٣- میر شەرەفخانی بەدلیسی. شەرەفنامە. وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار. دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس. چاپی سێهەم. هەولێر ٢٠٠٦ ل٩٣

٤- دەربارەی دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان. نووسینی: پرۆفیسۆر ئازاد نەقشبەندی. گۆڤاری سیاسەتی دەولی. ژمارە ٢ ساڵی سێهەم تەمووزی ١٩٩٤ ل١١

٥- جوگرافیای کوردستان. نووسینی: عەبدوڵڵا غەفوور. دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی. چاپی پێنجەم. دهۆك. ٢٠٠٨ ل١٥

٦- چەردە باسێك لەبارەی کوردانەوە. نووسینی: میهرداد ئێزدی. وەرگێڕانی: ئەمین شوان. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی ٢٠٠٧ ل٢٣

٧- کوردستانو کورد. نووسینی: عەبدولڕەحمان قاسملو. وەرگێڕانی: عەبدوڵا حەسەن زادە. بنکەی پێشەوا ١٩٧٣ ل٤٠

٨- محەمەد ئەمین زەکی بەگ. خۆلاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان

لەزۆر قەدیمەوە تا دەوری ئیمڕۆ. ئامادەکردنی: ڕەفیق صالح. بنکەی ژین ٢٠٠٦ ل ١

٩- مێژووی راپەرینی کورد لە تورکیا. خالید عەلی فەرج. ماڵپەری کورد پێنوس penusikurd.dk، ٣٠١٠-٢٠٠٧

١٠- میرنشینی سۆران. نووسینی: ئومێد خەتاب. گۆڤاری چەرمۆ. ژمارە(٣) ساڵی یەکەم ٢٠٠٧ ل٨

١١- لەئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، دۆکیومێنتی ژمارە fo.371-5068) لەساڵی ١٩٢٠

١٢- خالید عەلی فەرج، مێژووی خەباتی سیاسی کورد لە تورکیا، ماڵپەری کورد پێنوس penusikurd.dk ٢-١١- ٢٠٠٧

١٣- مانیفێستۆی چارەسەری دیموکراتییانە بۆ کێشەی کورد. نووسینی: عەبدوڵلا ئۆجەلان. ل١٤

١٤- کوردایەتی وسەربەخۆیی. نووسینی: ژیر. چاپی یەکەم. سلێمانی ٢٠٠٢ ل٢٨

١٥- ڕامانێك لەسیستمی خێڵایەتی لە کوردستاندا. نووسینی: کامەران محەمەد. گۆڤاری نوێبوون. ژمارە(٣) مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی(ی.ن.ك) ٢٠٠٨ ل٢٤٧

١٦- کوردو عەجەم. نووسینی: نەوشیروان مستەفا ئەمین. ل١٨٨-١٨٩

١٧- کۆمەڵگای کوردەواری لەدیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا. نووسینی: بەدرخان سندی. وەرگێڕانی: ئیسماعیل أبراهیم. دەزگای توێژینەوەی موکریانی ٢٠٠٨ ل٨٦

١٨- کوردستان ومەسەلەی کورد. نووسینی: د.م. لازاریف. وەرگێڕانی: د.کاوس قەفتان. خانەی ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی. بەرگی

یەکەم. بغداد ١٩٨٩ ل٥٢
١٩- چەند لێکۆلینەوەیەك لەمێژووی بابان. نووسینی: د.کاوس قەفتان. بغداد ١٩٨٥ ل٥٥
٢٠- کوردو باکوری کوردستان لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە. نووسینی: م. رەسوڵ هاوار. ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاك ٢٠٠٢ ل١٢٣
٢١- شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ. نووسینی: مستەفا نەریمان. دار الحریە. بغداد ١٩٨٦ ل١٤٣
٢٢- پەیمانی سیڤەر- www.peshmergekan.com
٢٣- بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ عبداللەی نەهری. نووسینی: ج. جەلیل ١٩٦٣ ل٧٢
٢٤- خەبات لەرێگەی کوردستان. نووسینی:أ. خالفین. ل٦٨
٢٥- عزیزی شەمەندینی. جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان لاپەرە ٧٥
٢٦- کورد لەنێوان دووبارەبوونەوەو وەستان لەمێژوودا. نووسینی: کامەران محەمەد. گۆڤاری نوێبوون- ژمارە (٥) مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی(ی.ن.ك) ٢٠٠٩ ل٨٢
٢٧- جوگرافیای کوردستان. نووسینی: عەبدوڵا غەفور. هەولێر٢٠٠٥ ل١٥-١٩
٢٨- دەربارەی دەست نیشان کردنی سنوری کوردستان. نووسینی: ئازاد نەقشبەندی. گۆڤاری سیاسەتی دەولی- ژمارە(٢) ٣ی تەمووزی ساڵی ١٩٩٤ ل١١
٢٩- کوردستانی رۆڵی سروشتی جوگرافیو تۆبۆگرافیا لە شێواندنی

مێژوودا. نووسینی: عەتا قەرەداغی. گۆڤاری ڕێبازی نوێ ژمارە(٨) هەولێر ١٩٩٥ ل١٧

٣٠- خوێندنەوەیەکی ئیکۆلۆژیانە بۆ کەسێتی کوردی. نووسینی: عەبدولڕەحمان صدیق. گۆڤاری پەیامی ڕاستی ژمارە(٥١) ١٩٩٨ ل١٠٠

٣١- دەربارەی دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان. نووسینی: پرۆفیسۆر ئازاد نەقشبەندی. گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە ٢ی ١٩٩٤ ل١١

٣٢- کوردستان لەدەوڵەتی (ماد)ەوە بۆ دەوڵەتی مەدنیە(٨٥٣پ.ز-٦١٢ ز) نووسینی: حەسەن مەحموود حەمەکەریم. ١٩٩٧ ل٤

٣٣- مێژووی کورد لەسەدەی ١٦هەمدا. نووسینی: د.شەمسی محەمەد ئیسکەندەر. هەولێر- ١٩٩٨ل٦٤

٣٤- جەنگی چاڵدێران‌و کاریگەری لەسەر کوردستان. نووسینی: عەلی ئارات (www.penjwen.com)

٣٥- کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا. د. ولید حمدی. وەرگێڕانی: محمد نوری تۆفیق. دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم. سلێمانی ١٩٩٩ل١٨

٣٦- ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا- دۆکیومێنتی ژمارە:(Fo.375-6346)

٣٧- چرا. هزری نەتەوەیی ودروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.www.chra.tv

٣٨- چۆنیەتی داگیرکردنی کوردستان‌و دابەشکردنی. نووسینی: عومەر ئیبراهیم. ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی ستاندارد ٢٠٠٨ل٧

٣٩- كورد له سەدەی نۆزدەو بیستدا. نووسینی: كریس كۆچێرا. وەرگێڕانی:حەمە كەریم عارف ل٤٦

٤٠- مافی نێودەوڵەتی و مافی نەتەوەكان. نووسینی: پاتریك تورنبری. وەرگێڕانی: عومەر رەسوڵ شینكی. لەبڵاوكراوەكانی: موكریانی. چاپی یەكەم. هەولێر ٢٠١٤ل٦٥

٤١- كوردستان لەساڵەكانی شەڕی یەكەمی جیهاندا. نووسینی: د.كەمال مەزهەر ئەحمەد. ل٨٣

٤٢- جرج.ن. كرزين: ايران قزيه ايران. ت.وحيد مازندراى. مركز انتشار علمىو فرهنگى- تهران١٣٦٢ص٧٠١

٤٣- خزینی دەوڵەتە ئەوروپیەكان بۆ كوردستان. نووسینی: كامەران محەمەد. گۆڤاری رێبەری پێشمەرگە. ژمارە(٨٦) مەڵبەندی رێكخستنی پێشمەرگە(ی.ن.ك) ٢٠٠٧

٤٤- - خالید عەلی فەرج، مێژووی راپەرینی كورد لە توركیا، ماڵپەری كورد پێنوس،penusikurd.dk، ٣٠-١٠-٢٠٠٧

٤٥- كوردو عەجەم مێژووی سیاسی كوردەكانی ئێران. نووسینی: سالح محمد امین. چاپی یەكەم ١٩٩٢ ل١٨٢

٤٦- له ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا- دۆكۆمێنتی ژمارە Fo371\6346 from The secretary of state for the colonies the high commissioner of Mesopotamia to 24 June 1921

٤٧- بەجیهانیبوون و كورد. نووسینی: عمر رەسوڵ شینكی. لەبڵاوكراوەكانی: وەزارەتی رۆشنبیری. ساڵی ٢٠٠٦ ل٥٨

٤٨- خەبات لەرێگەی كوردستان. نووسینی:أ. خالفین. ل٥٧٥٩

49- بەجیهانیبوون و کورد. نووسینی: عومەر رەسوڵ شینکی. لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری– بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوە. چاپی یەکەم. ساڵی ٢٠٠٦ل١١
50– دانیال متی: رویدادهای اورمیەو کردستان شمالی– دسمبر ١٩١٧ تا ژوئیە ١٩١٨ (در ارشیوهای نزام فرانسی) مجله درسات کردیە– مطالعات کردی. پاریس، مرکز تحقیقان انستیتو کرد. ص٣٨
51– فیروز منصوری، استعمار بریتانیا ومسئلة ارون درود، موسسة مطالعات تاریخ معاصر ایران– تهران. ص٣٨
52– حقوق بین المللی– وحقوق اقلیتها. نوشتة: ثاترك تونبري. ترجمة: ازیتا شمشاني– علي اكبر اقايي. انتشارات: ني . ١٣٧٦ص ٦٥
53– الأكراد- تاريخ شعب و قضية وطن : تأليف : ئەحمەد تاجالدين . الناشر: الدلر الثقافية للنشر - قاهرة . الطبعة الأولى. ٢٠٠١ ص٢٤
54– مقدمة فى تأريخ الحضارات القديمة . تأليف : طة باقر . بغداد مطبعة الحوادث . الطبعة الأولى. ١٩٧٣ - ص ٤٧٢
55– تاريخ الأكراد (٦٣٧ – ٢٠١٥ م) تأليف د . محمد سهيل طقوش .الطبعة الأولى . الناشر : دار النفائس للطباعة والنشر والتوزيع بيروت لبنان (( ٢٠١٥ )) ص ٢١
56– الامير، تأليف : نيكولاى مايكيافلى. دارالنشر : ترجمة : ص ١٤٠
57– القانون الدولى العام. الطبعة الأولى ١٩٨١ دار النهضة، ص (٣٨٠ - ٣٨١)

٥٨- الدولة. تأليف: جاك دونديو دوفابر: ترجمة: د. سموحى فوق الغادة، مكتبة الفكر الجامعى، منشورات عويدات، بيروت ، الطبعة الأولى ١٩٧٠ ص ١٥

٥٩- امبراطورية العولمة الجديدة. تأليف: مايكل هاردتو ئانتونيو نيغرى، تعريب: فاضل جتكر، مراجعة: رضوان السيد. الطبعة الأولي. العبيكان ٢٠٠٢ ص٣٥٧

٦٠- تطور الفكر السياسى. جزء الثانى. تأليف: جورج سابابن. ترجمة: جلال العروسى. دار المعارف بمصر. الطبعة الثانية. ١٩٨٤ ص ٤٠٩

٦١- القومية. الناشر: موسوعة ستانفورد للفلسفة. ترجمة: منادى عبدالباسط. حكمة: ٢٠١٧ ص ٥

٦٢- حميد الساعدي: مبادئ القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي. جامعة الموصل١٩٩٠ ص٢٩

٦٣- تأريخ الكورد القديم. د. جمال رشيد احمد، د. فوزي رشيد. دار الحكمة للطباعة والنشر اربيل ١٩٩٠ ص٧

٦٤- كلوديوس جميس ريض، الرحلة، ترجمة: بهادين نورى. بغداد ١٩٥١ص٦٣

٦٥- الموسوعة الحرة لخلق وجمع المحتوى العربي International boundary study, No94-december 30, 1969, Jordan – Syria

٦٦- كردستان والحركة القومية الكردية. تاليف: جلال طالبانى. الطبعة الثانية، بيروت ١٩٧١ص٩٣

٦٧- اضواء على قضايا دولية في الشرق الاوسط. تاليف: د.كمال مظهر احمد. دار الحرية للطباعة ١٩٧٨ص١٨٧

٦٨- لعراق في التاريخ. مجموعة من الباحثين. دار الحرية للطباعة- بغداد ١٩٨٣ ل٦١٦

٦٩- كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى. تاليف: د. كمال مظهر أحمد. ترجمة: محمد الملا عبدلكريم. مطبعة المجمع العلمي الكردي- بغداد ١٩٧٧ ل٣٤

٧٠- تاريخ العلاقات الروسية- الكردية. تاليف: خاليد مراد. ترجمة: د. اسماعيل صحاف. ص١٥

٧١- القضية الكردية في تركيا. حامد محمود عيسى. مكتبة مدبولي. الطبعة الا ولى- القاهرة ٢٠٠٢ ص٥٥

72- C.E. Bosworth, The Political and Dynastic History of the Iranian world, P24-